


رۆمان

# رۆژگارە تاریك و دژوارەكان

## كەمال سەعدی

رۆمان

# رۆژگارە تاریك و دژوارەكان

كەمال سەعدی

رۆمان

# رۆژگارە تاریك و دژوارەکان

کەمال سەعدی

هەرێمی کوردستان/ هەولێر
٢٠١٩ی زاینی

**١٤.٥ ×٢١.٥ سم**
**سەعدی، کەمال سەعدی**
**رۆمانی رۆژگارە تاریك و دژوارەکان / کەمال سەعدی/ پێداچوونەوەو رێنووس:**
**شێرزاد فەقێ / چ١، تاران، (چاپخانەی تاران)، ٢٠١٩.**
**١٩٠ لاپەڕە.**

| |
|---|
| **ناوی کتێب**: رۆژگارە تاریك و دژوارەکان |
| **بابەت**: رۆمان |
| **دانەر**: کەمال سەعدی |
| **دیزاینی ناوەرۆك و بەرگ**: سەرباز سیامەند |
| **پیتچنین**: دانەر |
| **پێداچوونەوەی رێنووس**: شێرزاد فەقێ |
| **چاپخانە**: تاران |
| **چاپ**: چاپی یەکەم، تاران ٢٠١٩ |
| **تیراژ**: ٥٠٠ دانە |
| **نرخ**: (٣٠٠٠) دینار |

**لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتیەکان ژمارەی سپاردنی (٧٩١) ساڵی (٢٠١٩)ی پێدراوە**

مافی لەچاپدانەوەی بۆ نووسەر پارێزراوە.

| بابەت | لاپەڕە |
|---|---|
| هەموو شتێك گۆڕا | ٧ |
| مام جەلالم بینی | ٣٨ |
| هەڕەشەی کوشتنم لێکرا | ٥٤ |
| چوومە دادگا | ٥٩ |
| لە هەوڵەکەم بەردەوام بووم | ٦٥ |
| لە نزیکەوە چاودێری بارودۆخەکەم دەکرد | ٧٧ |
| فاتۆر | ٨٢ |
| سەرکێشییێکی گەورە | ٨٥ |
| کێشەیان بۆ نایەوە | ١٠٧ |
| بەردەوام بووم لە هەوڵەکانم | ١١٢ |
| چاوم بە دکتۆر مستەفا زەڵمی کەوت | ١١٦ |
| عیزەت دووری ویستی بمبینێت | ١٢٤ |
| تێم قوچاند و گەڕامەوە هەولێر | ١٣١ |
| وازیان لێ نەهێنام | ١٣٧ |
| ویستم بچمە لیبیا | ١٤٣ |
| قەل چوو خەبەریش چوو | ١٤٨ |
| نامەیەکم بۆ سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان نووسی | ١٥٨ |
| سەرۆکی زانکۆ وتی عەبدی مەئموورم | ١٦٤ |
| سەرۆکی زانکۆ دەستی لە کار کێشایەوە | ١٦٧ |
| لە دکتۆرا وەرگیرام | ١٧٠ |
| عەزیز نەباتی | ١٧٩ |
| ڕۆژێکی نوێ هەڵات | ١٨٤ |

# هەموو شتێك گۆڕا

کاتێك خەڵك خەریکی پارە کۆکردنەوە بوون، من خـەریکی خوێنـدن بووم، چوار ساڵی کۆلێژی یاسام تەواو کرد، بەو هیوایەی کە بتـوانم لـە داهاتوو، درێژە بـە خوێنـدنم بـدەم، ئینجـا پشـوو بـدەم. بـەڵام تـا مـن خوێنـدنم تــەواوکرد و بەکالۆریۆســم وەرگـرت، هەنـدەی پــێ نەچــوو، خەڵکی کوردستان ڕاپەڕی و هەموو شتێك گۆڕا.

هەنــدێك لــەو قوتابیانــەی کــە لەگــەڵ مــن دەیانخوێنــد، دوای دەرچوونیان، پەیوەندییان بە حیزبەکانی بەرەی کوردستانییەوە کرد و بوونـە حـاکمی شـۆڕش. منـیش دوای دەرچـوونم، بوومـە ئەنـدام لـە سـەندیکای پـارێزەرانی عێـراق و لـە شـەقامی قـەڵات لـە باڵەخانـەی (ئەسعەدی) نووسینگەیەکی پارێزەریم کردەوە و دەسـتمکرد بـە کـاری پارێزەری، دوای ڕاپەڕینیش، بەردەوام بووم لە پیشەکەم.

لە ڕۆژی ڕاپەڕین، لە تۆڵـەی تاوانـەکانی ڕژێمـی بـەعس، خـەڵکانێك هەڵیانکوتایە سەر دامودەزگـا حکومییـەکان، دوای تـاڵانکردن و بردنـی کەلوپەلـەکانی، ئاگریانـە تێـی بـەردا. دادگـای هـەولێریش لـە تـاڵان و

سووتان بەدەر نەبوو، لە یەکەم ڕۆژەوە کەسانێك هەڵیانکوتایە سەری و دوای بە تاڵانبردنی کەلوپەلەکانی، ئاگریان تێی بەردا و سووتاندیان.

هەرچەندە، بارودۆخی ئەمنیی شاری هەولێر، لە یەکەمین ڕۆژی ڕاپەڕین زۆر باش نەبوو، هێشتان پیاوەکانی ڕژێم لە مەنزوومەی ئیستخبارات بەرگرییان لە خۆیان دەکرد. تەنانەت شوێنەکانی تریش، لەبەر ڕاوڕووتی، وەها شێوابوو، کەس بە کەس نەبوو، ئەوەی تاکو ڕۆژی پێشتر جاش و پیاوی ئەمن بوو، کلاشینکۆفێکی لە دەست گرتبوو، خۆی وەکو دوژمنی سەرسەختی حکومەت پیشان دەدا و خەریکی تاڵانکردن بوو.

لەو بارودۆخەدا، کە هەواڵی سووتان و بە تاڵانبردنی هەر دەزگایەکم لەو دەزگایانە دەبیست، خرپە لە دڵمەوە دەهات، لە دڵی خۆمدا دەموت (ئاخر سووتان و تاڵانکردنی ئەو دەزگایانە، لە زیان بەولاوە، چ سوودێکی بۆ کورد دەبێت. ئەو خەڵکە بۆ وا دەکەن، بۆ بیرێك لە داهاتوو ناکەنەوە ! ).

بەهەرحاڵ، خۆم پێ نەگیرا و بە ترس و لەرزەوە لە ماڵ چوومە دەرەوە. بەلای مەخفەری پۆلیسی ئیسکان و فرقەی فاروقی حیزبی بەعس تێپەڕیم، بینیم خەڵکانێك وەکو مۆرانە تێی بەربوونە، ئەوەی پێیان دەچوو دەیانبرد، ئەوەی پێشیان نەدەچوو، دەیانسووتاند. کە ئەم دیمەنەم بینی، لە دڵی خۆمدا وتم (ئەمە تۆزێك ڕێی تێ دەچێ، چونکە شوێنی گرتن و ئەشکەنجەدانی خەڵکێکی بێ تاوان بووە،

ئەوانەی لێرە بە بێ گوناھ ئەشکەنجەدراون، ئاگری ناخیان ناکوژێتەوە تا ئاگری تێ بەرنەدەن).

بەڵام کە گەیشتمە بەردەم ئەمیندارێتیی گشتی شارەوانی و هاوینەهەوارەکان و دامودەزگا مەدەنییەکانی تر و هەمان دیمەنم بینی، هەناسەیەکی قووڵم هەڵکێشا و لە خەفەتان مێشکم جامی کرد و نەمتوانی بیر لە هیچ شتێك بکەمەوە.

بەهەرحاڵ، یاغر یاغر بۆ بازاڕ شۆڕ بوومەوە، لەوێشەوە بەرەو دادگای هەولێر ڕۆیشتم، کە دەکەوێتە بەرامبەر باڵەخانەی جەلیل خەیات. لە نهۆمی ژێرەوەی باڵەخانەی جەلیل خەیات، کۆمپانیای ئەجهیزەی دەقیقە و شەریکەی ئەفریقی و مەکتەبەی وەتەنی لێ بوو، هەرسێکیان دەزگای حکومی بوون.

دەرگاکانیان شکاندبوو، کەلوپەلەکانیان بە تالان دەبرد. ویستم قسەیان پێ بڵێم، بەڵام دانم بە خۆم داگرت و هیچم پێ نەوتن.

چوومە ناو بینایەی دادگا، لە نهۆمی سەرەوە، ئەو شوێنەی کە کتێبخانەکەی لێ بوو، بڵێسەی ئاگرێکی گەورەم بینی، هەروەها لە کۆگای فایلەکانیش بە هەمان شێوە، تیشکی ئاگر و دووکەڵێکی زۆرم بینی. لێی نزیك بوومەوە، ویستم ئاگرەکە بکوژێنمەوە، بەڵام کار لەکار ترازابوو، هیچ شتێك بە ساغی نەمابوو. ئەو کتێبخانە نازدارە، کە دەیان سەرچاوەی یاسایی بە نرخی لە خۆی گرتبوو، ئاگریان تێی بەردابوو، زۆربەی کتێبەکانی سووتابوون.

پیره‌مێردێکم بینی، کۆمپیوته‌رێکی خستبووه سه‌ر شانی، ده‌یبرده ده‌ره‌وه، پێم وت: خالۆ ئه‌مه بۆ ده‌به‌یت، خۆ به که‌ڵکی تۆ نایه‌ت؟

وتی: کوڕی خۆم، ته‌له‌فزیۆنمان نییه، تواناشم نییه بۆیان بکڕم، زۆر حه‌زیان لێیه‌تی، بۆیان ده‌به‌مه‌وه دڵیان پێ خۆش ده‌بێت و بۆخۆیان وه‌کو منداڵی دراوسێکانمان سه‌یری فلیمی کارتۆن ده‌که‌ن.

منیش وتم: ئه‌مه ته‌له‌فزیۆن نییه، کۆمپیوته‌ره، بۆ نووسین و کاری ژمێریاری به‌کار دێت، له شوێنی خۆی دابنێوه باشتره، گوناهت ده‌گاتێ مه‌یبه.

که وام وت، له سه‌ر شانی هێنایه خواره‌وه، ویستی به زه‌وی دابدات و بیشکێنێ، باش بوو فریای که‌وتم، ده‌ستم خسته به‌ری، لێم وه‌رگرت و له شوێنی خۆیم داناوه.

چاوم گێڕا شتێك بدۆزمه‌وه، تا ئاگره‌که‌ی پێ بکوژێنمه‌وه، به‌ڵام هیچم به ده‌ست نه‌که‌وت، بۆیه به ناچاری کتێبخانه‌که‌م به‌جێ هێشت و چوومه ژووری دادگای سه‌ره‌تایی له نهۆمی خواره‌وه، له چوار دیوار و په‌نجه‌ره‌یه‌ك به‌و لاوه هیچی تیا نه‌مابوو، کورسی و مێزی دادوه‌ر و گشت که‌لوپه‌له‌کانی تری ئه‌و ژووره‌شیان بردبوو. ته‌نانه‌ت ده‌رگاکه‌شیان لێکردبۆوه‌و بردبوویان.

که ئه‌م دیمه‌نه‌م بینی، له دڵی خۆمدا وتم (چۆن دڵیان هات ده‌ست بۆ کورسی و مێزی دادوه‌ر درێژ بکه‌ن، که کێشه‌یه‌کیشیان ده‌بێت و

مافیـان دەخورێـت، بـۆ داکـۆکیکردن لـە مافـەکانیان، پـەنا بـۆ دادگـا دەهێنن، کەچی ئەم بیٚ ڕێزییەی بەرامبەر دەکەن).

لەو کاتەدا، پیاوێکی بەتەمەن هاتە چوورەوە، لـێم نزیـك کەوتـەوە، پێی وتم: دیارە تۆش وەکو من بە دوای پەڕاوەکانی دادگا دەگەڕێیت؟

وتم: ناکات تۆ بە دوای پەڕاوی کەیسەکەتدا بگەڕێیت؟!

وتـی: دوای سـاڵێك هـاتن و چـوون، حەفتـەی ڕابـردوو، دادگـا لـە بەرژەوەندیی من بڕیاری دەرکـرد، چاوەڕێی تێپـەڕبوونی دە ڕۆژەکـەم دەکرد، تاکو پلەی کۆتایی بە دەست بێنیٚ، کەچی دادگایان سووتاند و هەموو شتێکیان لەناو برد و دەبیٚ جارێکی تر لە خاڵی سفرەوە دەست پێبکەم، ئەوکاتیش خوا دەیزانیٚ شـایەتەکان شـایەتیم بـۆ دەدەن یـان نا؟

منیش وتم: بۆچی وا بیٚ ئومێدی، مادام شایەتەکانت لە ژیاندا ماون، هیچ لە مەسەلەکە ناگۆڕێـت، ئەگـەر پێویسـت بکـات لـە بـەردەم دادگـا ئامادە دەبنەوە.

وتی: خۆزگا وا بوایە، ئەو ڕۆژەی شایەتەکان لێرە چـوونە دەرەوە، ئەو کەسەی کە داوام لە دژی بەرز کردبۆوە، هەڵیکوتایە سەریان و چی خراپە پێی کردن، ئەگەر لەبەر خەڵکی نەبایە، دەشیان کوشتن.

منیش وتم: گرینگ ئەوەیە لە ژیاندا ماون.

**وتی: ئەوان پێشبینی ئەوەیان نەدەکرد، بۆیە پەشیمان بوونەوە لەوەی کە شایەتییان بۆ دام، وتیان ئەگەر لەبەر تۆ نەبوایە، دەستدرێژییان نەدەکرایە سەر.**

**ئەمەی وت و پێی وتم: ئەی تۆ بەدوای چیدا دەگەڕێیت، ناکات تۆش وەکو من بەدوای کەیسی خۆتدا بگەڕێیت؟**

**وتم: من پارێزەرم، کەیسی دەیان کەسی وەکو تۆم لەلایە، بەشێك لەو کەیسانە تەواو بووبوون، منیش وەکو تۆ چاوەڕێی وەرگرتنەوەی بڕیاری دادگام دەکرد، هەندێکیشیان، نەگەیشتبوونە قۆناغی کۆتایی، بەڵام زۆر لەگەڵیان ماندوو بووبووم. ئێستا منیش وەکو تۆ لە خەمی ئەو کەیسانەدام، نازانم چارەنووسیان چی دەبێت.**

**ئێمە لەو قسانەدا بووین، غەڵبە غەڵبێك پەیدا بوو، هەندێك گەنج هاتن و بە ناو ژوورەکان سووڕانەوە، هیچیان بە دەست نەکەوت بیبەن، بە بێ ئومێدی هاتنە دەرەوە و بە یەکدییان دەوت (پێش ئێمە کەسانی تر خۆیان گەیاندۆتە ئێرە و هەموو شتێکیان بردووە و هیچیان نەهێشتۆتەوە، تاکو زووە با بچینە فەرمانگەکانی تر، بەڵکو شتێکمان دەست کەوێت، دەنا دەبێ بە دەستی بەتاڵ بگەڕێینەوە).**

**ئیتر بەم شێوەیە، بە دڵێکی بە خەم گەڕامەوە ماڵەوە و بە درێژایی ڕێگا بیرم لە لای دادگا سووتاوەکە بوو، لە دڵی خۆمدا دەموت (دادگا هێمای دادپەروەری و سەروەریی یاسایە، کۆمەڵگەیەك دادی تیا**

نەبێت، جیاوازی چییە لەگەڵ جەنگەڵستان، ئەوەی بەهێزە خاوەن ماف دەبێت و ئەوەی لاوازیشە، هەمیشە مافخوراو دەبێت).

لە گەڕانەوەمدا لە بەردەم فەرمانگەی کارەبای هەولێر، چاوم بە مام نادر کەوت، دۆسییەیەکی گەورەی بە دەستەوە بوو، پێموت: لەم کاتە لێرە چی دەکەیت، ناکات تۆش وەکو من لە خەمی فەرمانگەکەت لەماڵەوە خۆت پێ نەگیرابێت؟

هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا وتی: لە خەفەتی ئەو خەڵکە وەختە شێت بم، دەڵێی قەت دونیایان نەبینیوە، وەکو وەحشی پەلاماری هەموو شتێك دەدەن، ئەوەی دەیبەن دەیبەن، ئەوانی تریش دەسووتێنن. وادەزانن ئەو شتانە هەمووی هی ڕژێمی بەعسن، نازانن لەوەتی ئەم عێراقە دروست بووە ئەم فەرمانگە حکومییانە هەر هەبوونە، ئەم شتانە موڵکی میللەتن، چۆن دەبێ بە تالان ببردرێن و بسووتێندرێن؟!

منیش وتم: ئەوەی ڕوویداوە، سەرەتایەکی باش نییە، ئێمە دڵمان خۆش بوو کە خەڵکی کوردستان لە دژی زوڵم و زۆرداری بەعسییەکان ڕاپەڕی، بەڵام چاوەڕێی ئەوەمان لێ نەدەکردن، پەلاماری هەموو شتێك بدەن و تەڕو وشك بەیەکەوە بسووتێنن.

ئەویش وتی: کە منداڵ بووم، باوکی ڕەحمەتیم دەیوت (نە ماشە لە دار دروست دەبێت، نە حوکمداریش لە کورد پەیدا دەبێت).

منیش وتم: پێشینان ڕاستییان وتووە، تاکو خاوەنی ئەم ئەقڵە بین، حاڵمان لەوە باشتر نابێت. بەڵام پێم بڵێ ئەم دۆسیە گەورەیە چییە هەڵتگرتووە؟

وتی: سی ساڵ زیاترە لە فەرمانگەی کارەبا کار دەکەم، بۆ یەك دانە ڕۆژیش لە کارەکەم دوا نەکەوتوومە، تەنانەت ئەو ڕۆژانەش کە نەخۆش دەبووم، بۆ خزمەتی خەڵکی شارەکەم، هەر دەوامم دەکرد. دەیان سوپاس و پێزانینم دراوەتێ، هەر شتێك پەیوەندی بەو چەند ساڵەی وەزیفەمەوە هەبێت، لە ناو ئەم دۆسییەیە. ئەمڕۆ کە زانیم هەولێر ئازاد کراوە، وەکو ڕۆژانی ئاسایی جلەکانم لەبەرکرد و بە نیازی دەوامکردن بەرەو فەرمانگەکەم شۆڕ بوومەوە. بەڵام بەداخەوە، ئەوەی من بینیم پێچەوانەی خەون و ئاواتەکانم بوو. کۆمەڵێك کەس وەکو مۆرانە کەوتبوونە گیانی کەلوپەل و دۆسییەکانی فەرمانگەکە و ئەوەی ئەقڵیان بیگرتایە، دەیانبرد و ئەوەی تریشیان دەسووتاند. منیش هەر ئەوەندەم پێکرا دۆسییەکەی خۆم هەڵگرم و بەرە و ماڵ بگەڕێمەوە.

ئەمەی وت و ڕووی تێکردم وتی: تۆ وەکو من فەرمانبەر نیت، بەم کاتە لێرە چی دەکەیت؟

وتم: منیش وەکو تۆ دڵم لای دادگا و دۆسییەکانی بوو. ئەو دۆسییانە، چارەنووسی خەڵکانێك لە خۆ دەگرێت، ئومێدێکی زۆریان پێی هەبووە. دەیانی وەکو منیش بۆ داکۆکیکردن لە مافی ئەو خەڵکە،

شەونخوونیمان کردووە تا گەیاندوومانە بەم ڕۆژە. دادگاش هەر وا، زۆر لەگەڵیان ماندوو بوونە، بەڵام بەداخەوە، کەسانێکی نەفس نزم و کاڵفام و هەلپەرست، هەڵیانکوتاوەتە سەر دادگا و ئەوی بە کەڵکیان هاتووە بردوویانە، ئەوی تریشیان سووتاندووە.

کە ئەمەم وت، هەناسەیەکی قووڵی هەڵمژی و وتی: دەبێ چەندانی تریش هەمان خەمی من و تۆیان هەبێت، ئەگەر دەمزانی وا دەبێت، قەت تەمەنای ئەم ڕۆژەم نەدەکرد.

بەهەرحاڵ، هەردووکمان یاغر یاغر بەرەو گەڕەکی ئیسکان گەڕاینەوە. لە ڕێگا چاوم بە سەید مەحموود کەوت، فەردەیەکی گەورەی بە پشتی خۆی دادابوو، ئارەقە لە هەموو لەشی دەتکایە خوارەوە، لە ماندووبوونان، لاکەی لێوە دەهات.

ڕووم تێی کرد و پێموت: مام سەید ئەو فەردەیە چییە بە کۆڵی خۆتت داوە، ناکات تۆش وەکو مام نادر دۆسییەکانی خۆتت هێنابێتەوە؟

وتی: خۆزیا دۆسییەی منیان بسووتاندایە، نەك ئەم کتێبخانە گەورەیەی ئەوقافیان بە تاڵان ببردایە!

منیش وتم: چما دەستی تاڵانچییەکان گەیشتە ئەوێش؟

وتی: نازانم ئەوانە لە کوێ پەیدا بوون، خەڵکی کوێن و لە کوێوە هاتوون، بڕواناکەم خەڵکی ئەم شارە بن، دەنا چۆن دڵیان دەهات پەلاماری ئەوقاف بدەن.

منیش وتم: ئەوانە هێـزی ئـاڕ ئـاپن، لـە لـۆژیکی ڕاوڕووتـی بـەولاوە هیچی تر نازانن، هیچ شتێك لای ئەوان پیرۆز نییە، هەر بۆیـە بـەزەییان بە هـیچ شـتێك نەهاتۆتـەوە، هـەر لـە دۆسـییەکانی دادگـا، تـا دەگاتـە ئەوقاف و شوێنەکانی تر، هیچیان لەو دەستدرێژییە نەپاراستووە.

مام نادریش وتی: مام سەید پێت نەوتین ئەم فەردەیە چی تیایە؟

وتی: ئەم فەردەیە مێژووی شارەکەمی تیایە، شاری هەولێر، شـاری سوڵتان موزەفەر و ئیبن مسـتۆفی. ئـەو شـارەی کـە هۆلاکـۆ نـەیتوانی بیبەزێنێت، بەڵام لە سایەی ئەو خەڵکە نـەزان و نەفامانـە، بـە دەسـتی خۆمان خاپوورمان کرد.

کـە گەیشـتمە ماڵـەوە، هاوسـەرەکەم لـە خۆشـی ڕاپـەڕین شـیرینی بەسەر دراوسێکان دەبەشییەوە، کە چاوی بە من کـەوت، وتـی: بۆچـی وا مڕوموچی، شتێك ڕوویداوە؟!

وتم: لـە خەفـەتی ئـەم خەڵکـە وەختـە شـەق ببـەم، ئـاخر دادگـا چ تاوانێکی هەیە، بیسووتێنن و تاڵانی بکەن!

کە ئەمەم وت، هاوسەرەکەم وتـی: وامزانـی کەسـێکتان لـە ڕاپـەڕین شتێکی بەسەر هاتووە بۆیە خەمباری.

منــیش وتم: خۆزگــا دیمــەنی ئــەم شــارە دێرینــەم بــەم شــێوەیە نەبینیبایە.

وتی: بۆچی، بێ لە دادگا، هیچ فەرمانگەیەکی تریان تاڵان کردووە؟

وتم: بڕواناکەم هیچ فەرمانگەیەکی حکومی بە سەلامەتی مابێتـەوە، دەستی تالاَنچییەکانی نەگەیشتبێتیٚ.

وتـی: لـەو خەڵکـە ڕەشـوڕووتە مـەگرە کـە وا دەکـەن، لەوانەیـە ئەوانیش وەکو من کەسێکی نزیکیان بە دەستی ڕژێمی بەعس لەدەست دابێت. دیارە تۆ لـە بـیرت چـوو، کـە سـەدام حوسـێن جـەنگی لـە دژی ئێران ڕاگەیاند، ناوی سەربازیت هات، تۆیان بردە بەرەکانی جەنگـەوە، لەتاو گیانی خۆت، لە سەربازی ڕاتکرد و لـە ترسـی پیاوەکـانی بـەعس کون نەبوو خۆتی تیا بشاریتەوە.

منیش وتم: ئەو ڕۆژانەم لە بیر نـەکردووە، تـاکو دەشمـرم لـە بـیری ناکەم، بەڵام پێم ناخۆشـە بـە نـاوی ڕاپـەڕین ئـەو فەرمانگـە حکـومی و دامـەزراوە مەدەنییانـە بسـووتێندرێن و تـالاَن بکـرێن. لـەوەتی وڵاتـی عێـراق دروسـت بـووە، ئـەم فەرمانگانـە هـەن، تەنانـەت هەنـدێکیان پێشتریش لە سەردەمی عوسمانییەکانەوە هەبوونە. ئەم شارە تەمـەنی چوار هەزار ساڵ زیاترە ڕۆژانی لەوە ناخۆشتری بینیوە، بـەڵام هـەرگیز کارەساتی وەکو ئێستای بەسەر نەهاتووە.

بەهـەرحاڵ، ئەمـەش زۆری نەخایانـد، دوای چـەند ڕۆژێـك، ڕژێمـی بـەعس بـە فڕۆکـە و تانـك و زرێپـۆش، هێرشـی کـردە سـەر شـار و شارۆچکەکانی کوردستان و زۆربەی شوێنەکانی گرتەوە، ئەم خەڵکەش لە ترسی گـرتن و کوشـتن، بـەرەو شـاخەکان و سـەر سـنوور ڕایـانکرد. خانەوادەی ئێمە و خانـەوادەی هاوسەرەکەشـم بەیەکـەوە ملـی ڕێگـای

**دەرەوەی شـــارمان گرتـــە بـــەر و بـــەرەو ناوچـــەی پیشەســـازی و دەواجنەکانی ئەحمەد ئیسماعیل هەڵکشاین و لەوێشەوە بۆ گوندی (براغ) ڕامانکرد.**

**تا گەیشتینە گوندەکە، کۆپتەرەکانی ڕژێم لەسەرمان دەسووڕانەوە و گوللە بارانی دەکردین. بە تۆپخانە دوورهاوێژەکانیشی، تۆپبارانی دەکردین.**

**هەندێك کەس کوژران و هەندێکیش بریندار بوون، هەندێك لە نیوەی ڕێگا گەڕانەوە، تواناى ڕۆیشتنیان نەما، ئێمەش لەگەڵ ئەو خەڵکە، بەو شەوە تاریکە، بە زگی برسی، بەردەوام بووین لە ڕۆیشتن.**

**ئیتر ئەوەبوو، هەزاران کەس ئاودیوی سنوورەکانی ئێران و تورکیا بـوون و ئێمـەش لـە ناحیـەی هـەریر لـە مـاڵی خـاڵۆوانم ماینـەوە تـا بارودۆخەکـە ئـارام بـۆوە. لـەو ماوەیـەش، ئەنجوومـەنی ئاسایشـی نێودەوڵەتی بڕیاری دروستکردنی ناوچەی ئارامی لە هێڵی سی و شەش دروست کرد و جارێکی تر گەڕاینەوە سەر ماڵ و حاڵی خۆمان.**

**ئـەم دۆخـە زۆری نەخایانـد، ڕژێمـی بـەعس گشـت دامـەزراوە حکومییەکانی خۆی بۆ دەرەوەی هەرێمی کوردستان کێشایەوە و هێزە عەسـکەری و ئەمنییەکانیشـی بـردە دەرەوەی شـارەکان. بەمـەش جـارێکی تـر حیزبـەکانی بـەرەی کوردسـتانی و هێـزە چـەکدارەکانیان هاتنەوە نـاو شـارەکان و لـە ماوەیـەکی کورتـدا هەڵبـژاردن کـرا، لـەناو**

پەرلەمانیش متمانە بە یەکەمین کابینەی حکومەتی هەرێمی کوردستان درا.

بەو شێوەیە، بووینە خاوەنی پەرلەمان و حکومەتی خۆمان. فەرمانگە حکومییەکانیش کەوتنەوە گەڕ و کارمەندەکان چوونەوە سەر کارەکانیان. منیش لەگەڵ پارێزەرە هاوپیشەکانم، ڕۆژانە دەچووینە ژووری پارێزەران لە دادگای هەولێر. هێشتان دادگا ئاسەواری سووتان و کاولبوونی پێوە دیار بوو، دادوەرەکانیش وەکو ئێمە، ڕۆژانە دەوامی فەرمی خۆیان دەکرد. لە ئێمە و کارمەندەکانی دادگا بەولاوە هیچ کەسی تر سەردانی نەدەکردین، مەگەر هاوڕێیەك بۆ کات بەسەربردن بهاتایەتە لامان، دەنا کەس بۆ بەرزکردنەوەی داوا ڕووی لە دادگا نەدەکرد. ڕۆژانە دەچووینە دادگا و بە گفتوگۆ و قسەی خۆش و گێڕانەوەی نوکتە، کاتەکەمان بەسەر دەبرد.

لەلایەکی تریش، بەرەی کوردستانی لە هەندێك شوێن، چەند دادگایەکی تایبەت بەخۆی بە ناوی (دادگای شۆڕش) کردبۆوە، خەڵکیان لێ دادگایی دەکرد و بڕیاریان لێ دەردەکرد.

تەنانەت، لەناو حیزبەکانی بەرەی کوردستانیش، ئەوەی دەرچووی کۆلێژی یاسا و ڕامیاری با، جا چ دەرچووی بەشی یاسا یان سیاسەت بوایە، بەناوی حاکم بانگیان دەکرد و دۆسییەی یاساییان پێی دەسپارد. خەڵکەکەش لە ڕێگای مەکتەبی کۆمەڵایەتیی ئەو حیزبانەوە ڕوویان دەکردە ئەو دادگا ناشەرعییانە و کێشەکانیان لە ڕێگای

ئەوانەوە یەکلایی دەکردەوە. ئەمەش وای کرد، دادگا حکومییەکان، کاریان کەم بێت و ئێمەی پارێزەرانیش بێ ئیش بین.

دوای پێکهێنانی حکومەت و نۆژەنکردنەوەی فەرمانگەکان و بەگەڕکەوتنەوەیان، وردە وردە ڕۆڵی دادگا ناشەرعییەکان کەم بووە. هەر لەو ماوەیەدا، من و چەند پارێزەرێکی کوردی زان، بە خۆبەخش دەستمان کرد بە وەرگێڕانی ئەو فۆرمانەی کە دادگا ڕۆژانە کاری پێدەکردن. دواییش قادر جەباریی وەزیری داد کە بەمەی زانی بەدوای ناردین، فەرمانێکی وەزاری بۆ دەرکردین و داوای لێ کردین، کە گشت فۆرمە فەرمییەکانی دادگا بۆ زمانی کوردی وەربگێڕین، وەك هەنگاوی یەکەم بۆ ئەوەی لە داهاتوو ببێتە بنەمایەك بۆ بەڕێوەچوونی دادگا و دەرکردنی بڕیارەکانی بە زمانی کوردی.

ئیتر ئەوەبوو، من و پارێزەر نوری نانەکەلی و بەشیر حوسێن سەعدی و مامۆستا کاکە و مستەفا عەباس، ڕۆژانە لە ژووری پارێزەران کۆدەبووینەوە و فۆرمەکانمان وەردەگێڕایە سەر زمانی کوردی. هەر لەو ماوەیەشدا، سەبارەت بەو پرۆژەیە، بۆ ڕاوێژپێکردن، چەند دانیشتنێکمان لەگەڵ دکتۆر سەعدی بەرزنجی ڕاگری کۆلێژی یاسا کرد.

ئەوەبوو، توانیمان لە ماوەیەکی کەمدا، گشت فۆرمەکانی دادگا وەربگێڕینە سەر زمانی کوردی، دواتریش لەلایەن دادگاوە کاریان پێدەکرا.

**تا دادگا به ته‌واوه‌تی که‌وته‌وه سه‌ر قاچه‌کانی، ماوه‌یه‌کی زۆری پێ چوو، له‌و ماوه‌یه‌دا، ئازارێکی زۆرمان چێشت به ده‌ست بێکاری و نه‌دارییه‌وه. ئه‌و پارێزه‌رانه‌ی مووچه‌ی خانه‌نشینییان له پردێ وه‌رده‌گرت، بارودۆخیان له‌وانی تر باشتر بوو، مانگی جارێك ده‌چوونه پردێ و مووچه‌ی خانه‌نشینییان وه‌رده‌گرت و به گوژمه‌یه‌ك پاره ده‌گه‌ڕانه‌وه، ئه‌وانی تریش چاوه‌ڕێی به‌زه‌یی یه‌زدانیان ده‌كرد و چاویان بڕیبووه ئه‌و ڕێكخراوه خێرخوازییانه‌ی كه بۆ یارمه‌تیدانی خه‌ڵكی كوردستان ڕوویان لێره كردبوو. ناوه ناوه هه‌ندێك ئازووقه‌یان به‌سه‌ر دابه‌ش ده‌كردین. به‌ڵام ئه‌ویش له‌به‌ر واسیده به‌ر هه‌موو كه‌س نه‌ده‌كه‌وت. ته‌نانه‌ت ئه‌ندامه‌كانی په‌رله‌مانی كوردستانیش ناویان له نێو لیستی ئه‌و ڕێكخراوانه‌دا بوو.**

**جارێك، هاوڕێیه‌كم هه‌بوو، له ڕێكخراوی نێوده‌وڵه‌تی (Help) ی ئه‌ڵمانی كاری ده‌كرد، وتی: دوێنێ په‌رله‌مانی كوردستان، بۆ وه‌رگرتنی ئازووقه، لیستێكیان به ناوی ئه‌ندامه‌كانیان پێشكه‌شی ڕێكخراوه‌كه‌مان كردبوو، به‌ڕێوه‌به‌ری ڕێكخراوه‌كه‌مان كه ژنێكی به ڕه‌گه‌ز ئه‌ڵمانییه، لیسته‌كه‌ی دایه ده‌ستم و وتی (ئێمه ده‌زانین خه‌ڵكی كوردستان له‌به‌ر ئه‌و گه‌مارۆ ئابوورییه‌ی كه ڕژێم به‌سه‌ر ئێوه‌ی سه‌پاندووه، به گشتی بێ ده‌رامه‌تن، به‌ڵام ئه‌و ئه‌ندام په‌رله‌مانانه‌تان بۆچی درۆمان له‌گه‌ڵ ده‌كه‌ن و هه‌ر هه‌موویان ژماره‌ی ئه‌ندامانی خانه‌واده‌كه‌یان به چل كه‌س نووسیوه؟). ئه‌مه‌ی وت و به پێكه‌نینه‌وه پێی وتم ( دیاره**

منداڵبوونیش لێرە وەکو یەکپۆشی وایە، بۆیە ژمارەی منداڵی هەر هەموویان وەکو یەکە!).

ئەمەی وت و لیستەکەی دایەوە دەستم و پێی وتم (لیستەکەیان بۆ بنێرەوە و پێیان بڵێ کە دەبێ ژمارەی ڕاستەقینەی ئەندامانی خانەوادەکانیان بنووسن، ئەوجا دەتوانین یارمەتییان بدەین).

هاوڕێکەم کە ئەم ڕووداوەی بۆ گێڕامەوە، وتی: لەبەر هەندێك بەرپرس و دەوڵەمەندی چاوچنۆك، یارمەتی ڕێکخراوە خێرخوازییەکان بەر هەژار و کەم دەرامەتەکان ناکەوێت.

بەهەرحاڵ، ئەو دوو گەمارۆ ئابوورییەی کە لەلایەن کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و ڕژێمی بەعس خرابوونە سەر هەرێمی کوردستان، کاریگەرییێکی نێگەتیڤی کردبووە سەر ژیان و گوزەرانی هاوڵاتییان. تەنانەت، نووسەر و ڕۆشنبیرانیش، مانگانە لەلایەن ڕێکخراوی مانگی سوورەوە ئازووقەیان پێدەدرا.

مەهدی خۆشناو کە جێگری پارێزگاری شاری هەولێر بوو، ڕۆڵێکی بەرچاوی هەبوو لە یارمەتیدانی ئەو چین و توێژە، تەنانەت کۆڕ و کۆبوونەوەکانی هەفتانە کە لقی یەکێتی نووسەرانی شاری هەولێر سازی دەدا، کە خۆی سەرۆکی لقەکە بوو، کێك و شەربەت و چایەی پێشکەشی ئامادەبووانی کۆڕەکە دەکرد. جارێك پێموت: نەبۆتە نەریت لە کۆڕە ئەدەبییەکان، چایە و کێك و شەربەت پێشکەش بکرێت، بۆچی وا دەکەیت؟

وتی: تۆ تەماشای خۆت مەکە، کە باری داراییت تۆزێك لەوانی تر باشترە، نووسەر هەیە پارەی لە گیرفاندا نییە، لە چایخانەی مەجکۆ چایەك یان قاوەیەك بخواتەوە. بۆیە دەمەویٚ هەمووان لە باخچەی (کۆشکی نازە) کۆبکەمەوە و لەم بارودۆخە خراپەدا تۆزێك دڵیان خۆش بکەم.

هەرچۆنێك بێت، ئەم دۆخەشمان تێپەڕاند، حکومەتی هەرێمی کوردستان کەوتە سەر قاچەکانی و دادگاش نۆژەن کرایەوە، وردە وردە خەڵکی بۆ بەرزکردنەوەی داواکانیان ڕوویان تێی کرد. بەڵام دیاردەی چەکداریش وای کردبوو، هەموو کەسێك متمانەی بە دادگا نەبێت و لە ڕێگای سوڵحی عەشایەری و حیزبەکانەوە کێشەکانیان یەکلایی دەکردەوە.

بەم شێوەیە، منیش دەستم بە کار کردەوەو ڕۆژانە لە گەڕەکی ئیسکانەوە بە پیٚ بەرەو دادگا شۆڕ دەبوومەوە، تاکو نیوەڕۆ لە ژووری پارێزەران دەمامەوە. هەرچەند ئەو بڕە پارەیەی مانگانە بە دەستم دەکەوت، بەشی خەرجی مانگێکی نەدەکردم، بەڵام لەچاو داهاتی فەرمانبەران و کاسبکارانی ئاسایی، زۆرتر بوو، بۆیە شوکرانەی دەویست. ئەم پیشەیە بۆ من زۆر باش بوو، ئەگەر دیاردەی چەکداری و دەست تێوەردانی حیزبی لە کاری دادگاکان نەبایە.

دراوسێیەکمان هەبوو، خەڵکی گوندێکی نزیك شاری هەولێر بوو، پێش ڕاپەڕین هاتە لام، پێی وتم: منداڵ بووم کاتێك دایك و باوکم لە

ڕووداوێك، بە یەکەوە مردن، کە تەرمی ئەوانیان بردە گۆڕستان و بە خاکیان سپاردن، منیش لەگەڵ تەرمەکانیان ڕۆیشتم، بە چاوی پڕ لە فرمێسکەوە بە دیار گۆڕەکانیان ڕاوەستابووم، پیاوێکی ڕیش سپی گوندەکەمان، کە هێشتان لە ژیان ماوە، هاتە لام، دەستی گرتم و منی لە خەڵکەکە جیا کردەوە، منی بردە سەر پارچە زەوییێکی دووری گوندەکەمان، وتی ( کوڕی خۆم دەزانم باوك و دایکتان ئێوەیان بە هەژاری بەخێو کردووە، ئەوان خاوەنی ئەم پارچە زەوییە بوون، بەڵام گەورەی گوند دەستی بەسەرداگرتبوو، نەیدەهێشت بیچێنن. هەرچەند ئەویش هەر خزمی خۆتان بوو، بەڵام کەسێکی زاڵم بوو، لە خوا نەترسا، بۆیە باوکت نەیدەوێرا داوای مافی خۆی لێ بکات، ئەویش دەستی بەسەر زەوییەکاندا گرت و دەیان ساڵ بە حەرامی بەروبوومەکەی دەخواردن هەرچەن ئێستا ئەویش نەماوە، بەڵام منداڵ و نەوەکانی دەستیان بەسەردا گرتووە، ئەوانیش وەکو ئەو بە حەرامی بەکاری دێنن).

دراوسێیەکەمان دوای گێڕانەوەی ئەم سەربردەیە، داوای لێ کردم کە لە ڕێگای دادگاوە ئەو پارچە زەوییەی بۆ وەربگرمەوە، لە بەرامبەردا ئامادەیی خۆی پیشاندا لە بری ماندووبوونم بڕێك پارەم بداتێ. منیش داوای قەسامی شەرعی و تاپۆی زەوییەکەم لێی کرد، تا داوایەکەی بەرزبکەمەوە بۆ دادگا.

وتـی: قەسـام شـەرعیم نییـە و میراتگرەکـانیش ئامـادەنین تـاپۆی زەوییەکە و نفووسی خۆیانم بدەنێ، نەوەك لە دژی ئەوان بەکاری بێنم.

منیش وتم: ئەمە کێشە نییە، مادام تۆ زەوییەکە پێدەزانیت، لەگەڵم وەرە بۆ فەرمانگەی کشتوکاڵی شاری هـەولێر، فەرمانبـەرێکی ڕووپێـو لەگـەڵ خۆمـان دەبـەین و زەوییەکـەی پیشـان دەدەیـن، تـاکو لەسـەر زەوی شوێنەکەمان بۆ نیشان بکات و ژمارەی زەوییەکەمان پێبدات.

ڕۆژی دواتــــر بەیەکـــــەوە چـــــووینە فەرمانگـــــەی کشـــــتوکاڵ و فەرمانبەرێکی ڕووپێومان لەگەڵ خۆمـان بـرد، زەوییەکـەمان پیشـاندا، زۆر بە ئاسانی شوێنی زەوییەکەی لەسەر نەخشە دۆزییـەوە و ژمـارەی پارچە زەوییەکەشی داینێ.

هەرچەند هەندێك لە میراتگرەکان نفووسی خۆیان بۆ هێنـاین، بـەڵام ئەوانی تر ئامادە نەبوون بیهێنن. بۆیە ناچار بووم ڕێگایەکی تـر بگرمـە بەر.

لە دادگا، باش کاتبێکی لێ بـوو، سـاڵانێکی زۆر بـوو لەبـەر دەسـتی دادوەر ئیشی دەکرد. داوام لێی کرد، لە نـاو فایـل و پـەڕاوە کۆنـەکانی سـاڵانی پـەنجاکان بـەدواوە، بـەدوای ئـەو ناوانـە، بـۆم بگـەڕێت، هـەر قەسام شەرعییێك بەناوی یەکێك لەو کەسانە هەبوو بۆم دەربهێنێت. لـە بەرامبەردا بەڵێنم پێی دا بڕێك پارەی بدەمێ.

ئــیتر ئــەوەبوو، دوای حەفتەیــەك گــەڕان و ســووڕان بــەناو کۆنــە دۆســـییەکاندا، قەســـام شـــەرعیێکی دۆزییـــەوە، نـــاوی ســـەرجەم میراتگرەکانی دراوسێیەکەمانی تیا بوو.

بەم شێوەیە، چەند وێنەیەکم لێی کۆپی کردەوە و لە دادگاش مۆرم لێدان و پەسندم کردن. ئینجا داوام لە دراوسێیەکەمان کرد، لەلای دادنووس، بریکارینامەیەکم بۆ بهێنێت تاکو داوا بۆ دادگا بەرز بکەمەوە.

بەهەرحاڵ، دوای چەند دانیشتنێکی دادگا، ئەو لایەنەی کە داوام لە دژیان بەرز کردبۆوە، ناچار بوون، لەبەردەم دادگا، دان بە ڕاستییەکەدا بنێن، منیش لەسەر خواستی مووەکیلەکەم دەستبەرداری داوای کرێی پانزە ساڵی بەکارهێنانی زەوییەکە بووم.

لە ماوەی سەپاندنی هەردوو گەمارۆ ئابوورییەکاندا، وەرگرتنەوەی ئەم پارچە زەوییە، سوودێکی زۆری بۆ دراوسێیەکەمان هەبوو، لە سایەیدا لە قەیرانی ئابووری ڕزگارییان بوو، ساڵی دەیان عەڵبە گەنم و جۆی لێ هەڵدەگرتەوە، لەو ماوەیەشدا، جارێك دوو تەنەکە گەنمی بە خۆڕایی بۆ هێنام.

ئەم ڕووداوە، پێش ڕاپەڕین بوو، بەڵام دوای ڕاپەڕین، هەندێك لە خزم و کەسوکاری تری دراوسێیەکەمان، کە بەوەیان زانی، هاتنە لام و داوایان لێ کردم کە مافی ئەوانیش وەربگرمەوە.

ئیتر ئەوەبوو، بریکارینامەم لێیان وەرگرت و داوایەکم بۆ دادگا بەرز کردەوە و داوای گێڕانەوەی بەشی ئەوانیشم کرد.

لـە ڕۆژی بەڕێوەچـوونی یەکـەمین دانیشـتنی دادگـا، یـەکێك لـەو کەسانەی کە داوام لە دژی بەرز کردبۆوە، هاتە لام و داوای لێ کردم کـە واز لەو داوایە بهێنم، وتی: ئەگەر واز لەو داوایە لـە دژی ئێمـە بهێنیـت، دوو بەرابەر ئەو پارەیەت پێدەدەین، کە لەوان وەری دەگریت.

منیش داواکەیم ڕەت کردەوە و پێم وت: ئەم ئەرکە بۆمن، ئەرکێکی ئەخلاقی و یاساییە، ناتوانم بەرامبەر بڕێك پارە خیانـەت لـەو کەسانە بکـەم، کـە متمانـەیان پـێم داوە، ئەمـە لەگـەڵ ئـەخلاقی پیشـەکەم ناگونجێت.

بە هەڵە لێم تێگەیشت، وای زانی پارەکەم لا کەمە، بۆیە وردە وردە زیادی کرد، تا گەیاندییە پێنج بەرامبەر ئـەو بـڕە پارەیـەی کـە لەگـەڵ مووەکیلەکەم لەسەری ڕێك کەوتبووین. پێداگریم کـرد، کـە ئـەم بابەتـە دابخات و هیچی تر داوایەکی لەو شێوەیەم لێ نەکات.

ئێمە لەم قسانەدا بـووین، دادوەر بـانگی کردینـە ژوورەوە، چـوومە بـەردەم دادگـا، بـەڵام ئـەوان وێـڕای ئـەوەی ئامـادەبوون، نەهاتنـە ژوورەوە، بۆیە دادوەر داوایەکەی بۆ دانیشتنێکی تر دوا خسـت و داوای لێ کردم کە بـۆ دانیشـتنی داهـاتوو، بـۆ سـەلماندنی داواکـەم، شـایەت ئامادە بکەم.

بۆ دانیشتنی داهاتوو، شایەتم ئامادەکرد، فایلەکەم بە دەستەوە گرت و چوومە ژووری دادوەر. دادوەر داوای لێ کردم شایەتەکان ئامادە بکەم.

منیش وتم: جەنابی دادوەر شایەتەکان لە بەردەم دادگا چاوەڕێ دەکەن.

دادوەر ناوی شایەتی یەکەمی خوێندەوە و بە پاسەوانەکەی وت: بەو شایەتە بڵێ بێتە ژوورەوە.

پاسەوانەکەش بە دەنگی بەرز بانگی کرد کە بێتە ژوورەوە، بەڵام هیچ کەسێك بەو ناوە ئامادە نەبوو.

دادوەر ناوی شایەتی دووەمیشی خوێندەوە وتی: لە شایەتی یەکەم بگەڕێ، بانگی شایەتی دووەم بکە، با بێتە ژوورەوە.

پاسەوانیش بە دەنگی بەرز ناوی ئەویشی خوێندەوە و داوای لێ کرد کە بێتە ژوورەوە. بەڵام ئەویش وەکو شایەتەکەی پێشوو ئامادە نەبوو.

دادوەر ڕووی تێ کردم وتی: چۆن داوایەکەت دەسەلمێنیت؟

وتم: جەنابی دادوەر مۆڵەتم پێدەدەیت، سەیرێکی بەر دەرگا بکەم، ئەوان لێرەن، پێش ئەوەی بێمە ژوورەوە، بە چاوەکانی خۆم ئەوانم بینی.

وتی: باشە، بەڵام زۆر دوا مەکەوە تا تۆش ئەو شایەتانە دەهێنیتە ژوورەوە، منیش پشوویێکی کورت دەدەم و چایەك دەخۆمەوە.

چـوومە دەرەوە، لـە بـەردەم ژووری دادوەر، چـاوم لـە شـایەتەکان دەگێڕا، لە ناکاو، کەسێك، جلوبـەرگی ئەفسـەری پۆلیسـی لەبـەردابوو، دەمانچەی لەسـەر نیوچـەوانم دانـا و وتـی: بـە قوربـانی یـەك فیشـەکت دەکەم، ئەگەر دەست لەو داوایەت هەڵنەگریت.

منیش وتم: تۆ کێیت و چیت لێم دەوێ؟

وتی: من یەکێکم لەو کەسانەی کە داوات لە دژیان بەرز کردۆتەوە.

وتم: بـێ منـەتم، چـیت لـە دەسـت دێـت بیکـە، دەسـت لـەو داوایـە هەڵناگرم.

وتی: خۆت ماندوو مەکە، نایبەیتەوە، چونکە هیچ کەسێك شایەتیت بۆ نادات.

کە وای وت، تێگەیشتم کە هـەر ئـەویش هەڕەشـەی لـە شـایەتەکان کـردووە و تۆقانـدوونی. وتم: منـیش پێـت دەڵـێم، تـۆش خـۆت مانـدوو مەکە، ئەو هەڕەشەو تۆقاندنە بێ سوودن بەردەوام دەبم لە داوایەکەم، دەستی لێ هەڵناگرم تا یەکلایی نەکەمەوە.

ئـــەو بـــەردەوام بـــوو لـــە هەڕەشـــەکانی، خـــەڵکانێکیش ســـەیریان دەکردین، تەنانەت پاسەوانەکەی بـەر دەرگـای دادوەریـش کـە ئەمـەی بینی، پشتی تێ کردم و خۆی بێ ئاگا کرد. ئەفسەرەکەش کە زانی من هــەر ســوورم لــە ســەر قســەی خــۆم، دەمانچــەکەی لابــرد و ڕۆیشــتە دەرەوە.

**منیش چوومە بەردەم دادوەر و پێم وت: شایەتەکانم هەڕەشەیان لێ کراوە، بۆیە ئامادە نابن، بۆیە داوا دەکەم داوایەکەم بۆ دانیشتنێکی تر دوا بخەیت، تاکو دوو شایەتی تر ئامادە دەکەم.**

**بەو شێوەیە داوایەکەم دواخرا بۆ دانیشتنی داهاتوو، منیش چوومە لای پاسەوانی دادوەر و پێم وت: دەزانم تۆ ئەو کەسەت بینی کە هەڕەشەی کوشتنی لێ کردم، بەڵام وا خۆت پیشاندا کە بێ ئاگایت و نایبینی. داوای هاوکارییێکت لێ دەکەم، مەترسە ناوت ناهێنم.**

**وتی: منداڵەکانم ساوان، نامەوێ بێ باوك گەورە بن، ئەمڕۆ کەس بە کەس نییە، ئەوەی بڕوات، لە تڕی سەی دەچێ. ئەگەر موحاسەبە هەبێت، کەسێکی وەکو ئەو ناتوانێت لە بەر چاوی ئەم هەموو خەڵکە، لە بەردەم ژووری دادوەر، دەمانچەت لەسەر نیوچەوان دابنێت و هەڕەشەی کوشتنت لێ بکات.**

**لە درێژەی قسەکانیدا، ڕووداوێکی کۆنی بۆ گێڕامەوە وتی: لە ساڵانی حەفتاکان، هەر لەم دادگایەدا، کەسێك لە ناو هۆڵی دادگا، ڕەشاد موفتی قازی هەولێری دایە بەر خەنجەران، بەڵام پۆلیسەکان گرتیان و خستیانە زیندانەوە. ئەوکات یاسا سەروەر بوو، هیچ کەسێك نەیدەتوانی لە حوکمی یاسا ڕابکات، بەڵام ئەمڕۆ پاشاگەردانییە.**

**منیش وتم: کەواتە تۆ ئەوکەسەت بینی کە هەڕەشەی کوشتنی لێ کردم، ئەی بۆچی دەنگت نەکرد؟**

وتی: وەکو پێم وتی، هیچ عەیبی تیا نییە، ترسام نەوەك منیش بکوژێت.

وتم: گلەییت لێ ناکەم، تەنها یەك داوام لێت هەیە.

وتی: ئەگەر پێم بکرێ، بە چاوان بۆت دەکەم.

وتم: ئەگەر ئەو کەسە دەناسیت، ناوەکەم پێ بڵێ، شکایەتی لێ دەکەم، دڵنیاشت دەکەمەوە کە ناوت نەهێنم و نەتخەمە ناو ئەم کێشەیەوە.

کە ئەمەم وت، ئاسوودە بوو، ناوەکەکی پێ وتم، لەگەڵ ناوی ئەو فەرمانگەیەش کە کاری لێ دەکات. دوای بەدواداچوونم بۆی، بۆم بەدیار کەوت، ئەو کەسە، پێشتر پۆلیس بووە لە بەڕێوەبەرێتی پۆلیسی هەولێر، لە ساڵی ١٩٧٤ چۆتە شاخ و پەیوەندی بە شۆڕش کردووە. دوای ڕاپەڕینیش، بە فەرمانێکی وەزاری، لەلایەن وەزارەتی ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە کراوە بە ئەفسەر و سێ ئەستێرەی پێ بەخشراوە و کراوەتە بەڕێوەبەری یەکێك لە هەستیارترین فەرمانگە لە شاری هەولێر.

ئیتر ئەوەبوو، چوومە دادگای لێکۆڵینەوە شکایەتم لێی کرد. دادوەری لێکۆڵینەوە کە سکاڵاکەمی خوێندەوە، سەری سووڕما، وتی: چۆن شتی وا دەبێت، کەسێك بوێری بکات لە ناو دادگا هەڕەشەی کوشتن لە تۆ بکات، بەیانی هەڕەشە لە ئێمەش دەکات.

دڵنیای کردمەوە کە بیگرێت و بە توندی سزای بدات. دوای ئەوەی فەرمانی گرتنی بۆ دەرکرد، بڕیاری گرتنیم بە دەستی خۆم بۆ مەخفەری پۆلیسی خانەقا برد. کە چوومە ژوورەوە بۆ لای مەئموری مەخفەرەکە، عومەری عەرزوحاڵنووسم بە ڕوتبە و جلی ئەفسەرییەوە لە پشت مێزەکە بینی، وتم: عومەر ئەوە تۆی، لەکەیەوە لێرەیت، بۆچی من نەمزانیوە کە تۆ پێشتر ئەفسەری پۆلیس بووی؟

وتی: جەنابی پارێزەر پێشتر من لە بەڕێوەبەرێتی پۆلیسی هەولێر پۆلیس بووم، چوومە شاخ و پەیوەندیم بە شۆڕشەوە کرد، لە شاخ مامەوە تا شۆڕش تێکچوو. کە گەڕاینەوە، حکومەت ماوەیەکی زۆر ئێمەی بۆ باشووری عێراق دوور خستەوە، دوایی کە گەڕاینەوە، ئێمەی گواستەوە بۆ وەزیفەی مەدەنی. ئێستاش وەکو دەیبینی، وەزارەتی ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئێمەی گەڕاندۆتەوە سەر کارەکانمان و پلەکەشمی بەرزکردۆتەوە بۆ ئەفسەری سێ ئەستێرە.

کە ئەم دیمەنەم بینی، لە دڵی خۆمدا وتم (عومەری عەرزوحاڵنووس لێرە ئەفسەربێت، بۆ من لە کەسێکی تر باشترە، هیچ نەبێت، پێشتر یەکتری دەناسین و دەیان جار لە دادگا خەڵکم ناردۆتە لای بۆ عەرزوحاڵنووسین).

من لەو بیرکردنەوەیەدا بووم، عومەر لەبەرم هەڵسایەوە و بە ڕێزەوە وتی: لە خزمەتتدام، فەرمان بکە؟

منیش په‌ڕاوی دادوه‌ری لێکۆڵینه‌وه‌م له‌ به‌رده‌می دانا و داوام لێی کرد که‌ ئه‌و تاوانباره‌م بۆ بگرێت.

وتی: به‌چاوان، هیچ خه‌مت نه‌بێت، ئه‌وه‌ ئیشی خۆمانه‌ و درێغی ناکه‌ین.

گه‌ڕامه‌وه‌ دادگا و خه‌ریکی کاری ڕۆژانه‌ی خۆم بووم، که‌ کاره‌کانم ته‌واو کرد، گه‌ڕامه‌وه‌ ماڵه‌وه‌. هاوسه‌ره‌که‌م که‌ منی به‌ شپرزه‌یی بینی، وتی: له‌ چڕو چاوت دیاره‌ کێشه‌یه‌کت هه‌یه‌، چی ڕوویداوه‌، برۆیه‌کانت جووت بوونه‌؟

وتم: گوێی پیٚ مه‌ده‌، له‌ ئێستادا که‌س به‌ که‌س نییه‌، هه‌ر ڕۆژه‌ی فلیمێك ده‌بینین، نزا بکه‌ له‌وه‌ خراپتر نه‌بێت.

وتی: بۆچی به‌ لوغز قسه‌م بۆ ده‌که‌یت، پێم بڵیٚ چی ڕوویداوه‌ تا مه‌راق نه‌خۆم.

منیش ورد و درشت ڕووداوه‌که‌م بۆی گێڕایه‌وه‌. هاوسه‌ره‌که‌م که‌ گوێی لیٚ بوو، دڵی دامه‌وه‌ و وتی: خه‌فه‌ت مه‌خۆ، تۆ له‌ من باشتر ده‌زانیت له‌وه‌تی حکومه‌تی به‌غدا دامووده‌زگاکانی لێره‌ کێشاوه‌ته‌وه‌ و خۆمان حوکمی خۆمان ده‌که‌ین، که‌س به‌ که‌س نییه‌، هه‌رکه‌سێك هه‌ڵده‌ستێته‌وه‌، ده‌مانچه‌یه‌کی خستۆته‌ به‌ر پشتێنی و کلاشینکۆفێکی ژه‌نگاوی به‌ شانییه‌وه‌ کردووه‌ و خۆی به‌ شت ده‌زانێت.

دوای تێپه‌ڕبوونی حه‌فته‌یه‌ك، سه‌ردانی مه‌خفه‌ری پۆلیسم کرد، سڵاوم له‌ مه‌ئمووری مه‌خفه‌ر کرد و پێم وت: تاوانباره‌که‌تان نه‌گرت؟

وتی: جەنابی پارێزەر تۆ ئیشی خۆت بکە، ئەوە بۆ ئێمە لێ بگەڕێ، بۆ کوێ دەچێت، هەر دەیگرین.

منیش وتم: ئەو تاوانبارە شوێنی دیارە، بەرپرسی فەرمانگەیە، ڕۆژانە دەوامی فەرمی دەکات. چ پێویست بەو تاخیربوونە دەکات، بۆچی ئاگاداری سەرووی خۆی ناکەنەوە و نایگرن؟

کە ئەوەم وت، بە پێکەنینەوە پێی وتم: حەزدەکەم تا ژووری بەڕێوەبەری پۆلیسی بەلدە بچیت بزانە کێ لەوێیە، کە گەڕایتەوە، ئینجا من و تۆ قسەیەك دەکەین.

منیش وتم: ئەوە چ پەیوەندییێکی بە گرتنی تاوانبارەکەوە هەیە؟

وتی: بەڕێوەبەری پۆلیسی بەلدە، ژوورەکەی لە سەرەوەی ژوورەکەی منە، هیچ زەرەر ناکەیت، بڕۆ سەرێك بە ژوورەکەیدا بگرە ئینجا وەرەوە لای من.

ئەوەبوو، بە قسەم کرد و ڕۆیشتم. کە سەرم بە ژووری بەڕێوەبەری پۆلیسی بەلدە داگرت، بینیم تاوانبارەکە لەلای دانیشتووە و قاچی لەسەر قاچ داناوە و قاوە دەخواتەوە.

کە ئەم دیمەنەم بینی، زۆر خەفەتم خوارد، هیچم نەوت، گەڕامەوە دادگا و چوومە لای دادوەری لێکۆڵینەوە و پێم وت: جەنابی دادوەر هاتووم شکایەتەکەم لە دژی ئەو تاوانبارەی کە لە ناو دادگا هەڕەشەی کوشتنی لێکردم بکشێمەوە.

دادوەریش وتی: شکایەتەکەت مەکێشەوە با بە سزای خۆی بگات.

**منیش وتم: ئەم جۆرە کەسانە، پشت و پەنایان هەیە، بۆیە بێ منەتن و بە نوێژی نیوەڕۆ هەڕەشەی کوشتن لە خەڵك دەکەن.**

**وتی: من لە پشتتم، با بێتە بەردەمم، بزانە چۆن بە توندی سزای دەدەم.**

**وتم: جەنابی دادوەر هیچ گومانم لە پاکی و دڵسۆزیی تۆ نییە، بەڵام ئەو پشتی هەیە و ناگیرێت.**

**وتی: بە ڕوونی پێم بڵێ، شتێکت زانیوە؟**

**وتم: نامەوێ لەوە زیاتر سەری جەنابتان بیەشێنم، دەمەوێ شکایەتەکەم بکێشمەوە.**

**وتی: مادام سووری لەسەر قسەی خۆت، بەنووسین دەستهەڵگرتنی خۆت لەم کەیسەم بۆ بێنە.**

**منیش جانتاکەمم کردەوە و کاغەزێکم لە ناوی دەرهێنا و داوای کێشانەوەی شکایەتەکەمم لێی نووسی و دامە دەستی.**

**دادوەر کاغەزەکەی لێ وەرگرتم و حەواڵەی مەخفەری پۆلیسی خانەقای کرد، داوای فایلەکەی کرد.**

**منیش وتم: جەنابی دادوەر چ پێویست دەکات داوای هێنانی فایلەکە بکەیت؟**

**وتی: تا فایلەکە نەبینم، ناکرێ دایبخەم.**

جارێکی تر گەڕامەوە لای مەئمووری مەخفەری خانەقا و کاغەزەکەم دایە دەستی و پێم وت: بۆم دەرکەوت بۆچی تاوانبارەکە ناگرن، لەبەر ئەوە دەمەوێ شکایەتەکەم لە دژی بکێشمەوە.

وتی: کارێکی باشت کردووە، هەر خۆی ئەو نەدەگیرا.

منیش وتم: باش بێت یان خراپ، ئەوەی پێویست بوو، من کردم. ئێستاش دەمەوێ فایلەکەم بدەیتێ تا بۆ جەنابی دادوەری لێکۆڵینەوەی ببەم، تا بە فەرمی دایبخات.

کە ئەوەم وت، بە پێکەنینەوە وتی: لە یەکەم ڕۆژەوە فایلەکەت نەماوە، بۆیە هیچ پێویست بەو ماندووبوونە ناکات.

منیش وتم: مەبەستت چییە؟

وتی: کە شکایەتەکەت هێنایە ئێرە، منیش نووسراوێکم نووسی بۆ گرتنی تاوانباری ناوبراو، بۆ واژۆکردنی بردمە لای بەڕێوەبەری پۆلیسی بەلدە. دیاربوو پۆلیسی بەلدە هاوڕێیەکی نزیکی ئەو بوو، پێشتریش ئاگادار کرابۆوە، بۆیە کە فایلەکەی لێ وەرگرتم، لەبەر چاوم دڕاندی و پارچە پارچەی کرد.

منیش وتم: کەواتە تۆش ئەم کاغەزە بدڕێنە و فڕێیدە ناو تەنەکەی زبڵەوە.

کاغەزەکەی لێ وەرنەگرتم، وتی: ناتوانم لە حزووری جەنابتان ئەو بێ ئەدەبییە بکەم و کاغەزەکە بدڕێنم.

منیش وتم: چۆن بوێری ئـەوەتان کـرد فایلەکـەم بـدڕێنن، ئـەوهاش ئەم کاغەزە بدڕێنن.

ئەمەم وت و کاغەزەکەم خستە سەر مێزەکەی و پێم وت: گلەیی لـە تۆ ناکەم، خەتای ئـەم حکومەتەیـە کـە ڕوتبـەی تۆزوبـای بـە تـۆ و بـە ئەویش داوە.

بەهەرحاڵ، گەڕامـەوە دادگـا و چـوومە لای دادوەری سـەرەتایی بـۆ دادبینـــی داوای وەرگرتنـــەوەی زەوییـــە کشـــتوکاڵییەکە. جـارێکی تـــر دادوەر داوای ئامادەبوونی شایەتی لێ کردم بـۆ سـەلماندنی داوایەکـەم، بەڵام هیچ یەکێك لە شایەتەکان ئامـادە نـەبوون شـایەتیمان بـۆ بـدەن، بۆیە ناچاربووم بۆ سەلماندنی داوایەکەم سوێند ئاڕاسـتەی خەسمـەکان بکەم.

جەنابی دادوەریش ڕووی لە داوالێکراوان کرد و پێی وتن: دەسـتتان بخەنە سەر ئەو قورئانەی کـە لەسـەر مێزەکەمـە، بڵـێن بـە هـەقی ئـەم قورئانە هیچ هەقێکی لای ئێمە نییە.

ئـەوانیش یـەك لـە دوای یـەك، دەسـتیان خسـتە سـەر قورئانەکـە و سـوێندیان خـوارد کـە هـیچ هـەقێکیان لـە ئەسـتۆ نییـە. بـەو شـێوەیە دەعوایەکەمان دۆڕاند.

ئەم ڕووداوە زۆر کاری تێکردم، لە کارەکەم ساردی کردمەوە. بەڵام ناچاربووم تا کارێکی تر دەدۆزمەوە بەردەوام بم لە کارەکەم.

***

# مام جەلالم بینی

مام جەلال تاڵەبانی کە سەرۆکی یەکێك لەو دوو حیزبە گەورانەی کە حکومەتیان پێکهێنابوو، لە مەکتەبی سکرتارییەت کۆڕی لەسەر سەروەریی یاسا هەبوو. ژمارەیەك دادوەر و پارێزەریان بۆ ئامادەبوونی کۆڕەکە دەعوەت کردبوو، منیش یەکێك بووم لەو کەسانەی کە دەعوەت کرابوون.

وتەیەکی چڕوپڕی لەسەر سەروەریی یاسا و مافی چارەی خۆنووسینی پێشکەشی ئامادەبووان کرد. پاش ئەوەی کە لە قسەکانی بۆوە، بەڕێوەبەری کۆڕەکە، ڕووی لە ئامادەبووان کرد و وتی: هەر کەسێك دەیەوێ قسە بکات، دەتوانێ بێتە سەر تەختە و ڕا و سەرنجی خۆی پێشکەش بکات.

پارێزەر مستەفا عەسکەری و عەبدولڕەحمان سیوەیلی قسەیان کرد، دوای ئەوان منیش دەستم هەڵبڕی و چوومە سەر تەختە، ڕووم لە مام جەلال کرد و پێم وت: مام جەلال سەبارەت بە مافی چارەی خۆنووسین، هەرکاتێك ئێوە ئەم دروشمەتان کردە ڕاستی، من

ئامادەم، لە پێناو بەدیهێنانی کوردستانێکی ئازاد و سەربەخۆ لەگەڵتان بم. بەڵام ئەوەی کە دەیبینم تاکو ئێستا هەر دروشمە و نەبۆتە ڕاستی.

سەبارەت بە سەروەریی یاساشەوە، بە داخەوە، لەبەر دەستتێوەردانی حیزب لە کاری دادگاکان، تاکو ئێستا ئەم دروشمە هەر قسەیە و ئەویش نەبۆتە ڕاستی.

ئەمەم وت و دەستم درێژکرد بۆ دادوەری لێکۆڵینەوەی شاری هەولێر، وتم: لەم ڕۆژانە لە بەردەم ژووری دادوەری دادگای سەرەتایی دەمانچەیان لەسەرنیوچەوانم دانا و هەڕەشەی کوشتنیان لێکردم. لای دادوەری لێکۆڵینەوە شکایەتم لەو کەسە کرد، کە ئەو تاوانە قێزەونەی بەرامبەرم ئەنجام داوە، هەرچەند جەنابی دادوەری لێکۆڵینەوە درێغی نەکرد و پشتگیرییێکی تەواوی کردم، بەڵام ئەفسووس، چونکە تۆمەتبار ڕوتبەکەی سەر شانی تۆزوبا بوو، هەروەها سەر بە حیزبێکی دەسەڵات بوو، شکایەتەکەم لە لایەن مەخفەری خانەقا و بەڕێوەبەرێتی پۆلیسی بەلدە پشتگوێ خرا. چونکە مەئمووری مەخفەرەکە و بەڕێوەبەری پۆلیسی بەلدەش وەکو ئەو تۆزوبا بوون.

دوای گێڕانەوەی ڕووداوەکە بۆ مام جەلال، پێم وت: بەهۆی ئەو ڕووداوە، پیشەی پارێزەرایەتیم لەبەرچاو کەوت، بۆیە بڕیارمدا، تا ئەو کاتەی یاسا لە هەرێمی کوردستان سەروەر دەبێت، واز لە ئیشوکاری پارێزەری بهێنم. ئێستاش بۆ درێژەدان بە خوێندنم، لە کۆلێژی یاسای زانکۆی سەلاحەددین، لە ماستەر دەخوێنم.

کە وام وت، دادوەری لێکۆڵینەوە ئیسماعیل خەلیل کە ئامادەی کۆڕەکە بوو، لەگەڵ قسەکانم سەری خۆی دەلەقاند، وەك ئاماژەیەك بۆ پشتڕاستکردنەوەی قسەکانم.

مام جەلالیش وتی: سەبارەت بە بەشی یەکەمی قسەکانت، لەبارەی مافی چارەی خۆنووسینەوە، دەمەوێ ئەوە بڵێم، لەبەر وڵاتانی دەوروبەرمان، لەم بارودۆخەی ئێستا، ناتوانین بە ئاشکرا کاری بۆ بکەین. ئەگەر ئەوە بکەین، سنوورمان بەسەر دادەخەن و لێناگەڕێن بستێك لێرە دوور بکەوینەوە. سەبارەت بە سەروەریی یاساشەوە، من لەگەڵ قسەکانتم، هێشتان بە تەواوەتی یاسا نەچەسپاوە.

ئەمەی وت و ڕووداوێکی وەکو نوکتە بۆ خۆشی ئامادەبووان بە پێکەنینەوە گێڕایەوە، وتی: لەم ڕۆژانە مامۆستا کەریم ئەحمەدی حیزبی شیوعی هاتە لام و داوای لێ کردم پیاوێکی لایەنگری حیزبەکەی لە گرتووخانە بۆ بەردەم. منیش وتم ئەو پیاوە لەسەر دزیکردن گیراوە، چۆن ئازادی بکەین. کە ئەوەم پێی وت، مامۆستا کەریم ئەحمەد پێی وتم (ئێوە دەیان کەسی دزتان لای خۆتان داڵدە داوە و نەتانگرتوون، چی تیایە ئەگەر ئەو هاوڕێیەی ئێمەش وەکو ئەوانی ئێوە ئازاد بکرێت).

مام جەلال درێژەی بە قسەکانیدا و بە پێکەنینەوە وتی: منیش بە مامۆستا کەریم ئەحمەدم وت، تۆ ڕاست دەکەیت، ئێمە و پارتی

کۆمەڵێك پیاوی خراپمان داڵدە داوە، ئێوەش هەقی خۆتانە وەکو ئێمە، ئەو دانەیە داڵدە بدەن.

ئەمەی وت و ڕووی لە پارێزەر مستەفا عەسکەری کرد و بە پێکەنینەوە پێی وت: کاك مستەفا تۆ هاوڕێیەکی کۆنی منی، من و تۆ لە منداڵییەوە یەکتری دەناسین و هاوڕێی یەکین، بۆچی بەم شێوەیە دابەزیتە سەرم، بۆچی نەهاتیتە لام، چایەکمان بەیەکەوە دەخواردەوە و دوو قسەی خۆشیشمان بەیەکەوە دەکرد، ئینجا هەر گلەیی و گازاندەیەکت هەبوو، بتکردایە.

پارێزەر مستەفا عەسکەریش لە شوێنی خۆیەوە پێی وت: مام جەلال ڕاستە من و تۆ هاوڕێیەکی کۆنی یەکترین، بەڵام ئێستا من ناگەمە لای تۆ، چواردەورت بە کەسانێك گیراون، لێناگەڕێن تەنانەت دەنگیشم پێت بگات.

بەم شێوەیە، کۆڕەکە تەواو بوو، مام جەلال لەسەر تەختە هاتە خوارەوە و ڕۆیشتە لای دادوەرەکان و دەستی خستە ناو دەستی دادوەر نازم هەولێری و بە دەم قسەکردنەوە بەرەو دەرگا ڕۆیشتن. منیش کاغەزێکم لە گیرفانی خۆم دەرهێنا، تیایدا داوای خەرجیی ڕۆمانی (سەعید زەبۆکی لای خۆمان)م لێی کردبوو، دامە دەستی و پێم وت: مام جەلال ڕۆمانێکم نووسیوەتەوە، دیزایین کراوە و ئامادەیە بۆ چاپ، پارەی کڕینی کاغەز و چاپکردنم لێ بڕاوە، ئەگەر ئێوە یارمەتیم بدەن و بڕێك پارەم بۆ خەرج بکەن، چاپی دەکەم.

کە ئەمەم وت، مام جەلال کاغەزەکەی لێ وەرگرتم و خستییە ناو گیرفانی و وتی: تۆ کارێکی باشت کردووە، دوایی خۆم بەدوات دەنێرم و بۆت جێبەجێ دەکەم.

منیش وتم: حەزدەکەم، ئێستا، بە ئا یان نەخێر وەڵامم بدەیتەوە، چونکە لەم دەرگایە بچیتە دەرەوە، جارێکی تر ناتبینمەوە.

ئەویش وتی: من پێت دەڵێم دەتبینمەوە.

کە وای وت، چاکەتەکەیم گرت و پێم وت: مام جەلال پێش ئەوەی لێرە بچیتە دەرەوە شتێکم بۆ لەسەر کاغەزەکە بنووسە و بیدەوە دەستم.

ئەویش چاکەتەکەی لە ناو دەستم دەرهێنا و بە پێکەنینەوە وتی: بێ قەزابی، وەختە بمخنکێنیت، بەرمدە با بڕۆم، پێت دەڵێم دەتبینمەوە.

بەم شێوەیە، ئەو ڕۆیشت و منیش گەڕامەوەماڵەوە.

دوای هەفتەیەك، چوومە نووسینگەکەی لەسەر ڕێگای شەقلاوە، لەو شوێنەی کە پێش ڕاپەڕین، شوێنی پشوودانی هاوینەی عیزەت ئیبراهیمی جێگری سەدام حوسێن بوو. خۆم بە فەوزی ڕەشیدی بەڕێوەبەری نووسینگەکەی ناساند و پێموت: من لەگەڵ چنارخانی کچی تۆ لە کۆلێژی یاسای زانکۆی سەلاحەددین قوتابی بووم، لەم ڕۆژانە لە دیدارێکدا چاوم بە مام جەلال کەوت و کاغەزێکم پێی دا. تیایدا داوای یارمەتیم لێی کردبوو بۆ چاپکردنی ڕۆمانێکم. جەنابیان

کاغەزەکەی لێ وەرگرتم و وتی دەتبینمەوە و بۆتی دەکەم. کەچی وا هەفتەیەك تێپەڕیوە و هیچ دەنگی نییە، هاتووم چاوم پێی بکەوێت.

ئەویش وتی: من ئاگاداری هیچ شتێك نیم، ناوت لای خۆم دەنووسم و دەیبەمە بەر دەمی، هەر فەرمانێکی دا، تۆی لێ ئاگادار دەکەمەوە.

ئەوەبوو، ئەوێم بەجێ هێشت و گەڕامەوە. هەر لەو ڕۆژەوە بەردەوام چاوەڕێی هەواڵێکم لە مام جەلالەوە دەکرد، بەو هیوایەی یارمەتیم بدات و ڕۆمانەکەم چاپ بکەم. بەڵام چاوەڕوانییەکەی منیش وەکو چاوەڕوانیی گۆدۆی لێهات و بەدوای نەناردم.

وەکو پێم وتن، لە سەروبەندی ئەو هەڕەشەی کوشتنە، کە لەناو دادگا، لەبەردەم ژووری دادوەر لێم کرا، پیشەی پارێزەریم لەبەرچاو کەوت و چوومەوە کۆلێژ و دەستم بە خوێندن کردەوە. لەو ماوەیەشدا بۆ بژێویی ژیانم، بە ناچاری لەو ڕۆژانە کە وانەم نەبوو، دەچوومە دادگا و ئەو کەیسانەی لەلام بوون، کارم تێیا دەکردن.

ڕۆژێك بڕیاری دادگام بردە بەڕێوەبەرێتی تەنفیزی هەولێر بۆ جێبەجێکردنی. دادوەر ئەمیر دۆغرەمەچیم لە شوێنی مونەفیزی عەدل بینی پێم وت: جەنابی دادوەر لەوەتی ئەم بەڕێوەبەرێتییە هەیە، هیچ دادوەرێك نەبۆتە مونەفیزی عەدل، خێرە تۆ لێرە کار دەکەیت؟

وتی: چونکە تۆمەتبارێك کە بە تاوانی کوشتن گیراوە، بە قسەی وەزیری داد ئازادم نەکردووە، ڕقی لێ هەڵگرتم و لە بری پاداشتکردنم، سزای دام و لە کارەکەم دووری خستمەوە و لێرەی دانام.

منیش وتم: چۆن شتی وا دەبێت؟

وتــی: کەســێکیان بــە تۆمــەتی کوشــتن هێنایــە لام، دوای ئــەوەی لێکۆڵینەوەم لەگەڵ کرد، دانی بە تاوانەکـەی دانـا. منـیش پـەڕاوەکانی لێکۆڵینەوەم واژۆ کرد، ویستم بینێـرم بـۆ دادگـای تاوانـەکان. وەزیـری داد ئاگـاداری کردمــەوە کــە لەلایــەن یــەکێك لــەو حیزبانــەی کــە لــە دەســەڵاتن، داوای لێ کــراوە، کــە بــەری بــدەن. بۆیــە داوای لێ کــردم فایلەکە دابخـەم و تاوانبارەکـەش ئـازاد بکـەم. منـیش داوایەکـەم ڕەت کـردەوە و پـێم وت (شـتی وا نابێـت، تاوانبارەکـە دانـی بـە تاوانەکـەی داناوە و دەبـێ سـزای خـۆی وەربگرێـت). بـەڵام وەزیـری داد لـەجیاتی ئەوەی پشتگیریم بکات، سزای دام و منی لە کارەکەم دوور خسـتەوە و لێرەی دانام.

منیش وتم: جەنابی دادوەر پێویست ناکات خەفەت بخۆیت، تۆ تاکە کەس نیت کە ڕووبـەڕووی شـتێکی وا بووبیتـەوە، منـیش لـەناو دادگـا هەڕەشــــەی کوشــــتنم لێ کــــرا، کەچــــی تاوانبارەکــــەیان نــــەگرت و دۆسییەکەشیان دڕاند.

کە وام وت، دادوەر وتی: من خەفەت بۆ ئەوە ناخۆم کە لە کارەکەم بە ناهـەق دوور خسـتراومەتەوە، بـەڵکو خەفـەت بـۆ ئـەوە دەخـۆم کـە هیوایەکی زۆرمان بـە ڕاپـەڕین هـەبوو، بـەڵام نـەمانزانی کـە گـرینگترین شت، کە سەروەریی یاسایە، لە دەستی دەدەین!

بەهــەرحاڵ، لــە خوێنــدنی ماســتەر بــەردەوام بــووم، کۆرســەکانی خوێنــدنم تــەواو کــرد و دەســتم دایــە نووســینەوەی ماســتەرنامەکەم. ماوەیەك خەریکی نووسینەوەی بووم، زۆری نـەمابوو لـە نووسـینەوەی ببمەوە، شەڕی نێوان پارتی و یەکێتی دەستی پێکرد. دوای شـەڕێکی خوێنـاوی، پـارتی هــەولێری بـەجێ هێشـت و بـەخۆی و جـەماوەرێکی زۆرییەوە چوونە شارۆچکەی پیرمام و دەڤەری بادینان.

دوای چەند ساڵێك، ئەمریکا چـرای سـەوزی بـۆ پـارتی هـەڵکرد، بـە یارمەتی هێزەکانی حکومەتی عێراقـی، گەڕایـەوە هـەولێر و یـەکێتییان وەدەرنا و سەریان لەدوو نـان، نەگەڕانـەوە تـا ئـاودیوی چیای قاسمـە ڕەشیان کردن.

لەم ماوەیەشدا، کار و چالاکییەکانی زانکۆ سسـت بـوو، بەشـێك لـە مامۆستاکان، سەری خۆیان هەڵگرت و بەگـەڵ یـەکێتی کـەوتن، ئـەوانی تریش کە لە هەولێر مابوونەوە، کارەکانیان وەکو پێویست نەدەکرد.

دوای چەند مانگێك، ئەمریکا چرای سـەوزی بـۆ ئـەوانیش هـەڵکرد و بە یارمەتی تۆپخانەکانی ئێران، جارێکی تر، گەڕانەوە شـاری سـلێمانی و شارۆچکەی دێگەڵەیان کردە تخووبی خۆیان.

ئێمەش قوتابیـانی خوێنـدنی بـالا، وێـڕای ئـەوەی لـە نووسـینەوەی توێژینــەوەکانمان بووبووینــەوە، کەچــی دوایــان دەخســتین و لێژنــەی تاوتوێیان بۆ پێك نەدەهێناین.

زۆر خەفەتم خوارد لە دڵی خۆمدا دەموت (ئەی خودا، بۆچی هێنـدە بەدبـەخت و چارەڕەشـم، لەبـەر ناسـەقامگیریی دەسـەڵاتی دادوەری و حوکمی یاسا، پیشەکەمم واز لێ هێناوە و خوێندنم هەڵبژاردووە، کەچی بە هۆی شەڕی ناوخۆوە، خەریکە ئەوەشم لە دەست دەچێت).

بەهەرحاڵ، ئێمەی قوتابیـانی خوێنـدنی ماسـتەر، ڕۆژانـە سـەردانی کۆلێـژی یاسـامان دەکـرد و داوامـان دەکـرد لیژنـەی تاوتوێمـان بـۆ پێکبهێنن، بەڵام دوای تێپـەڕبوونی ماوەیـەکی زۆر بەسـەر تـەواوکردنی توێژینـەوەکانمان، ئینجـا لیژنـەی تاوتوێیـان بـۆ دانـاین و بڕوانامـەی ماستەریان لە یاسا پێداین.

کـە بڕوانامەکـەم وەرگـرت، لـە کۆلێـژی یاسـا دامـەزرام و وازم لـە پیشەی پارێزەری هێنا. هەرچەندە ئەو مووچـەیەی کـە وەرم دەگـرت، لەچاو داهاتی پیشەی پارێزەرییەکەم زۆر کەمتر بوو، بەڵام لـە ناخـەوە زۆر ئاسوودە بووم، لە دڵی خۆمدا دەموت (هەر هیچ نـەبێ، ئـازاد دەبم و کەس هەڕەشەی کوشتنم لێ ناکات).

ئـەو مووچـەیەی وەرمـان دەگـرت، نیـوەی لەلایـەن یەکێتییـەوە دەهات، نیوەکەی تریشی، لەلایەن پارتییەوە دابین دەکرا.

دوو سـاڵ بەسـەر وەرگرتنـی بڕوانامەکـەم تێپـەڕی، حـەزم لێ بـوو خوێندنی دکتۆرا تەواو بکـەم، بـەڵام لەبـەر پەرتـەوازەیی مامۆسـتایانی زانکۆ و دابەشبوونیان بەسەر دوو زۆندا، هیچ هیوایەکی نەهێشتبۆوە بۆ کردنەوەی خوێندنی دکتۆرا لـە ئایندەیـەکی نزیکدا. بۆیـە مـن و چـەند

قوتابییێکی تر که‌ پسپۆرییه‌کانیان جیاوازبوو له‌ پسپۆرییه‌که‌ی من، چووینه‌ شاری به‌غداد، سه‌ردانی زانکۆی به‌غدادمان کرد بۆ وه‌رگیرانمان.

له‌ شاری به‌غداد، له‌ کۆلێژی په‌روه‌رده‌ی کچان، چاوم که‌وت به‌ به‌کر زانای هاوڕێم. لێم پرسی که‌ چی ده‌کات لێره‌؟

وتی: من ماسته‌ره‌که‌م لێره‌ وه‌رگرتووه‌، ده‌مه‌وێ دکتۆرایه‌که‌شم هه‌ر لێره‌ ته‌واو بکه‌م، به‌ڵام وه‌رم ناگرن. وتم: بۆچی؟

وتی: هه‌ندێك که‌سی خراپ، شکایه‌تیان لێ کردوومه‌، نازانم چییان به‌ سه‌رۆکایه‌تی زانکۆ وتووه‌، ته‌نها ئه‌وه‌نده‌ ده‌زانم که‌ وه‌رم ناگرن.

منیش وتم: سه‌ردانی کۆلێژی یاسای زانکۆی به‌غدادم کردووه‌، پێیان وتم (وه‌زاره‌تی خوێندنی باڵا متمانه‌ به‌و بڕوانامانه‌ ناکات که‌ دوای کشانه‌وه‌ی حکومه‌تی ناوه‌ندی له‌ باکوری عێراق دراون).

که‌ وام پێی وت، به‌کر زانا وتی: هه‌ندێك قوتابی هه‌ن، له‌ زانکۆی سه‌لاحه‌ددین، له‌و ماوه‌یه‌دا، بڕوانامه‌یان وه‌رگرتووه‌، که‌چی وه‌رگیراون و لێره‌ ده‌خوێنن.

منیش وتم: تۆ ده‌یانناسی؟

وتی: تۆزێکی تر موحازه‌ره‌یان ته‌واو ده‌بێت و دێنه‌ ده‌ره‌وه‌، ئه‌گه‌ر ئاره‌زوو بکه‌یت، به‌ یه‌کتریتان ده‌ناسێنم.

منیش وتم: بیرۆکه‌یه‌کی باشه‌، به‌ڵکو سه‌ره‌داوێکم بکه‌وێته‌ ده‌ست و منیش وه‌کو ئه‌وان وه‌ربگیرێم.

ئێمە لەو قسانەدا بووین، دوو لەو قوتابییانە کە پێشتر لە هەولێر نەمبینیبوون، هاتنە دەرەوە و بەرەو لای ئێمە هاتن و سڵاویان لێ کردین.

بەکر زاناش دەستی خستە سەر شانم و پێی وتن: ئەمە هاوڕێی دێرینمە، بۆ ئێرە هاتووە دەیەوێ لە زانکۆی بەغداد بۆ دکتۆرا بخوێنێ.

یەکێکیان وتی: چی تیایە، دەتوانێ سەردانی زانکۆی بەغداد بکات.

منیش وتم: دوێنێ، بۆ ئەم مەبەستە، سەردانی کۆلێژی یاسای زانکۆی بەغدادم کرد، فایلەکەیان لێ وەرنەگرتم، وتییان (وەزارەتی خوێندنی باڵا متمانە بەو بڕوانامانە ناکات کە لە دوای ڕووداوەکانی بەهاری ساڵی ١٩٩١ بەخشراون).

ئەویش وتی: وایە، وەزارەت ڕێنمایی دەرکردووە، کە ئەو قوتابییانە وەرنەگرن کە لە دوای ئەو مێژووە خوێندنیان تەواو کردووە.

منیش وتم: بەڵام ئێوەش وەکو من لە هەمان ماوەدا ماستەرتان لە زانکۆی سەلاحەددین وەرگرتووە، ئەی چۆن وەرگیران؟

کە ئەمەم وت، قوتابییەکەی تر، دەنگی لەسەرم هەڵبڕی و وتی: تۆ دەتەوێ لێکۆڵینەوەمان لەگەڵ بکەیت؟

منیش وتم: نەخێر بۆ لێکۆڵینەوە نەهاتووم، منیش دەمەوێ وەکو ئێوە لێرە بخوێنم.

کە ئەمەم وت، ڕووم لە بەکر زانا کرد و پێم وت: من قسەیەکی خراپم کردووە؟

وتی: نەخێر تۆ هیچی خراپت نەوتووە، تەنانەت منیش بۆ هەمان پرسیار هاتووم، دەمەوێ بزانم ئەوان چۆن وەرگیراون، بۆچی منیش وەرناگرن.

وتم: منیش دەمەوێ ئەو نووسراوەم دەست کەوێ کە ئەوانی پێ وەرگیراون، بۆئەوەی منیش هەوڵ بدەم و پشتی پێ ببەستم.

کە ئەوەم وت، دوو قوتابییەکە بەیەکەوە وتیان: ئێمە بە مەرسوومی کۆماری لێرە وەرگیراوین، ئەگەر تۆش ئەوەت پێدەکرێ برۆ بیکە.

منیش وتم: دەتوانم ئەو مەرسوومە کۆمارییە ببینم؟

یەکێکیان وتی: تۆ کەسێکی سەیری، مەرسوومی کۆماری لای ئێمە چی دەکات تا پێتی بدەین، ئەوان ڕاستەوخۆ بۆ وەزیری خوێندنی باڵایان ناردووە.

کە ئەوەی وت، لە دڵی خۆمدا وتم (ئەم کارە بە خەسرەو جاف دەکرێ، ئەو کەسێکی ناسراوە و دەتوانێ لە کۆشکی کۆماری مەرسوومێکم بۆ دەربکات و وەکو ئەوان لە خوێندنی دکتۆرا وەرمبگرێت).

بە پەلە گەڕامەوە شاری هەولێر و سەردانی پارێزەر فیکرەت عیزەتم کرد. فیکرەت عیزەت، هاوڕێی خەسرەو جاف بوو، لە نزیکەوە

یەکترییان دەناسی. داوام لێی کرد، کاغەزێکم بداتێ، داوای لێ بکات، کە بە هەر شێوەیەك بێت، لە کۆشکی کۆماری ئەو کارەم بۆ جێبەجێ بکات. ئەویش کاغەزێکی جوانی بۆ ڕازاندمەوە و تیایدا داوای لێ کرد، کە پشتگیریم بکات و کارەکەم بۆ جێبەجێ بکات.

بۆ بەیانی جارێکی تر گەڕامەوە شاری بەغداد و لە گەڕەکی مەنسوور چوومە لای خەسرەو جاف. خەسرەو جاف نووسینگەیەکی تەلارسازی هەبوو، لەناو نووسینگەکەی خۆشیدا، ژوورێکی بۆ نیگارکێشان تەرخان کردبوو، کۆمەڵێك تابلۆی جوان و قەشەنگی تیا نمایش کردبوو.

لە دەرگام دا، دەرگاکەی لێ کردمەوە و پێشوازی لێ کردم. نامەکەم دایە دەستی، کە خوێندییەوە وتی: چۆن فیکرەت عیزەت دەناسیت؟

وتم: لەگەڵ فیکرەت عیزەت لە کۆمەڵی هونەر و وێژەی کوردی ئەندامین و ساڵانێکی زۆرە لە نزیکەوە دەیناسم.

وتی: ئاگاداری پرۆسەی خوێندن نیم، بەڵام لەبەر تۆ، بەیانی سەردانی وەزیری خوێندنی باڵا دەکەم و داوای لێ دەکەم بۆت بکات.

خەسرەو جاف لە درێژەی قسەکانیدا وتی: لەوەتی دکتۆر هومام حەمودی بۆتە وەزیرنەمبینیوە، بەڵام لەبەر خاتری فیکرەت، دەچمە لای، ئەوەی پێم بکرێ، بۆتی دەکەم.

منیش گەڕامەوە هۆتێل و بۆ ڕۆژی دوایی، بۆ وەرگرتنەوەی وەڵامەکە، جارێکی تر گەڕامەوە لای. کە چاوی پێم کەوت، لە دوورەوە

وتی: بەداخەوە نەمتوانی هیچت بۆ بکەم، وەزیـری خوێنـدنی بـاڵا پێـی وتم (بە فەرمانی دیوانی سەرۆکایەتی کۆمار، وەرگرتنی ئەو قوتابیانەی کـە لــە دوای ڕووداوەکــانی ســاڵی ١٩٩١ بڕوانامــەیان وەرگرتــووە، ڕاگیراوە).

منیش وتم: هەندێك قوتابی دەناسم، لـەو ماوەیـە خوێنـدنیان تـەواو کـردووە، کەچـی لـە کۆلێـژی پـەروەردەی کچـان لـە زانکـۆی بەغـداد وەرگیراون و ئێستا لە دکتۆرا دەخوێنن.

وتــی: مـن ئـەوە نـازانم، وەزیـر زۆر خـاتری منـی دەوێـت، ئەگـەر دەسەڵاتی هەبوایە، دەیکرد.

بەهەرحاڵ، بە خەمباری و دڵی ساردەوە گەڕامـەوە هۆتێـل. لەسـەر سیســەمەکە لەســەر پشــت لێــی ڕاکشــام و بــیرم لــە ڕێگـا چـارەیەك دەکردەوە. بڕیارمدا کۆڵ نەدەم، بەردەوام بم لە هەوڵ و تەقەلاکانم.

ئـەوەبوو، بـۆ بـەیانی چـوومە زانکـۆی بەغـداد، بـۆ لای بەرپرسـی خوێندنی باڵا و پێم وت: خەڵکی شاری هـەولێرم، بـۆ خوێنـدنی دکتـۆرا هاتووم، نازانم چۆن و لە کوێـوە دەسـت پێبکـەم. نـاوی ئـەو قوتابییـە کوردانەم پێی دا، کە لە کۆلێژی پەروەردەی کچـان وەرگیرابـوون داوام لێی کرد، دۆسییەی ئەوانم پیشان بدات، تاکو منیش هەمان ڕێوشـوێنی ئەوان بگرمە بەر بۆ بەرزکردنەوەی داوایەکەم.

کە وام پێی وت، ڕێنماییەکانی وەرگرتنی قوتابییانی دایە دەستم و وتی: ئەمە ڕێنماییەکانی وەرگرتنی قوتابییانە بە وردی بیانخوێنـەوە،

ئەگـەر مەرجـەکانی خوێنـدنت تیـا بێـت، تـۆش دەتـوانی پـەڕاوەکانت پێشکەش بکەیت و بەشداری ئەزموونەکانی وەرگرتنی قوتابییان بیت.

چـاوێکم بـە ڕێنماییـیـەکان خشـاندەوە، تیایـدا جـەخت لەسـەر وەرنەگرتنی ئەو قوتابییانە کرابۆوە کە لە دوای کێشانەوەی دامودەزگا حکومییەکان لە هەرێمی کوردستان، بڕوانامەیان وەرگرتووە.

ڕێنماییـیـەکانم دایـەوە دەسـتی و پـێم وت: بـەپێی ئـەو ڕێنماییانـە بێت، بۆم نییە لێرە بخوێنم

وتی: بۆچی؟

وتم: چونکە بڕوانامەی ماستەرم لەو ماوەیە وەرگرتووە.

وتی: کەواتە بابەتی تۆ لەگەڵ ئەو هاوڕێیانەت جیاوازە کـە باسـیان دەکەیت.

منـیش وتم نـەخێر جیـاواز نییـە، ئـەوانیش وەکـو مـن لـەو ماوەیـە بڕوانامەیان وەرگرتووە کەچی وەرگیراون و لێرە دەخوێنن.

کە ئەمەم وت، دۆسییەی ئەوانی دەرهێنا و لە بەر دەمی منی دانا و وتی: هەرچەندە نابێ ئەو دۆسییانەت پیشـان بـدەم، بـەڵام بـۆ ئـەوەی دڵنیابیـت کـە ئـەوان گشـت مەرجـەکانی خوێنـدنیان تیایـە ڕێگـات پێـدەدەم، بـە خێرایـی تەماشـایان بکـەیت. ئەگـەر هـەر پرسـیار و تێبینییەکیشت هەبوو، ئامادەم وەڵامت بدەمەوە.

کـە سـەیری دۆسـییەکانم کـرد، حەپەسـام، بڕوانامـەی دەرچـوون و فـەرمانی زانکـۆیی و تەنانـەت نمرەکـانی دەرچـوونی خۆشـیان سـاختە

**کردبوو. کە ئەوەم بینی، هیچم پێ نەوترا، دۆسییەکانم دایەوە دەستی و پێیم وت: تۆ ڕاست دەکەیت، ئەوان وەکو من نین، مەرجەکانی خوێندنیان تیایە، بۆیە وەرگیراون.**

***

# هەڕەشەی کوشتنم لێکرا

هەر ئەو ڕۆژە چوومە گەراجی (نهضة) و گەڕامەوە شاری هەولێر. تا گەیشتمە ماڵەوە، ئێوارەم بەسەر داهات. جلەکانم گۆڕی و بە خەمباری دانیشتم. هاوسەرەکەم زۆر هەوڵی دا بزانێت بۆچی خەمبارم، پێم نەوت.

لەو کاتەدا لە دەرگا درا، چوومە حەوشەکە و دەرگام کردەوە، ئەو دوو مامۆستایە بوون کە لە بەغداد دەیانخوێند، یەکێکیان لەناو ئۆتۆمبێلەکە نەهاتە خوارەوە، ئەوەی تریشیان دەمانچەیەکی چواردەخۆری پێ بوو، فیشەکی خستە بەری و لەسەر نیوچەوانی منی دانا و وتی: ئێمە دەزانین تۆ چوویتە سەرۆکایەتی زانکۆی بەغداد، سەیری فایلەکانی ئێمەت کردووە، هەموو شتێك لەبارەی وەرگیرانی ئێمە دەزانیت، ئەگەر گوێم لێ بێت، لای کەسێك ئەو نهێنییە بدرکێنیت، بە قوربانی فیشەکێکت دەکەم و وەکو سەگ دەتتۆپێنم.

منیش وتم: زۆر عەیبە بۆ تۆ مامۆستای زانکۆ بیت، دەمانچە هەڵبگریت و هەڕەشە لە من بکەیت. من وەکو تۆ هێندە کەموکورت نیم، شتی وا بکەم. چ کارێکم بە تۆیە، بەدوای سەرەداوێکدا دەگەڕام

بۆ ئەوەی وەکو ئێوە درێژە بە خوێندنم بدەم، نەمزانی ئێوە ساختەتان لە بڕوانامە و فەرمانی زانکۆیی کردووە، ئەگەر ئەوەم بزانیبایە، داوای بینینی فایلەکانی ئێوەم نەدەکرد.

کە ئەوەم وت، بەردەوام بوو لە هەڕەشەکانی وتی: ئەوەش بزانە، ئەگەر لەسەر ئێوە کێشەمان بۆ دروست بێت، دەتکوژم.

منیش وتم: دڵنیا بن، لای کەس هیچم نەدرکاندووە و ناشیدرکێنم.

کە ئەوەم وت، دەمانچەکەی هێنا خوارەوە و سواری ئۆتۆمبێلەکە بوو، ڕۆیشت.

منیش گەڕامەوە ژوورەوە، هاوسەرەکەم وتی: ئەمانە کێ بوون، چییان لێت دەویست؟

وتم: دوو مامۆستای زانکۆ بوون، هەندێك پرسیاریان هەبوو.

وتی: ئەی بۆچی ڕەنگت تێکچووە و شڵەژاویت؟

وتم: هیچ نەبووە.

وتی: تۆ شتێکم لێ دەشاریتەوە، ئەگەر بزانم ئەوانە کێن، خۆم دەزانم چییان بەسەر دێنم.

منیش وردو درشت چیرۆکەکەم بۆی گێڕایەوە.

وتی: ئەوە چ بوێرییێکە، وێڕای ئەوەی ساختەکارییان لە بڕوانامەکانیان کردووە، کەچی هەڕەشەی کوشتنیش دەکەن!

وتم: مێشکم وەری ناگرێت، نازانم ئەوانە چۆن بوونەتە مامۆستا، بە چ ڕوویێك لە زانکۆ وانە دەڵێنەوە.

وتی: ئەگەر تۆش لێیان بێ دەنگ بیت، من بێدەنگ نابم و دەچمە بنکەی پۆلیس، شکایەتیان لێدەکەم.

وتم: منیش هەمان ڕای تۆم هەیە، بەڵام نازانم لە سەرۆکایەتی زانکۆ شکایەتییان لێ بکەم، یان لە دادگا.

وتی: تۆ لە من باشتر دەزانیت کە دەبێ چی بکەیت.

وتم: ئێستا دەوامی فەرمی نەماوە، بەیانی دەچمە دادگا، شکایەتیان لێدەکەم.

پشووێکی کورتم دا، دوایی ڕۆیشتمە دەرەوە، بەدەم ڕێگاوە دەیان بیرۆکە بە خەیاڵمدا دەهات. بە باشم زانی، سەردانی بەکر زانای هاوڕێم بکەم و باسی هەڕەشەی ئەو مامۆستایانەی بۆ بکەم.

بەکر زانا هەرچەندە مامۆستای قوتابخانە بوو، بەڵام بە حوکمی ئەوەی لەسەر دەستی مەلایەکان لە حوجرە خوێندبووی، ماستەرنامەکەشی لە زمانی عەرەبی، لەسەر ئیعجازەکانی قورئان بوو. وشەی (اعجاز) لای ئەو مانایەکی زۆری هەبوو، بۆیە لە گەڕەکی برایەتی، مزگەوتێکی گەورەی دروست کردبوو، هەمان ناوی لە مزگەوتەکەش نابوو.

کە چوومە لای، لە حوجرەی مزگەوت، دانیشتبوو. هەندێك کەس لەلای دانیشتبوون، قسەی بۆ دەکردن. کە چاوی بەمن کەوت، لەبەرم هەڵسایەوە و باوەشی پێداکردم و بە پێکەنینەوە وتی: تۆ لەگەڵ مزگەوت دۆست نیت، چۆنە بۆ ئێرە هاتوویت؟

منـیش وتم: جـارێ کـاتی ئـەوە نییـە، حەزدەکـەم بەتـەنها هەنـدێك قسەت بۆ بکەم.

وتی: ناکات ئەو خوێڕییانە هەڕەشەیان لە تۆش کردبێت؟

وتم: دیارە هەڕەشەیان لە تۆش کردووە؟

وتـی: کـە گەیشـتمەوە مـاڵ، هێنـدەی پـێ نەچـوو، وەکـو چـەتە هەڵیانکوتایە سەرم و هەڕەشەی کوشتنیان لێکردم.

منیش وتم: چییان پێ وتی؟

وتی: پێیان وتم (ئەگەر تـۆ ئـەوت بـە ئێمـە نەناسـاندبایە و شـوێنی ئێمەت بەو پیشان نەدابوایە، ئەویش بەدواداچوونی بۆ وەرگرتنـی ئێمـە نەدەکرد و سەیری فایلەکانی ئێمەشی نەدەکرد).

منیش وتم: هەر ئەوەندەیان پێ وتی؟

وتـی: نـەخێر، بەوەنـدە نەوەسـتان، سـەرگەورەکە دەمانچـەی لێ ڕاکێشـام و هەڕەشـەی کوشـتنی لێکـردم، وتـی (ئەگـەر کێشـەمان بـۆ دروسـت بێـت لەسـەر ئـەو سـاختەکارییەی کـە کردوومانـە، تـۆ و هاوڕێیەکەشت دەکوژم).

منیش وتم: ئەی چۆنە بە بێ باکی لێی دانیشـتووی، دیـارە ناتـەوێ شکایەتیان لێ بکەیت؟

وتی: نامەوێ دەم بخەمە ناو دەمیان، پێم باشـە تـۆش پشـتگوێیان بخەیت، خۆتیان پێ سەرقاڵ نەکەیت.

**وتم: ناتوانم بێ ده‌نگ بم، به‌نیازم له دادگا شکایه‌ت له هـه‌ردووکیان بکه‌م.**

***

# چوومە دادگا

بەیانی کە لـە خـەو هەسـتام، دوای نـانخواردن، چـوومە لای دادوەر عەبدولباسیت فەرهادی لە دادگای لێکۆڵینەوە. بـە درێـژی ڕووداوەکـەم بۆی گێڕایەوە و لای ئەو شکایەتم لە هەردووکیان تۆمار کرد.

ئــەویش یاداشــتنامەیەکی گرتنــی بــۆ هــەردووکیان دەرکــرد و بــە نووسراوێك بۆ سـەرۆکایەتی زانکـۆ بـەرزی کـردەوە و پێـی وتم: خـەمت نەبێ، ئێمە ئیشی خۆمان دەکەین، هەرکاتێك ئـەوان لـە بـەردەم دادگـا ئامادەبوون، لێکۆڵینەوەیان لەگەڵ دەکەین.

چــەند ڕۆژێــك چــاوەڕێم کــرد، دەنگــی گرتنیــان نــەبوو، دوای بەدواداچوونم، زانیم کە نووسراوەکەی دادگا لـە ژووری سـەرۆکی زانکـۆ گیری خواردووە. ئەوانیش بە ئازادی دەهـاتن و دەچـوون، لـە کۆلێـژی پەروەردە دەوامی خۆیان دەکرد.

ئـیتر ئـەوەبوو، بڕیارمـدا سـەردانی سـەرۆکی زانکـۆ بکـەم و داوای واژۆکردنی نووسراوەکەی لێ بکەم. کـە چـوومە لای، جێگرەکـەی لـەلای دانیشــتبوو، پــێم وت: دوو مامۆســتای زانکــۆ بــە ڕۆژی ڕوونــاك هەڵیانکوتاوەتــە ســەرم و لــە بــەردەمماڵەکــەی خــۆم، هەڕەشــەی

کوشتنیان لێکردووم، نووسراوی دادگاش بۆ وەرگرتنی ڕەزامەندیی ئێوە، بۆ لێکۆڵینەوەکردن لە گەڵیان هاتۆتە بەردەمتان، کەچی حەفتەیەکە لای ئێوە گیری خواردووە، ئەگەر شتێکم بەسەر بێت، ئێوەش بەرپرسیار دەبن.

کە ئەوەم وت، سەرۆکی زانکۆ، لە ناو فایلەکەی بەردەمی نووسراوەکەی دەرهێنا و ئاراستەی کۆلێژی پەروەردەی کرد. منیش نووسراوەکەم لێی وەرگرت و بە دەستی خۆم بۆ کۆلێژی پەروەردەم برد. لە نزیکەوە ڕاگری کۆلێژی پەروەردەم دەناسی، بۆیە چوومە لای و نووسراوەکەم دایە دەستی.

کە نووسراوەکەی لێ وەرگرتم، داوای لێکردم کە لێیان خۆشبم و شکایەتەکەم لە دژیان بکێشمەوە. منیش وتم: ئەگەر تۆ لە شوێنی من بوویتایە، بڕواناکەم لێیان خۆش بووبایت چونکە ئەوان هەڵیانکوتاوەتە سەرم و ویستیان بمکوژن.

نووسراوەکەی خستە ناو فایلەکەی بەردەمی و بەڵێنی پێدام کە کاری پێویست ئەنجام بدات. منیش گەڕامەوە کۆلێژی یاسا، بۆ وتنەوەی وانەکانم بەپێی خشتەی وانەکانی ئەو ڕۆژە.

هێندەی پێ نەچوو، مام عومەری خزمەتگوزار، دوای لە دەرگادان، سەری لە پۆل هێنایە ژوورەوە و پێی وتم: ڕاگر ئیشی پێتە، وتی (پێی بڵێ کە وانەکەی تەواو بوو، تاکو لای من بێت).

دوای تــه‌واوبوونی وانــه، چــوومه لای ڕاگــر، ئــه‌و دوو که‌ســه‌ی کــه شکایه‌تم لێیان کردبوو، له ژووری ڕاگر دانیشتبوون، قاوه‌یان له به‌رده‌م بوو. که ڕاگر چاوی پێم که‌وت بـه‌بێ ئـه‌وه‌ی لـێم بپرسـێت له‌سـه‌ر چـی شکایه‌تم لێیان کردووه، داوای لێکردم که لێیان خۆشبم و شـکایه‌ته‌که‌م له دژیان بکێشمه‌وه.

منیش وتم: تۆ ده‌زانی ئه‌وان چـییان کـردووه و بۆچـی شـکایه‌تم لـه دژیان تۆمار کردووه؟

وتی: هه‌رچییێکیان کردبێت، گرینگ نییه، داوات لێده‌که‌م هه‌ر ئێستا بچیته دادگا و شکایه‌ته‌که‌ی خۆت بکێشییه‌وه.

که ئه‌مه‌ی وت، زۆر تووڕه بووم، له تووڕه‌ییان برۆکانم جووت بـوون و به‌رچـاوم تاریـك بـوو، بـه ده‌نگـی بـه‌رز پـێم وت: ئـه‌وان هه‌ڕه‌شـه‌ی کوشتنیان لێکردوومه، که‌چی تۆ له‌جیاتی ئه‌وه‌ی پشتگیریم لێ بکـه‌یت، ئه‌و داوا بـێ مانایـه‌م لێده‌کـه‌یت، وه‌ك ئـه‌وه وایـه مـن تاوانبـار بم نـه‌ك ئه‌وان!!

ئه‌ویش وتی: بۆیان باس کردووم، ئه‌وان ڕۆیشتوونه‌ته به‌غداد، له‌وێ بخـوێنن، که‌چـی تـۆ چـاودێریت کـردوون و ده‌تـه‌وێ کێشـه‌یان بـۆ بنێیته‌وه.

منـیش وتم: نـازانم ئـه‌وان چـییان بـۆ تـۆ بـاس کـردووه، چـۆن ڕووداوه‌کـه‌یان بـۆت گێڕاوه‌تـه‌وه. تـا له‌بـه‌رده‌مت ڕاسـتی ڕووداوه‌کـان

نەگێڕنـەوە و دانـیش بـە تاوانەکـەیان دانـەنێن و داوای لێبووردنیشـم لێ نەکەن، لێیان خۆش نابم.

ئەمەم وت و ویستم بڕۆمـە دەرەوە، لەبـەرم هەسـتایەوە و دەسـتی گرتم و بە زۆری داینیشاندم و وتی: پێم باشە کۆتایی بەم بابەتە بهێنین و لێیان خۆش بیت.

منــیش وتم: شــتێکی قورســم لێیــان داوا نــەکردووە، تــەنها داوای گێڕانـەوەی ڕاسـتی ڕووداوەکـانم لێ کـردوون. ئەگـەر ئـەوان دەیانـەوێ لێیان خۆش بم و شکایەتەکەم لە دژیان بکێشمەوە، دەبـێ یـەکێك لـەم دوو بژاردەیە هەڵبژێرن، یان بوێریی ئـەوەیان هـەبێت، بـە زاری خۆیـان ڕووداوەکە چۆن بووە، بۆت باس بکەن یانیش من باسی دەکەم، ئـەوان پشتڕاستی بکەنەوە و دانی پێدا بنێن.

وتــی: ڕەنگــە ئــەوەی یەکــەمیان تۆزێــك قــورس بێــت، خــۆت ڕووداوەکەمان بۆ بگێڕەوە، با ئەوانیش دوای تۆ قسەی لەسەر بکەن.

ئــەوەبوو بــە درێــژی ڕووداوەکــەم بــۆی گێڕایــەوە، کــە چــۆن بەڵگەنامەکانی زانکۆیان ساختە کردووە و دەستکاری ساڵی دەرچـوون و نمرەکـانی خۆیـان کـردووە هـەروەها چـۆن هەڵیانکوتاوەتـە سـەرم و هەڕەشەی کوشتنیان لێکردوومە.

کە لە قسـەکانم بوومـەوە، هـەردوو مامۆسـتایەکان، سـەری خۆیـان شۆڕ کرد و نقەیان لێـوە نـەهات. منـیش ڕووم تێیـان کـرد و پـێم وتـن: بۆچـی قسـەیەك ناکـەن ئەگـەر قسـەکانم ڕاسـت نـین، بڵـێن تـۆ درۆ

دەکەیت، ئەگەر نا، دان بە ڕاستییەکان دابنێن، ئەوجا لێتان خۆش دەبم. دەنا پێویست ناکات خۆتان ماندوو بکەن و خەڵکیش بەخۆتانەوە سەرقاڵ بکەن.

ڕاگریش وتی: ئەوانە هەرچییێکیان کردبێت، بۆ خزمەتی کورد و کوردستان کردوویانە، ئەگەر ساختەکاریشیان لە لە بڕوانامەکانیان کردبێت، مەبەستیان خزمەتکردنی ڕۆڵەی کورد بووە.

لە درێژەی قسەکانیدا وتی: تۆش دەزانیت، لەوەتی حکومەتی ناوەندی فەرمانگەکانی لە هەرێمی کوردستان کێشاوەتەوە، دان بە هیچ نووسراوێك و بڕوانامەیەك دانانێت کە لێرە دەردەچن. ئەوانیش ناچاربوونە کارێکی وا بکەن، تا بتوانن درێژە بە خوێندنیان بدەن.

هەر لە میانی قسەکانیدا ئاماژەی بە وتەیەکی میکافیلی کرد و وتی (الغایە تبرر الوسیلە).

منیش وتم: ڕێزم بۆت هەیە، بەڵام لەگەڵ قسەکانت نیم ئێستاش هەر لەسەر قسەی خۆمم، تا بە زمانی خۆیان دان بە تاوانەکەیاندا نەنێن و داوای لێبووردنیشم لێ نەکەن، لێیان خۆش نابم.

کە زانی زۆر جددیم، ڕووی لە هەردووکیان کرد و پێی وتن: ئەگەر دەتانەوێ لێتان خۆش بێت قسەیەك بکەن.

کە ڕاگر ئەوەی پێ وتن، هەردووکیان وتیان: ئەو قسانەی ئەو وتی، هەمووی ڕاستن، بەڵام هەروەکو جەنابت ئاماژەت پێی دا، ئێمە مەبەستمان خزمەتکردن بووە، بۆیە وامان کرد.

منــیش وتم: مــادام ئێــوە لەبــەردەم ڕاگــری کۆلێــژ، کــە بەرپرســی حیزبیشە، دانتان نا بە تاوانەکانتان، لێتان خۆش دەبم.

***

# لە هەوڵەکەم بەردەوام بووم

سەرۆکی بەشی یاسا، شێخ حوسێن بالیسانی، وەکو من هەوڵی دەدا لە شوێنێك خوێندنی دکتۆرا تەواو بکات. ڕۆژێك پێی وتم: تۆ کەسێکی بزێویت، ئەگەر بتەوێ شتێك بکەیت، وازی لێ ناهێنیت تاکو بەدەستی نەهێنیت، بۆیە داوات لێدەکەم لە بیرم نەکەیت، لە هەر کوێ بێت، بۆ خوێندن لەگەڵت دەبم.

منیش وتم: بەڵێنت پێدەدەم، لە بیرت نەکەم.

ئەوەبوو، لەگەڵ بەکر زانا، زوو زوو دەچووینە شاری بەغداد و بەردەوام بووین لە هەوڵەکانمان. سەرمان بە زۆر ژووردا داگرت و لە زۆر کەسمان پرسی، هەریەك قسەیەکی دەکرد. ڕۆژێك منی لەگەڵ خۆی بردە ماڵی شێخ محەمەد کەسنەزانی لە شاری بەغداد، چێشتی نیوەڕۆمان لە تەکییەکەی خوارد. بەکر زانا ئەوی باش دەناسی، شێخ محەمەد خۆی پیشانی هەموو کەسێك نەدەدا، دەروێش و مریدەکانی لەجیاتی ئەو بەو ئەرکە هەڵدەستان و خواردن و خواردنەوەیان پێشکەشی میوانەکان دەکرد، بەڵام کە شێخ چاوی بە ئێمە کەوت، پێشوازییێکی گەرمی لێ کردین و بەکر زانای دایە پێش خۆی و

هەڵیکشاندین بۆ ژووری خۆی لە نهۆمی سەرەوە و لەسەر یەك خوان چێشتمان خوارد.

دوای نانخواردن، حەزرەتی شێخ وتی: ئێرەماڵی خۆتانە، پێویست ناکات شەرم بکەن، من تەندروستیم تەواو نییە، دەچم پشوو دەدەم. ئەمەی وت و بانگی مریدێکی خۆی کرد، پێی وت: ئەحە وەرە لای ئەو میوانانە، خزمەتیان بکە.

ئەوەبوو، ئەحە هاتە لامان و چایە و میوەی بۆ هێناین و لەگەڵ ئێمە دانیشت. بەکر زاناش بەدەم چایە خواردنەوەوە، لە ئەحەی پرسی: من دەمێکە شێخ محەمەد دەناسم و هاتوچۆی ماڵیان دەکەم، قەت تۆم لێرە نەبینیوە، تۆ کێیت و لە کەیەوە لێرەیت؟

وتی: من خەڵکی ناوچەی هەورامانم خەڵکی شاری هەڵەبجەم، ماوەیەك دەبێت هاتوومەتە خزمەتی حەزرەتی شێخ.

بەکر زاناش پێی وت: دیارە کەسێکی سەڵتی بۆیە لێرەیت؟

وتی: نەخێر سەڵت نیم، ژنم هێناوە و چوار منداڵیشم هەیە، حەزرەتی شێخ هەندێك کاری پێم هەیە بۆیە لێرەم.

ئەویش وتی: ئەی چی لە ژن و منداڵەکانت دەکەیت، هەر وا لێیان دەگەڕێیت، یان ئەوانیش دەهێنیتە ئێرە؟

وتی: ئەو کارەی کە پێی ڕاسپاردوومە، تەواوی بکەم، دەگەڕێمەوە لایان.

بەکر زاناش پێی وت: بۆچی، تۆ شێخ چ کارێکی پێ ڕاسپاردوویت؟

وتی: هه‌ندێك هه‌نگم بۆ شێخ هێناوه و له كێڵگه كشتوكاڵییه‌كه‌ی بۆی په‌روه‌رده ده‌كه‌م. حه‌زره‌تی شێخ پێی وتووه تاكو جارێك بۆی نه‌بڕمه‌وه، نابێ باسی گه‌ڕانه‌وه بۆ ماڵ بكه‌م.

ئه‌ویش پێی وت: چه‌ندی ماوه ده‌وێت تاكو جارێك بۆی ببڕیته‌وه؟

وتی: له سه‌ره‌تای مانگی ته‌مووز شانه‌كانی پڕ ده‌بن، ئه‌وكات ده‌یانبڕمه‌وه و منیش كاره‌كه‌م ته‌واو ده‌بێت و ده‌گه‌ڕێمه‌وه ناو ماڵ و منداڵه‌كانم.

به‌كر زاناش پێی وت: ئه‌ی تۆ بیری منداڵه‌كانت نه‌كردووه؟

ئه‌حه‌ش وتی: چۆن بیرم نه‌كردوونه به‌ڵام چی بكه‌م، ناتوانم ئێره جێ بهێڵم و سه‌ردانیان بكه‌م.

به‌كر زاناش وتی: بۆچی په‌روه‌رده‌كردنی هه‌نگ ئه‌وه‌نده كاتی ده‌وێت؟

وتی: قوربان، ئه‌و هه‌نگانه وه‌كو منداڵی ساوان ده‌بێ زۆر به وردی چاودێرییان بكه‌م، نه‌وه‌ك تووشی نه‌خۆشی بن و له ناو بچن. یانیش زه‌رده‌واڵه بیانڕفێنێ. وه‌كو پێم وتی، حه‌زره‌تی شێخ پێی وتووه كه نابێت بیر له سه‌ردانی منداڵه‌كانم بكه‌مه‌وه تاكو جارێك شانه‌كانی بۆ نه‌بڕمه‌وه و هه‌نگوینه‌كه هه‌ڵنه‌گرمه‌وه.

هه‌ر له‌و ژووره، پیاوێكی تری لێ بوو كورسی و مێزێكی له سووچێكی ژووره‌كه دانابوون كۆمپیوته‌ر و پرێنته‌رێكی له‌سه‌ر دانابوو، له پشت مێزه‌كه دانیشتبوو خه‌ریكی نووسین بوو.

بـەکر زانـاش سـڵاوی لێ کـرد و پێـی وت: براگیـان دەکـرێ تـۆش خۆتمان پێ بناسێنیت؟

ئەویش وتی: نـاوم عەبـدولقادرە و حـەزرەتی شـێخ بـە نـاوی عەبـە بانگم دەکات.

بـەکر زانـاش پێـی وت: یەکـەم جـارە تـۆ لێـرە ببیـنم، ئـەو هـەموو دەفتەر و کتێبە چین لە بەردەمی خۆت داناوە؟

وتی: حەزرەتی شێخ بیرۆکـەکانی خـۆی پـێ وتوومـە، منـیش بـۆی دادەڕێژم و دەیانخەمە سەر کاغەز، دواییش بۆی چاپ دەکەم.

بە قسەکانی عەبە سـەرم سوڕما، یەکـەم جـار بـوو، قسـەیەکی وام گوێ لێ بێت، پێم وت: کاکە عەبە ئەگەر ئیحـراج نابیـت، دەکرێـت بـۆم ڕوون بکەیتەوە، مەبەستت لە داڕشتنەوەی بیرۆکەکانی شێخ چییە؟

وتی: حـەزرەتی شـێخ بیرۆکـەی زۆرە، کەسـێکی زانایـە و زۆر شـت دەزانێـت، بـەڵام کـاتی نییـە بـۆ نووسـینەوەی بیرۆکـەکانی، بۆیـە مـن لەجیاتی ئەو بۆی دادەڕێژم و دەیاننووسمەوە.

منیش وتم: ئەدی ئەو هەموو کتێبە چین، بۆچی لەبـەردەمی خۆتـت داناون؟

وتی: قوربان ئەوانـە سەرچـاوەن، بـۆ دانـانی کتێبەکـەی حـەزرەتی شێخ سوودیان لێ وەردەگرم

منیش وتم: چەند کاتت پێویستە تا ئەو کتێبە تەواو بکەیت؟

وتی: ماوەی چوار مانگم پێدەوێ.

منیش وتم: ناکا تـۆش وەکـو کاکـە ئەحـە ژن و منداڵـەکانی خۆتـت بەجێ هێشتبێت؟

وتـی: قوربـان ژن و منداڵـەکانم لـە شـاری سـلێمانی دەژیـن، لەسـەر داوای حەزرەتـی شێخ بۆ ئێرە هاتم، تـا کارەکـەم تـەواو نەکـەم نـاتوانم بگەڕێمەوە لایان.

منیش وتم: بەڵام کارەکەی تۆ جیاوازی هەیە لەگەڵ کارەکەی کاکـە ئەحـە، دانـانی کتێـب وەکـو پـەروەردەی هـەنگ نییـە، تـا لـە ترسـی زەردەواڵە و پەتای هەنگ نەتوانی جێیان بهێڵێت.

ئەویش وتـی: حـەزرەتی شـێخ ڕۆژانـە دەمبینێـت و بیرۆکـەی نـوێم پێدەڵێ، ئەو نایەوێ زنجیرەی بیرۆکەکانی بپچڕێت، بۆیە پێی وتم تا لـە دانانی کتێبەکەی نەبمەوە، نابێت بگەڕێمەوە شاری سلێمانی.

یەکـەم جـارم بـوو سـەردانی تەکییـە و خانـەقا بکـەم، بینینـی ئـەم دیمەنانە بۆ من شتێکی نوێ بوو. سەرم خسـتە ژێـر گـوێی بـەکر زانـا و پێم وت: چی لێرە ڕوو دەدات، یەکێك هەنگی بۆ شێخ هێنـاوە و بۆشـی پـەروەردە دەکـات، یـەکێکی تـریش لەپشـت مێزێکـەوە دانیشـتووە و لـەجیاتی شـێخ بـیر دەکاتـەوە و دواتـریش کتێبـەکان بـە نـاوی ئـەو دەکات!!

کوڕێکی گەنج لە سەرەوەی ئێمە دانیشتبوو، کە گوێی لـە قسـەکانم بوو، ڕووی تێکردم و وتی: تۆ تەنیا تەماشا بکە و هـیچ پرسـیار مەکـە، زۆر شـتی تـر مـاوە پێـی نازانیـت، ئـەی بـاب و باپیرانمـان نـەیانوتووە

(شێخ بە و لەسەر بەرد بە)، دواتر بۆچی بەلاتەوە سەیرە، خۆ لای ئێمەش کەسانێك هەن، خۆیان بە شاعیری نوێخواز دەزانن، کەچی داوا لە خەڵك دەکەن نامەیان بۆ بنووسن و تیایدا بە شان و باڵیان هەڵبدەن، دواتریش بە ناوی نامە گۆڕینەوەی نێوان ئەدیبان، لە ڕۆژنامەکان بڵاوی دەکەنەوە. هەندێکیشیان تەنسیقیان لەگەڵ هەندێك مامۆستای زانکۆ هەیە، بۆ نووسینەوەی توێژینەوەی دەرچوونەکانیان، قوتابییان دەنێرنە لا، ئەوانیش توێژینەوەکانیان بۆ دەنووسنەوە و بە شان و باڵی خۆیان هەڵدەدەن.

منیش وتم: بۆیە شاعیرێك، شیعرەکانی هیچ مانایان نییە، خۆشی نازانێ چی نووسیوە، کەچی دەیان نامەی ماستەر و تێزی دکتۆرای لەسەر نووسراوەتەوە و هێنراوەتە ئاستی ئەدۆنیس.

ئەویش وتی: دیارە تۆ ئاگات لێ نییە لای خۆمان چی دەگوزەرێت، هەندێك کەس هەر بۆئەوەی مێژوویێکی ساختە بۆ خۆیان و بنەماڵەکەیان دروست بکەن، داوا لە برادەرەکانیان دەکەن بە ئەرێنی شتیان لەسەر بنووسن دواییش گشت نامەکان لە دووتۆی کتێبێکدا بڵاو دەکەنەوە و خۆیانی پێ هەڵدەکێشن.

ئێمە لەو قسانەدا بووین، پاسەوانە تایبەتییەکەی سەدام حوسێن هاتە ژوورەوە، سڵاوی لێ کردین و لە سووچێکی ژوورەکە چوار مەشقی لێی دانیشت.

دوای بەخێرهێنان، بەکر زانا سەری خستە ژێر گوێم و پێی وتم: ئەو زەلامە دەناسیت؟

منیش وتم: ئەوە ئەرشەد تکریتی نییە، کە پاسەوانی تایبەتی سەدام حوسێنە؟

وتی: با خۆیەتی، ئەو تەنها پاسەوانی ئەو نییە، هەر خۆی ئامۆزای ئەویشە، وابزانم بە ژنیش لەگەڵی تێکەڵاوە.

منیش وتم: ئەو شێخ محەمەدە، دیارە پیاوێکی زۆر گەورەیە، بۆیە پاسەوانی تایبەتی سەرۆك کۆمار دێتە لای.

وتی: جارێ تۆ چیت بینیوە، تەنانەت عیزەت دووریش دێتە لای، ئەگەر زیاتر لێرە بمێنینەوە، دەیان بەرپرسی گەورە دەبینین، وەکو قوتابی سەرەتایی بە ئەدەبەوە لەبەردەم حەزرەتی شێخ لەسەر چۆك دادەنیشن.

ئەرشەد ڕووی لە عەبە کرد و پێی وت: ئاگاداری شێخ بکەوە، پەیامێکی سەرۆك کۆمارم بۆی پێیە، دەمەوێ چاوم پێی بکەوێت.

عەبەش چووە دەرەوە و دوای تۆزێك گەڕایەوە، کوڕێکی گەنجی باڵابەرزی لەگەڵ بوو، سڵاوی لە ئەرشەد کرد و پێی وت: شێخ هەندێك نەساغە، هەندە نابێت خەوی لێ کەوتووە، بۆیە هەڵم نەساندەوە.

ئەویش وتی: گرینگ نییە، سەرۆك کۆمار پەیامێکی پێ ناردوومە، بەتۆی دەڵێمن تۆش دوایی بیگەیەنە جەنابی شێخ و سڵاوی من و سەرۆکیشی پێ بگەیەنە.

ئه‌ویش وتی: گوێم لێته فه‌رموو په‌یامه‌که چییه؟

وتی: سه‌رۆك بڕیاری داوه زانا ئایینییه‌کانی کوردستان له شاری که‌رکووك کۆ ببنه‌وه و کۆنگره‌یه‌ك ببه‌ستن و پشتگیری خۆیان بۆ حیزب و شۆڕش دووپات بکه‌نه‌وه.

ئه‌ویش وتی: چ پێویسته ئێمه بیکه‌ین؟

وتی: هه‌ماهه‌نگی له‌گه‌ڵ وه‌زیری ئه‌وقاف بکه‌ن و په‌یوه‌ندیش به‌و زانا ئایینییانه‌وه بکه‌ن، که له ده‌ره‌وه‌ی ده‌سه‌ڵاتی حکومه‌تی ناوه‌ندی دانیشتوونه بۆئه‌وه‌ی کۆنگره‌که سه‌رکه‌وتوو بێت.

ئه‌ویش وتی: هه‌ر خۆی ئێمه له په‌یوه‌ندیداین له‌گه‌ڵ به‌شێك له‌و زانا ئایینییانه.

دوای ئه‌وه چایه‌که‌ی خوارده‌وه و هه‌ڵسا ڕۆیشت.

منیش به به‌کر زانام وت: ئه‌م کوڕه گه‌نجه‌ی هاته لای ئه‌رشه‌د تکریتی کێ بوو؟

وتی: ناوی غاندییه، کوڕی شێخ محه‌مه‌ده، که‌سێکی ساده و ساکاره، له‌وه‌تی حکومه‌ت یه‌که کارگێڕییه‌کانی له هه‌رێمی کوردستان کێشاوه‌ته‌وه، ئه‌و بۆته ئه‌میندای گشتی ئه‌وقاف.

منیش وتم: بۆچی دامووده‌زگاکانی ئه‌نجومه‌نی ته‌نفیزی و ته‌شریعی ده‌وام ده‌که‌ن؟

وتی: قسه‌ی خۆمان بێت، وه‌کو کارتۆن وان هه‌ر یه‌که‌یان فڕێ داونه‌ته شوێنێك و به په‌رش و بڵاوی لێره و له‌وێ کارده‌که‌ن.

منیش وتم: ئەی مەجلیسی تەشریعی کەوتۆتە کوێ؟

وتی: ئێستا بەهادین ئەحمەد سەرۆکی مەجلیسە و حوسام داودیش ئەمینی سڕی مەجلیسەکەیە، لە بینایەی ئەنجومەنی نیشتمانی عێراقی دوو سێ ژووریان داونەتێ و لەوێ وەکو فەرمانبەر کاردەکەن.

منیش وتم: تۆ ئەم زانیارییە وردانە چۆن دەزانیت؟

وتی: منیش وەکو تۆ ئەوەندەی بەدوای واسیدەیەك بگەڕێم، بۆ وەرگیرانم لە دکتۆرا، کەس نەماوە لە بەغداد داوای لێ نەکەم.

منیش وتم: هیچ سەرەداوێکت دەست کەوتووە؟

وتی: هەر بۆ ئەم مەبەستە ئێستا هاتوومەتە ماڵی شێخ.

وتم: چۆن؟

وتی: غاندی کوڕی شێخ ئەمینداری گشتی ئەوقافە، ڕاستە ئەوان وەکو پێشان باڵەخانەی گەورە و فەوجێك فەرمانبەریان نییە، بەلاّم هەندێك شتیشیان پێدەکرێت.

وتم: وەکو چی؟

وتی: بیستوومە دەڵێن ئەوان بۆیان هەیە بە لیستێك هەندێ کەس بۆ خوێندنی ماستەر و دکتۆرا بە ناوی کارمەندی لێهاتوو کاندید بکەن. منیش هاتنی ئەمجارەم بۆ لای شێخ بۆ ئەم مەبەستەیە و بە نیازم ناوی خۆم و خۆتی بدەمێ تاکو شتێکمان بۆ بکات.

منیش وتم: خۆ من و تۆ کارمەندی ئەوقاف نین، چۆن ناومان بەرز دەکاتەوە؟

وتی: ئەوە کێشە نییە، لێرە کەس بە کەس نییە، ئەگەر بیانەوێ دەتوانن هەموو شتێك بکەن.

بەهەرحاڵ، دوای پشوویێك، مریدێکی شێخ هاتە ژوورەوە و ڕووی تێکردین و وتی: بەکر زانا کێیە؟ شێخ دەیەوێ چاوی پێی بکەوێ.

ئەویش وتی: پێی بڵێ ئێستا من و هاوڕێیەکەم دێینە خزمەتی.

ئەوەبوو، چووینە دەرەوە، شێخ محەمەد لە ناو باخچەکە دانیشتبوو، غاندی و هەندێك لە مریدەکانیشی لە دەوری کۆ ببوونەوە.

شێخ دوو مریدی هەڵساند و ئێمەی لە شوێنی ئەوان دانا. ڕووی لە بەکر زانا کردو پێی وت: قسەیەکمان بۆ بکە، ماوەیەکە نەمبینیویت، خەریکی چیت؟

ئەویش وتی: لێت ناشارمەوە، بەنیازی خوێندنی دکتۆرام، هەر بۆ ئەم مەبەستەش ئەمڕۆ لەگەڵ ئەم هاوڕێیەم هاتووینەتە لات.

ئەویش وتی: شتێك هەیە بە من بکرێت، تا بۆتی بکەم؟

وتی: بیستوومە دەڵێن غاندی کوڕت دەتوانێ بە ناوی کارمەندی ئەمینداریێتییەکەیەوە ناومان لە لیستێك بۆ وەزارەتی خوێندنی باڵا بەرز بکاتەوە و داوای کورسی خوێندنمان بۆ بکات، بە ناوی کارمەندی لێهاتوو.

ئەویش ڕووی لە غاندی کرد و پێی وت: ئەگەر شتێکت پێدەکرێ بۆیان بکە، خۆت دەزانیت بەکر زانا کەسێکی زۆر خۆشەویستە.

ئەویش وتی: ئەوە هەر قسەیە، تاکو ئێستا بە کردەوە هیچ شتی وایان لێمان داوا نەکردووە هەرکاتێك داوایان لێکردین بە چاوان بۆیان دەکەم.

ئیتر ئەوەبوو هەندێك دانیشتین و دوایی خواحافیزیمان لە شێخ محەمەد کرد و گەڕاینەوە گەراجی نەهزە و لەوێشەوە گەڕاینەوە شاری هەولێر.

لە ڕێگا، بەکر زانا پێی وتم، غاندی درۆی لەگەڵ ئێمە کرد، پێی دەکرێ، بەڵام نەیویست بۆمان بکات.

منیش وتم: بەڵام ئەوەی هەستم پێکرد، باوکی ڕێزێکی تایبەتی بۆ تۆ هەیە، بە جددی داوای لە کوڕەکەی کرد کە یارمەتیمان بدات.

بەکر زانا وتی: ئاخر کێشەکە لێرەیە.

منیش وتم: مەبەستت چییە؟

وتی: شێخ نیازی نەبوو کچەکانی خۆی بە مێرد بدات، منیش پێم وت (گوناهت دەگاتێ ئەو کچانە لای خۆت بهێڵیتەوە، ئەوانیش مرۆڤن و حەز دەکەن بچنە ڕێگای خۆیان، لەجیاتی ئەوەی ڕێگرییان لێ بکەیت، باشتر وایە ئەگەر کەسێکی باشت لێ هەڵکەوت، کچەکەتی بدەیتێ و یارمەتیشیان بدەیت).

بەکر زانا لە درێژەی قسەکانیدا وتی: جا ئەوەبوو، شێخ محەمەد بە قسەی منی کرد و کچە گەورەکەی خۆی دایە مریدێکی خۆی و لەسەر ئەرکی خۆشی ماڵی بۆ دانان. ئیتر لەو ڕۆژەوە غاندی ڕقی لە من

دەبێتەوە و نایەوێ چاوی پێم بکەوێت. تەنانەت جارێك بە ڕاشكاوی پێی وتم (لەوەتی تۆ هاتوچۆی لای باوكم دەكەیت، مێشكت تێكداوە، باوكم وەكو جاران نەماوە.

منیش وتم: بۆچی پێی ناخۆشە ڕێگای ڕاست پیشانی باوكی بدەیت؟

ئەویش وتی: وا دەزانێت شوێنی ئەو دەگرمەوە، بۆیە ئیرەییم پێ دەبات و ڕقی لێم دەبێتەوە.

***

# لە نزیکەوە چاودێری بارودۆخەکەم دەکرد

بەردەوام بووم لە هەوڵەکانم، حەفتەی جارێك سەردانی شاری بەغدام دەکرد و لە نزیکەوە چاودێری بارودۆخەکەم دەکرد. ڕۆژێك بەر لەوەی سەفەر بکەم، سەرنووسەری گۆڤارێکی کوردی لە هەولێر پێی وتم: پەیامێکی وەزیری ڕۆشنبیریم پێیە، داوای لێ کردووە کە پەیامی ئەو بە خەسرۆ جاف بگەیەنیت.

منیش وتم: پەیامەکەی چییە؟

وتی: بە ناوی ئەو بە خەسرۆ جاف بڵێ سەردانی هەرێمی کوردستان بکات، سەرۆکی حیزب لە پێشوازی جەنابیاندا دەبێت.

ئەوەبوو، هەندێك گۆڤار و بڵاوکراوەکانی دەزگاکەشیانی دا پێم و وتی: ئەم چاپەمەنییانەی ئێمەشی لەگەڵ خۆت بۆ ببە.

بۆ ڕۆژی دوایی چوومە شاری بەغداد، چاپەمەنییەکانم لەگەڵ خۆم برد و چوومە لای خەسرۆ جاف لە گەڕەکی مەنسوور. چاپەمەنییەکانم دایە و پەیامەکەشم پێی گەیاند.

خەسرۆ جاف بڵاوکراوەکانی لێ وەرگرتم و چاوێکی پێدا خشاندن و وتی: دەستخۆشیتان لێ دەکەم و سوپاسگوزاریان دەبم بۆ ئەم دیارییە بە نرخانە.

ئەمەی وت و هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا و وتی: ماوەیەکی زۆرە لە کوردستان دابڕاوم، لە دوای ڕاپەڕینەوە چاوم پێی نەکەوتووە، زۆر بیری دەکەم. بەو برادەرانە بڵێ (زۆر حەزدەکەم سەردانییان بکەم و چاوم بە کوردستان بکەوێت، بەڵام تا پرسێك بە سەیدولڕەئیس نەکەم ناتوانم بێم).

منیش وتم: کە گەڕامەوە، پەیامی تۆیان پێ ڕادەگەیەنم.

هەر ئەو ڕۆژە بۆ پرسیارکردن لە نوێترین ڕێنماییەکانی وەرگرتن، چوومە وەزارەتی خوێندنی باڵا و سەردانی بەڕێوەبەرێتی گشتی خوێندنی باڵام کرد. لەوێ چاوم بە بەکر زانا کەوت، سڵاوم لێ کرد و پێم وت: دەڵێی سەرەداوێکت بەدەست کەوتووە، تۆش لێرەیت؟

وتی: بیستوومە دکتۆرە سوعاد، بەڕێوەبەری گشتیی خوێندنی باڵا، هەندێك کەسی بە قبولێ خاس وەرگرتووە. دەمەوێ بچمە لای منیش داوای لێ بکەم وەکو ئەوان منیش وەربگرێت یان ڕێگایەکم پیشان بدات.

منیش وتم: ئەگەر بەلاتەوە ئاسایی بێت، منیش لەگەڵت دێم، بۆ هەردووکمان داوای لێ بکە.

وتی: زۆر ئاساییيە، بەیەکەوە دەچینە لای و داوای لێدەکەین یان بۆمان بکات یانیش ڕێگایەکمان پیشان بدات.

چووینە ژوورەوە، هەندێك کەسی لابوو، لەبارەی خوێندنی باڵا هەندێك پرسیاریان هەبوو. ئەوانی بەڕێ کرد و ئینجا ڕووی لە ئێمە کرد و وتی: ئێوە بۆچی هاتوون؟

بەکر زاناش وتی: من و ئەم هاوڕێیەم بۆ هەمان شت هاتووین، داوات لێدەکەین، یان وەرمان بگرە، یانیش ڕێگایەکمان پیشان بدە.

دکتۆرە سوعادیش وتی: پێشتر وەڵامی تۆم داوەتەوە، شتێکی نوێم بۆ تۆ پێ نییە.

ئەمەی وت و ڕووی لە من کرد وتی: تۆ بە تەنها لێرە بمێنەوە، دەمەوێ شتێکت پێ بڵێم.

بەکر زانا کە ئەمەی گوێ لێبوو، چووە دەرەوە. دکتۆرە سوعادیش بە سکرتێرەکەی خۆی وت: هیچ کەسێك نەیەتە ژوورەوە تاکو خۆم پێت نەڵێم.

ڕووی تێکردم و پێی وتم: لە سیمات دیارە تۆ کەسێکی باشیت، بۆیە دەمەوێ یارمەتیت بدەم.

منیش وتم: چاکەی تۆم قەت لەبیر ناچێت.

وتی: من هیچت بۆ ناکەم، تا سوپاسم بکەیت، تەنها ڕێگات پیشان دەدەم.

ئەمـەی وت و لـە شـوێنی دانیشـتنمی پرسـی، وتـی: تـۆ لـە کـوێ نیشتەجێیت؟

منیش وتم: لە شاری هەولێر دادەنیشم.

وتی: زۆر چاکە، ئەو حیزبەی کە شاری هـەولێری لـەژێر دەسـتدایە، هەماهەنگی لەگەڵ حکومەت هەیە. تۆ دەتوانی بگەیتە لای بەرپرسێکی گەورەی ئەو حیزبە؟

منیش وتم: ڕەنگە بتوانم، بۆچی وا دەڵێی؟

وتی: ئەو شتەی پێت دەڵێم، بەڵێنم پێبدە کە بـە نهێنـی لـە نێـوان خۆم و خۆت دەمێنێتەوە و لای کەس ناوم ناهێنیت.

منیش وتم: بەڵێنت پێدەدەم کە لای هیچ کەسێك ناوت نەهێنم.

وتی: تاکە ڕێگایەك هەیە تاکو لە خوێندنی دکتۆرا وەربگیرێیت.

وتم: ئەو ڕێگایە چییە؟

وتی: ئەو حیزبەی کە لە شاری هەولێر دەسـەڵاتی بـە دەسـتەوەیە، لە ڕێگای بەرپرسێکییەوە هەماهـەنگی لەگـەڵ حکومـەت هەیـە، ئەگـەر ئەوان نووسراوێکت بۆ بکەن و ناوت بۆ ئێمە بەرز بکەنەوە، ئـەوکات لـە ڕێنماییەکان هەڵاوێرد دەکرێیت و وەردەگیرێیت.

منیش وتم: ئەوەی تۆ داوام لێدەکەیت، یاریکردنـە بـە ئـاگر، ئەگـەر ئەو هەماهەنگییەی نێوانیـان نـەما و پەیوەنـدیی نێوانیـان خـراپ بـوو، چارەنووسی من چی دەبێت؟

وتی: ئەمە بەدەست خودایە، تەنها ئەو دەزانێت.

منیش وتم: ناتوانم ئەوە بکەم، من خێزاندارم چوار منداڵم هەیە، نامەوێ ئەم سەرکێشییە بکەم، ئەوان بێ باوك بکەم.

وتی: لە ئێستادا لەم ڕێگایە زیاتر هیچی تر شك نابەم.

بەم شێوەیە، ماڵئاواییم لێی کرد و هاتمە دەرەوە. بەکر زانا لەبەر دەرگا چاوەڕێی دەکردم پێی وتم: زۆرتان پێ چوو، دەڵێی ئومێدێکی پێدایت؟

وتم: ئەم دکتۆرە سوعادە کەسێکی چۆنە؟

وتی: لێی مەترسە، شیعە مەزهەبە و بەعسی نییە، ژنێکی باشە، حەزدەکات یارمەتی خەڵك بدات، بەڵام هیچیشی لە دەست نایەت.

بەهەرحاڵ، هەردووکمان هاتینە دەرەوە و بەرەو گەراجی نەهزە ڕۆیشتین و گەڕاینەوە هەولێر.

***

# فاتۆر

کە گەڕامەوە، هاوسەرەکەم پێی وتم: ناکات ئـەمجارەش هیچـت بـە هیچ نەکردبێت؟

منیش وتم: یەکەم جارمە دەست بۆ شتێك ببـەم، لـێم عاسـیٚ بێـت. دەرگا نەماوە لێی نـەدەم، پیـاو نـەماوە ڕووی تـیٚ نەکـەم کەچـی بـۆم نایەت.

ئەویش وتی: خۆ نانت لەسەر سێر نەسووتاوە، مامۆسـتایەتییەکەی خۆت چ عـەیبی هەیـە دیـارە بـیرت چـووە، کـە منـت هێنـا، بڕوانامـەی ناوەندیت هەبوو فەرمانبەرێکی بچووك بوویت لە ئەمینداریێتی شارەوانی و هاوینەهەوارەکان، ئێستاش مامۆسـتای زانکۆیـت و نـاوێکی گـەورەت هەیە، بۆچی ستایشی خوا ناکەیت.

وتم: ئەو مامۆستایەی لە زانکۆ ماستەری هەبێت، لە چـاو هـەڵگرانی بڕوانامەی دکتۆرا، وەکو نائیب زابت تەختە وایە، تا ئەوان وانە بڵێنەوە ئێمە بۆمان نییە بیڵێینەوە.

ئـەویش وتـی: پەلـەت نـەبیٚ، قسـەی فـاتۆر دێتـە دی، لـە دکتـۆرا وەردەگیرێیت و پلە و پایەشت زۆر گەورە دەبێت.

منیش وتم: ئەم فاتۆرە کێیە و چی وتووە؟

وتی: فاتۆر دراوسێیەکی کۆنمان بوو لە شاری کۆیە، تەماشای فنجانی قاوەی دەکرد و دەیزانی چی دەبێت و چی نابێت. خوا بەهرەیەکی باشی پێدابوو، ڕووداوەکانی پێشوەخت دەبینی. کە تۆ هاتیتە خوازبێنیم، لەگەڵ دایکم چووینە لای، داوامان لێی کرد، سەیری فنجانی قاوە بکات و شتێکمان پێ بڵێت. دایکم زۆر متمانەی پێی هەبوو، پێی وتم: تا نەزانم فاتۆر چی دەڵێ هیچ بڕیارێك نادەم.

کە چووینە لای، فاتۆر قاوەکەی بۆ گرتینەوە، تەماشای فنجانەکەی منی کرد و وتی: تۆ بەختێکی گەورەت دەبێ، کەسێك داوای دەستت دەکات، تۆ دەبیتە هاوسەری. ئەو کەسە لەچاو تۆ، ئێستا هیچ نییە، بەڵام لە داهاتوو ناوبانگ پەیدا دەکات و زۆر گەورە دەبێت، ئێستا ئەو لە ژێرەوەیە بەڵام خۆشت نازانیت چۆن بەرز دەبێتەوە.

هاوسەرەکەم لە درێژەی قسەکانیدا وتی: ئەوەبوو دایکم قەناعەتی بە قسەکانی هات و ڕازی بوو کە هاوسەرگیریت لەگەڵ بکەم.

منیش وتم: باوەڕ بەمە ناکەم تەنها خودا عیلمی غەیبی هەیە، لەو بەو لاوە کەس هیچی لێ نازانێت.

ئەویش وتی: من نەموتووە کە ئەو عیلمی غەیبی هەیە، بەڵام فنجانی قاوە دەخوێنێتەوە و قسەکانیشی ڕاست دەردەچن. تاکو ئێستا هیچ لێکدانەوەیەکی بە درۆ دەرنەچووە.

منـیش وتم: بـێ لـە فنجانەکـەی تـۆ، دەتـوانی باسـی خوێندنـەوەی فنجانی کەسێکی ترم بۆ بکەیت؟

وتــی: جارێــك ژنێکــی دراوســێمان، کوڕەکــەی بــێ ســۆراخ بــوو، نەیاندەزانی چی بەسەرهاتووە. ڕۆیشتە لای فـاتۆر، داوای لێ کـرد بـۆی تەماشـای فنجـانی قـاوە بکـات. ئـەویش کـە تەماشـای کـرد پێـی وت (کوڕەکـەی تـۆ بـە دەسـتی هاوڕێیەکـەی کـوژراوە و تەرمەکەشـی لـە شوێنێکی دوور فڕێدراوە). ئەمە و وەسفی بکوژی کوڕەکـەی و شـوێنی فڕێدانی تەرمەکەشی بۆ کرد.

منیش وتم: قسەکەی وا دەرچوو؟ وتـی: لەسـەر قسـەی ئـەو بـاوکی کوڕە ونبووەکە چووە بنکەی پۆلیس و شکایەتی لە هاوڕێی کوڕەکـەی کرد و بە تاوانی کوشتن بە گرتنی دا.

هاوسەرەکەم لە درێژەی قسەکانیدا وتی: پاش لێکۆڵینـەوەی دادگـا هاوڕێیەکەی دانی نا بە تاوانەکەی و شوێنی تەرمەکەشی ئاشـکرا کـرد. کەسـوکاری بکوژەکـەش کـە زانییـان فـاتۆر وای پـێ وتـوون، هـەڵیان کوتایە سەری و زۆری نەمابوو بیکوژن.

منیش وتم: بەقسەی فـاتۆر بێـت، منـیش لـە دکتـۆرا وەردەگیرێـم و بەخت یاوەرم دەبێت.

وتی: نازانم تا چەند تۆ باوەڕت پێی هەیـە بـەڵام مـن زۆر شـتم لێـی بینیوە و باوەڕی تەواوم پێی هەیە.

***

# سەرکێشییێکی گەورە

وەکو وتم لە کۆلێـژی یاسـا مامۆسـتا بـووم، ئێـوارانیش لـە کۆلێـژی ماف وانەبێـژ بـووم. ئێـوارە چـوومە کۆلێـژی مـاف بـۆ وتنـەوەی وانـە، وانەی دادبینـی شارسـتانیم بـە قوتابیـانی قۆنـاغی چـوارەم دەوتـەوە. یەکێك لەو قوتابیانەی کە وانەم پێی دەوتـەوە، لـە حکومـەتی هـەرێمی کوردستان وەزیری ناوخۆ بوو.

ئەو وێڕای ئەوەی ئیشوکاری زۆر بوو، بەڵام کەسێکی مولتەزیم بوو، بایەخی بە وانـەکانی دەدا و نـاوە نـاوەش ئامـادەی پـۆل دەبـوو. ئـەو ڕۆژە، بەر لەوەی بڕۆمە هـۆڵی وانەوتنـەوە، سـەردانی سـەرۆکی بەشـی یاسام کرد، کە چوومە ژوورەکەی وەزیری ناوخۆم لەوێ دیت. سەرۆکی بـەش کـە چـاوی پـێم کـەوت، وتـی: جـارێ زووە بـۆ کـاتی وانـەکان، چایەکمان لەگەڵ بخۆوە، ئینجا بڕۆ هۆڵی وانە.

کــە ســەرۆکی بــەش ئەمــەی وت، وەزیــری نــاوخۆش لــە پێشــم هەسـتایەوە و تۆقـەی لەگـەڵ کـردم و وتـی: ئـەمڕۆ بـە تایبـەتی لەبـەر وانەی تۆ هاتوومە بۆ کۆلێژ، حـەزم کـرد لەگـەڵ قوتابییـەکان ئامـادەی وانەی دادبینی شارستانی بم.

منیش وتم: خۆشحاڵم به ئاماده‌بوونتان، ده‌ستخۆشیشتان لێده‌که‌م بۆ ئه‌م بایه‌خه‌ی به خوێندنی ده‌ده‌ن.

له‌و کاته‌دا، یاریده‌ده‌ری ڕاگری کۆلێژ دکتۆر جه‌وده‌ت هاته ژووره‌وه، دوای سڵاوکردن، پێی وت: جه‌نابی وه‌زیر خۆت ده‌زانیت توانای داراییمان باش نییه و هۆڵه‌کانی خوێندنیش ساردن، قوتابییه‌کان له سه‌رمان ده‌له‌رزن، ئه‌گه‌ر به ته‌کلیفی نه‌زانیت، داوات لێده‌که‌ین، هه‌ندێك زۆپامان به دیاری پێشکه‌ش بکه‌یت.

به‌رله‌وه‌ی وه‌ڵامی بداته‌وه، سه‌رۆکی به‌ش وتی: باش بوو بیرم که‌وته‌وه، مامۆستای وانه‌ی کۆمپیوته‌ریش ئۆتۆمبێله‌که‌ی دزراوه، وێڕای ئه‌وه‌ی ئاگاداری بنکه‌ی پۆلیسی کردۆته‌وه به‌ڵام هێشتان نه‌دۆزراوه‌ته‌وه.

ئه‌ویش وتی: با شته‌کان تێکه‌ڵ نه‌که‌ین، سه‌باره‌ت به زۆپاکان، هه‌ر ئێستا که‌سێك بنێرنه بازاڕ، چه‌ند زۆپاتان ده‌وێ له‌سه‌ر خه‌رجیی من بیکڕن، پاره‌که‌ی چه‌ند بوو من له مووچه‌ی خۆم ده‌یده‌م وه‌کو دیارییه‌کی بچووك بۆ کۆلێژه‌که‌م. سه‌باره‌ت به ئۆتۆمبێله دزراوه‌که‌ی مامۆستای کۆمپیوته‌ریش، ئاگاداری بکه‌نه‌وه، نرخی ئۆتۆمبێله‌که‌ی چه‌نده، من پێی ده‌ده‌م، با خه‌فه‌ت نه‌خوات.

که ئه‌مه‌ی وت، له بیری خۆمدا وتم (بۆچی منیش داوای لێ نه‌که‌م، نووسراوێکم بۆ بکات، بۆ به‌غداد، بۆ وه‌رگیرانم له خوێندنی دکتۆرا) ئه‌مه‌و ده‌یان بیرۆکه‌ی ترم به خه‌یاڵدا ده‌هات، له لایه‌کی تریشه‌وه له

بیری خۆمدا دەموت (ئەی ئەگەر پەیوەندیی نێوان حکومەتی بەغداد و حکومەتی هەرێم تێکچوو، چارەنووسی من چی بەسەر دێت، لەوانەیە بۆ ڕیش بچم و سمێڵم لەسەری دابنێم). لەو بیرکردنەوانەدا بووم، سەرۆکی بەش پێی وتم: بیرت بۆ کوێ ڕۆیشتووە، چایەکەت سارد بۆوە، بۆچی نایخۆیتەوە؟

منیش وتم: بیرم لە شتێك دەکردەوە، پەیوەندی بە تۆشەوە هەیە، بەڵام لێی دوودڵم.

وتی: ئەو شتە چییە کە پەیوەندی بە هەردووکمان هەیە؟

منیش سەرم خستە ژێر گوێی و بە دەنگێکی نزم پێم وت: دوێنێ سەردانی وەزارەتی خوێندنی باڵای عێراقم کرد، چوومە لای بەڕێوەبەری گشتی خوێندنی باڵا، بۆ مەسەلەی خوێندنەکەم، پێی وتم (تەنها یەك ڕێگا هەیە بۆ وەرگیرانت لە دکتۆرا، ئەویش هێنانی نووسراوێکە لەلایەن مونەسیقی نێوان حکومەتەکەی ئێمە و ئێوە).

کە ئەوەم وت، وتی: بە ڕای تۆ کێ ئەم کارەی پێدەکرێ؟

وتم: بە ڕای من وەزیری ناوخۆ ئەمەی پێدەکرێت.

کە ئەوەم وت، ڕووی لە وەزیری ناوخۆ کرد و پێی وت: من و مامۆستاش کارێکمان پێت کەوتووە، سوپاسگوزارت دەبین ئەگەر بۆمان بکەیت.

ئەویش وتی: هەرشتێك لە توانامدا بێت بە چاوان بۆتان دەکەم.

سـەرۆکی بەشـی یاسـاش قسـەکانی منـی بـۆی گێڕایـەوە و داوای لێکرد، نووسراوێك بۆ هەردووکمان بۆ حکومەتی بەغداد بکات، داوایـان لێبکات کە هەردووکمان لە خوێندنی دکتۆرا وەربگیرێین.

ئەویش ڕووی لە مـن کـرد و پێـی وتم: نزیکـەی سـێ مـانگ دەبێـت، منیان لەم کارە بەخشیوە، ئێستا کەسێکی تر بەم کارە هەڵدەستێ.

بەهـەرحاڵ، وانـەکانی ئـەو ڕۆژەم وتـەوە و گەڕامـەوە ماڵـەوە. بـە درێژایی ڕێگا بیرم لای خوێندنی دکتۆرا بوو زۆرم بیر کردەوە کەسێکی وەهام بە خەیاڵدا نەهات، کە هانای بۆ ببەم و واسیدەی لەلا بکەم.

کـە گەیشـتمە ماڵـەوە و چێشـتم خـوارد، لەسـەر دۆشـەکەکە لێـی ڕاکشـام و ڕادیۆنەکـەم پێکـرد و گـوێم لـە هەواڵـەکانی ئێزگـەی دەنگـی کـوردی لـە بەغـداد دەگـرت، باسـی ماسـتەرنامەیەکی دەکـرد لـەبارەی کۆماری کوردستانەوە کە لە لایەن قوتابییێکی کـورد لـە (معهـد التـأريخ والتراپ العلمی) کە پەیمانگایەکی سەر بە کۆمکاری وڵاتـانی عەرەبییـە، لە شاری بەغداد، پێشکەش کراوە.

کە ئەوەم گوێ لێبوو بیرۆکەیەك بە خەیاڵمدا هات، لە بـیری خۆمـدا وتم (ئـەم پەیمانگایـە سـەر بـە کۆمکـاری وڵاتـانی عەرەبییـە و هـیچ پەیوەندییێکی بە حکومەتی عێراقەوە نییە، وا باشە بەختی خـۆم تـاقی بکەمەوە و سەردانییان بکەم، بەڵکو خەونەکـەم بێتـە دی و لـە دکتـۆرا وەربگیرێم).

ئـەوەبوو، بـەیانی زوو لـە خـەو هەسـتام، دوای نـانخواردن، چـوومە بازاڕ، هەندێك پەنیری کـوردی و هـەنگوینم کـڕی و لەگـەڵ خـۆم بردمـە بەغداد.

بارەگـای پەیمانگایەکـە لـە گـەڕەکی مەنسـوور لـە نزیـك بارەگـای سەندیکای پارێزەران بـوو، چـوومە پرسـگە، بـە بەرپرسـی پرسـگەکەم وت: هەندێك پەنیر و هەنگوینم بـۆ ڕاگـری پـەیمانگا هێنـاوە و دەمـەوێ بچمە لای.

وتی: پێی بڵێم لە کوێ هاتوویت؟

وتم: پێی بڵێ لە هەولێرەوە هاتووم، دەمەوێ سڵاوی لێبکەم.

بەرپرسـی پرسـگەکە تەلـەفۆنی هـەڵگرت و پێـی وت: میوانێکـت لـە شاری هەولێرەوە هاتووە، دەیەوێ چاوی پێت بکەوێت.

دەنگی بڵندگۆی تەلەفۆنەکە گەورە بوو، گوێم لێبوو، وتـی: ڕێگـەی پێبدە، بابێتە لام.

چــوومە لای ســکرتێرەکەی و پــێم وت: لــە هــەولێرەوە هــاتووم، دەمەوێ چاوم بە ڕاگری پەیمانگا بکەوێ,

وتی: دکتۆر محەمەد مەشهەدانی ئاگادارە کە تۆ دەچیتە لای؟

وتم: بەڵێ، بەرپرسی پرسـگەکە بـە تەلـەفۆن قسـەی لەگـەڵ کـرد و ئاگاداری کردەوە.

وتی: هەرچەندە باڵیۆزی وڵاتی ئوردنیشی لەلایە، بەڵام مادام خـۆی ڕێگەی پێداویت، دەتوانیت بچیتە ژوورەوە.

**کە چوومە ژوورەوە، هەنگوین و پەنیرەکەم لە سووچێکی ژوورەکە دانا و پێیم وت: هەندێك هەنگوین و پەنیری کوردیم بە دیاری بۆ هێناویت.**

**وتی: پێویستی بەم ماندووبوونە نەدەکرد، من ئاگاداری بارودۆخی ئێوەم، دەزانم لەبەر ئەو گەمارۆیانەی لەسەرتانە، لە چ بارودۆخێکی خراپن.**

**کە ئەمەی وت، لە دڵی خۆمدا وتم (بەختم هەیە کە ڕاگری پەیمانگە لەگەڵ ئێمەی کورد هاوسۆزە).**

**بۆیە یەکسەر چوومە ناو مەوزوع و پێیم وت: پێشەکی سوپاست دەکەم بۆ ئەم هاوسۆزییەت لەگەڵ ئێمەی کورد، لە دوای کشانەوەی حکومەتی عێراقی لە شار و شارۆچکەکانی کوردستان لە ساڵی ١٩٩٢ ، وەزارەتی خوێندنی باڵا بڕیاری داوە، ئەو قوتابییانەی کە لە دوای ئەو ڕێکەوتەوە بڕوانامەیان لە هەرێمی کوردستان وەرگرتووە، دانیان پێدا نەنێت و لە زانکۆو پەیمانگاکانی خۆی وەریان نەگرێت.**

**ئەویش وتی: ئەوە دەزانم، وێنەیەکی ئەو ڕێنماییانەشیان بۆ ئێمە ناردووە کە کاری پێبکەین.**

**منیش وتم: چاوەڕێی ئەوەم نەدەکرد ئێوەش ڕێنماییەکانی وەزارەتی خوێندنی باڵا جێبەجێ بکەن.**

وتــی: ڕاســتە پەیمانگەکــەی ئێمــە ســەر بــە کۆمکــاری وڵاتــانی عەرەبییە، بـەڵام تـا ڕادەیـەك پابەنـدین بـە یاسـا و ڕێسـاکانی عێـراق. چونکە ئێمە لەسەر خاکی عێراق کاردەکەین.

منیش وتم: کەواتە ئێـوەش ئـەو قوتابییانـە وەرنـاگرن کـە لـە دوای کشانەوەی حکومەتی عێراقی لـە هـەرێمی کوردسـتان، بڕوانامـەیان لـە پەیمانگە و زانکۆکانی هەرێمی کوردستان وەرگرتووە؟

ئەویش وتی: تاکو ئێستا هیچ حاڵەتی وەهامان نەهاتۆتە پـێش، تـا بڕیاری لێبدەین.

منـیش وتم: مـن و هاوڕێیـەکم، چـەند جارێـك بـۆ وەرگیرانمـان لــە خوێنــدنی دکتــۆرا چــووینە وەزارەتــی خوێنــدنی بــاڵا، بــەڵام گشــت هەوڵەکانمان بێ ئاکام بوو.

ئەویش وتی: ئەی چۆن ئێرەتان بە خەیاڵدا هات؟

وتم: لە ئێزگەی دەنگی کوردی بەغداد، لە هەواڵەکانی دوێنـێ گـوێم لـێ بـوو کـە قوتـابییێکی کـورد، لەسـەر دامـەزرانی کۆمـاری کوردسـتان بڕوانامەی ماستەری لای ئێوە وەرگرتـووە. کـە ئـەوەم گـوێ لێبـوو بـە باشم زانی، بەختی خۆم تاقی بکەمەوە و سەردانتان بکەم بەو هیوایەی کە وەرمبگرن و لە پەیمانگەکەی ئێوە لە دکتۆرا بخوێنم.

کە ئەوەم وت بانگی سکرتێرەکەی خۆی کـرد و پێـی وت: تەلـەفۆن بۆ بەرپرسی یەکەی تۆمار بکە، پێی بڵێ با بێتە لام.

ئیتر ئەوەبوو کە بەرپرسی یەکەی تۆمـار هاتـە لای، پێـی وت: ئـەم مامۆستایە لە شـاری هـەولێرەوە هـاتووە، بەڵگەنامـە و پـەڕاوەکانی لێ وەربگرە و بزانە لە چ بەشێك دەیەوێ بخوێنێ، هەر ئێستا فـەرمانی بـۆ دەربکە و بیهێنە بۆم تا واژۆی لەسەر بکەم.

منیش بڕوانامەی ماستەر و بەڵگەنامەکانی ترم دایـە دەسـتی و پـێم وت: دەمەوێ لە بەشی (التراپ الفکری) بخوێنم.

کە چاوی بە بڕوانامەکەم کـەوت، ڕووی لـە ڕاگـری پەیمانگـە کـرد و پێـی وت: ئـەو لـە دوای کشـانەوەی حکومـەت لـە بـاکوری عێـراق، بڕوانامەی وەرگرتووە، بەپێی ڕێنماییەکانی وەزارەتی خوێندنی بـاڵای عێراقی، بۆی نییە بخوێنێ.

دکتۆر محەمەد مەشهەدانیش بە تووڕەییەوە پێـی وت: پەیمانگـەی ئێمـە سـەر بـە کۆمکـاری وڵاتـانی عەرەبییـە، ئێمـە ڕێنمـایی لـەوان وەردەگرین، نەك وەزارەتی خوێندنی باڵای عێراقی.

بەرپرسی تۆمار ویستی ڕوونکردنەوەی زیاتر بدات. دکتـۆر محەمـەد مەشهەدانی بە تووڕەییەوە پێیی وت: من چ فەرمانێکت پێدەکـەم، تـۆ ئەوە دەکەیت، ئەگەر نا، لاتدەبەم.

بـەم شـێوەیە، تـا مـن چـایەکەم خـواردەوە، بەرپرسـی تۆمـار فەرمانەکەی چاپکرد و بـۆ واژۆکـردن هێنایـە لای. ڕاگـری پەیمانگـەش واژۆی لەسەر کرد و دایەوە دەسـتم و وتـی: فەرمانەکـە ببـە بـۆ بەشـی

ئەرشیف، کە ژمارەی دەرچوونیان لەسەر دانا، وێنەیەك بۆ خۆت وەربگرە و لە بەیانیشەوە دەوام بکە.

منیش وتم: هەندێك هاوڕێم هەن، هەمان کێشەی منیان هەیە، ئەگەر حەزیان لێبێت لێرە بخوێنن، وەکو من وەریان دەگرن؟

وتی: دەرگامان کراوەیە بۆ هەموو کوردێك، ئێوە نەوەی سەلاحەددینی ئەیوبین، شانازیتان پێوە دەکەین، ئەو بەرگری لە شەرەفی موسڵمانان کرد، شەڕی خاچ پەرستەکانی کرد و بەسەریان زاڵ بوو.

خشتەی وانەکانم وەرگرت و گەڕامەوە شاری هەولێر. کە هاوسەرەکەم چاوی پێم کەوت، وتی: لە سیمات دیارە ئیشەکەت جێبەجێ بووە و لە خوێندنی دکتۆرا وەرگیراویت؟

منیش وتم: ستایش بۆ خوا، لە (معهد التأریخ والتراپ العلمی) لە بەغداد وەرگیرام.

کە ئەمەم وت، هاوسەرەکەم بە سەرسوڕمانەوە وتی: ئەو پەیمانگەیە لە کوێ پەیدابوو؟!

منیش وتم: زانکۆکانی عێراق دان بە بڕوانامەکانمان نانێن، ناچاربووم، بۆ خوێندن ڕوو لەو پەیمانگەیە بکەم.

ئەویش وتی: بۆچی پێیدەڵێن پەیمانگە و پێی ناڵێن زانکۆ؟

منیش وتم: چونکە تایبەتە بە خوێندنی باڵا، تەنها قوتابی ماستەر و دکتۆرا وەردەگرێت، سەر بە کۆمکاری وڵاتانی عەرەبییە و بارەگا

**سەرەکییەکەی لە شاری قاهیرەیە لە وڵاتی میسر. بەڵام دوای ئەوەی سەرۆکی میسری ئەنوەر سادات، ڕێککەوتنی کامپدێڤدی لەگەڵ ئیسرائیل کرد، وڵاتە عەرەبییەکان پەیوەندییەکانیان لەگەڵ وڵاتی میسر پچڕاند و بارەگاکەیان بۆ شاری بەغداد گواستەوە و لقێکی ئەو پەیمانگەیەشیان لەوێ کردەوە.**

**چێشتی نیوەڕۆم خوارد، ویستم چاوەکانی خۆم گەرم بکەم و تۆزێك بخەوم، زەنگی دەرگاکەمان لێی دا.**

**کە چوومە دەرەوە، بەکر زانام لەبەر دەرگا بینی. هاتبووە لام تاکو هەواڵێك بزانێت. منیش چیرۆکەکەم لە ئەلفەوە بۆ یا، بۆی گێڕایەوە.**

**کە گوێی لێبوو، زۆر کەیفی هات، وتی: کارێکی باشت کردووە، ئەمجارە کە چوویتە بەغداد، لەگەڵت دێم، منیش لەو پەیمانگەیە دەخوێنم.**

**زۆر هەوڵمدا بێتە ژوورەوە، چایەکمان لەگەڵ بخواتەوە، وتی: کارێکی زۆرم هەیە، دەبێ بگەڕێمەوە ماڵێ، ئەو کارانە ڕاپەڕێنم و خۆم ئامادە بکەم تاکو لەگەڵ تۆ بێمە بەغداد و دەست بە خوێندن بکەم.**

**ئەوەبوو، ئەو ڕۆیشت و منیش ڕۆیشتم بۆ کۆلێژی ماف و سەردانی شێخ حوسێن بالیسانی بکەم.**

**کە چوومە لای، هەر لە دوورەوە بە پێکەنینەوە وتی: دیارە هەواڵێکی نوێت پێیە بۆیە هاتووی؟**

منـیش وتم: هـاتووم مزگێنیـت بـدەمێ کـە شـوێنێکم بـۆ خوێنـدنی دکتۆرا دۆزیوەتەوە، کەس بیری بۆی ناچێت.

ئــەویش بــە پێکەنینــەوە وتــی: خــۆ لەســەر ئەســتێرەی مــەریخ نەتدۆزیوەتەوە؟!

منیش وتم: لە (معهد التأريخ والتراپ العلمی) لە بەغداد وەرگیراوم و دەرگای وەرگیرانیشم بۆ ئێوەو هەموو قوتابییێکی کورد کردۆتـەوە کـە بیانەوێ خوێندنی باڵا بخوێنن.

وتی: چەندین ساڵە باوکم و دکتۆر ئەحمەدی کاکم لـە شـاری بەغـدا دادەنیشن، منیش بەردەوام سەردانییان دەکەم، تاکو ئێستا گـوێم لـەو ناوە نەبووە.

منیش وتم: منیش بە سوتفە ئـەوەم زانـی، ڕۆژێـك لـە نـاو باخچـەی ماڵەوە دانیشتبووم گوێم لە هەواڵەکانی ئێزگەی دەنگی کوردی بەغـداد دەگرت، باسی ماستەرنامەیەکی کرد کە لەسەر کۆماری کوردستان لـەو پەیمانگەیە پێشکەش کرابـوو. منـیش خـۆم گەیانـدە بەغـداد و چـوومە لای ڕاگری پەیمانگەکـە و مـەعاناتی خۆمـانم بـۆی گێڕایـەوە و پـێم وت (حکومەت دان بە بڕوانامەکانی ئێمە نانێت، بۆیە ئێمـەی کـورد بێبـەش بووینە لە خوێنـدنی بـاڵا) ئـەو مرۆڤێکـی کـورد دۆسـت بـوو، گـوێی بـە ڕێنماییەکانی وەزارەتی خوێنـدنی بـاڵای عێراقـی نـەدا و لـە خوێنـدنی دکتۆرا وەریگرتم.

شێخ حوسێن وتی: لەوانەیە تەنها بۆ تۆی کردبێت، کێ دەڵێ ئێمە وەردەگرێت؟

منیش وتم: ڕاگری پەیمانگە پێی وتم (دەرگای پەیمانگەکەمان کراوەیە بۆ هەموو قوتابییێکی کورد کە بییەوێ لای ئێمە بخوێنێت).

کە وام وت، شێخ حوسێن زۆر دڵخۆش بوو، وتی: ئەگەر گەڕایتەوە بەغداد، ئاگادارم بکەوە منیش لەگەڵت دێم و پەڕاوەکانم پێشکەش دەکەم.

دوای دوو ڕۆژ ئاگاداری بەکر زانا و شێخ حوسێنم کرد، کە بێنە گەراجی بەغداد و بەیەکەوە سەفەر بکەین.

کە چوومە گەراج، چەند کەسێکی تریشم لەگەڵ ئەوان بینی، پێشتر ئەوانم نەدەناسی، شێخ حوسێن منی بەوان ناساند و وتی: ئەو مامۆستایانەش دەیانەوێ لەگەڵ ئێمە بێن و لەو پەیمانگەیە بخوێنن.

منیش وتم: بەخێربێن، ڕاگری پەیمانگە کەسێکی باشە، بەڵێنی داوە گوێ نەداتە ڕێنماییەکانی وەزارەتی خوێندنی باڵا و هەموو کوردێك وەربگرێت.

کە ئەوەم وت، یەکێك لە مامۆستاکان وتی: من ڕەمەزان داودیم، ماڵمان لە سەرەوەی ماڵی ئێوەیە، دراوسێی مامۆستا نیاز حەسەن فەرەجم، ئەو باسی تۆی بۆ کردوومە.

منیش وتم: خۆشحاڵم بە ناسینت، لە کوێ مامۆستای؟

وتی: مامۆستای مێژووم لە کۆلێژی ئاداب.

منـیش وتم: بـەختێکی باشـت هەیـە، ئـەو پەیمانگەیـە کـە لێـی دەخـوێنین، تـەنها دوو بەشـی هەیـە، بەشـی مێـژوو هـەروەها بەشـی کەلەپووری هزری. چونکە بەشی یاسایان نەبوو، ناچاربووم پـەڕاوەکانم پێشکەشـی بەشـی کەلـەپووری هـزری بکـەم، بـە نیـازم لـە بـارەی پرەنسـیپەکانی یاسـا لـە سـەردەمی حامورابییـەوە تـا دەگاتـە ئێسـتا بنووسم. بەڵام تۆ دەتوانی لـە بەشـی مێـژوو بخوێنیـت و لـە پسـپۆریی خۆت دوور نەکەویتەوە.

کـە ئـەوەم وت، زۆر کـەیفی هـات وتـی: تـۆ چـاکەیەکی زۆر باشـت لەگـەڵ ئێمـە کـردووە، قـەت ئـەو چـاکەیەت لـەبیر ناکـەین، ئەگـەر تـۆ نەبوای، ئێمە نەماندەتوانی درێژە بە خوێندنمان بدەین.

یەکێکی تر لەو مامۆستایانەی کە لەگەڵمان بوون، ناوی چیایی بوو، بڕوانامـەی بەکالۆریۆسـی لـە ئیـدارە هـەبوو. کارمەنـدی کۆلێـژی بەڕێوەبردن و ئابووری بوو، وتی: منیش چەند سـاڵێکە خوێنـدنم تـەواو کردووە و لە شـوێنی خـۆم چـەقیوم، دەمـەوێ لەگـەڵ ئێـوە بـێم، لـەو پەیمانگەیە بخوێنم.

منیش وتم: بەشی کەلەپووری هزری گونجاوە بۆ تـۆ، دەتـوانی لـەو بەشە بخوێنیت و لـە کـاتی نووسـینەوە، نامەکـەت لـە پسـپۆری خـۆت نزیک بکەیتەوە.

ئەویش وتی: ئێوەی یاساناس وەکو زانایانی ئایینی هیچ شتێکتان لێ عاسی نابێ، دەرچەی یاسایی و شەرعی بۆ هەموو شتێك دەدۆزنەوە. بۆیە لەگەڵ ئێوەبم خەمی هیچم نییە.

منیش وتم: تەنها مامۆستا ڕەمەزان نەبێ کە پسپۆرییەکەی لەو پەیمانگەیە دەخوێندرێت، ئێمە ناچارین لە کاتی نووسینەوەی تێزەکانمان پەنا ببەینە بەر فێڵی یاسایی بۆ نزیککردنەوەی لە پسپۆرییەکانمان.

کە ئەوەم وت، هەموویان لە قاقای پێکەنینییان دا و شێخ حوسێنیش وتی: گرینگ ئەوەیە خوێندنمان تەواو بکەین و پێمان بڵێن دکتۆر دوای دەرچوونمان، کەس لە پسپۆرییەکانمان ناپرسێتەوە.

ئەوەبوو، بەرەو شاری بەغداد بەڕێ کەوتین و چووینە هۆتێل هەولێر لە شەقامی ڕەشید.

هۆتێل هەولێر نرخەکەی لەچاو هۆتێلەکانی تر زۆر هەرزان بوو، بۆیە بڕیارماندا ئەو ڕۆژانەی کە لە شاری بەغداد دەمێنینەوە، لەوێ دابەزین. پێشتریش پێش ڕاپەڕین چەند شەوێك لەو هۆتێلە ماومەتەوە، دواجار کە لێی دابەزیم، بە سوتفە لەگەڵ ئەحمەد شوکری ناسراو بە دکتۆر شۆ کەوتمە ژوورێك. یەکەم جارم بوو دکتۆر شۆ لە نزیکەوە ببینم، پێشتر گوێم لە ناوی بووبوو، ئاشنایەتیشم لەگەڵ ئەو شیعرانەی هەبوو کە ڕۆژنامە و گۆڤارەکان بڵاوی دەکردنەوە.

باولێکی گەورەی لەگەڵ خۆی هێنابوو، پڕی دەستنووسی شیعری بوو، چاویلکەیەکی لە چاو کردبوو، تا درەنگی شەو هەر خەریکی خوێندنەوەی ئەو شیعرانەی بوو. پێم وت (مامۆستا ئەم باولە پڕ لە شیعرانەت بۆچی هێناوە؟) وتی (بەیانی دەیانبەم بۆ لای مەحمود زامدار لە بەڕێوەبەرێتی گشتیی ڕۆشنبیری کوردی تاکو لە گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ هەندێکیان بڵاو بکاتەوە).

بەهەرحاڵ، جانتاکانمان لە هۆتێل دانا و بە تەکسییەك چووینە پەیمانگە. لەگەڵیان چوومە یەکەی تۆمار، بۆ تۆمارکردنی ناوەکانیان. کە بەرپرسی تۆمار چاوی بە ئێمە کەوت لەسەر کورسییەکەی هاتە خوارەوە و ڕووی تێکردم و بە تووڕەیییەوە پێی وتم: من دەمزانی تۆ وەربگیرێیت، هەموو خەڵکی کوردستانمان بۆ دەهێنیت. ناچار نیم بۆ ئێوە خۆم بەرپرسیار بکەم و سەرپێچی ڕێنماییيەکانی وەزارەت بکەم. دەچمە لای ڕاگر و پێی دەڵێم، یان من یان ئێوە، دەبێ یەکێکیان هەڵبژێرێت.

ئەمەی وت و بە تووڕەیی چووە دەرەوە.

بەکر زاناش ڕووی تێکردم و وتی: ئەم پیاوە زۆر تووڕە و توندە، عەرەبێکی شۆڤێنییە، لەوە دەچێت بەعسیێکی تۆخ بێت.

منیش وتم: ئێوە لێرە چاوەڕێ بکەن، دەچمەی لای دکتۆر محەمەد مەشهەدانی و داوای لیدەکەم ئێوەش وەربگرێت.

شێخ حوسێن وتی: بڕواناکەم لەبەر خاتری ئێمە، مل لەبەر ملی بەرپرسی تۆمار بنێت و قوربانی پێبدات.

منیش وتم: ئێوە ئەو دکتۆرە ناناسن، کەسێکی باش و کورد دۆستە، خۆی بە منی وت (دەرگای پەیمانگەکەمان کراوەتەوە بۆ هەموو کوردێك).

کە ڕۆیشتمە لای، بەسەر دەمەقاڵێی هەردووکیاندا چووم، دکتۆر محەمەد مەشهەدانی پێی دەوت: ئێمە سەر بە کۆمکاری وڵاتانی عەرەبین و تەنها ڕێنمایی لەوان وەردەگرین، ڕازیت ئەوەیە، ڕازیش نیت دەرگا کراوەیە.

بەو شێوەیە، بەرپرسی تۆمار سەری خۆی شۆڕکرد و بە ناچاری پەڕاوەکانی لەوانیش وەرگرت و فەرمانی بۆ دەرهێنان. ژمارەمان بووە حەوت کەس، من و شێخ حوسێن و بەکر زانا چووینە بەشی (کەلەپووری هزری) و ئەوانی تریش چوونە بەشی (مێژوو).

ئەو مامۆستایانەی کە وانەیان پێدەوتینەوە، پلەی زانستییان لە پرۆفیسۆر کەمتر نەبوو، زۆربەشیان لەسەر میلاکی زانکۆی بەغداد بوون، بە ڕۆژ لە کۆلێژەکانی خۆیان دەوامیان دەکرد و ئێوارانیش لەو پەیمانگەیە دەوامیان دەکرد.

شێخ حوسێن ڕووی تێکردم و وتی: ئافەرین بۆ تۆ کە ئەم شوێنەت بۆ دۆزینەوە، جا حکومەت متمانە بە بڕوانامەکانمان دەکات یان نایکات بە قیڕو جەهەنەم، کە دەرچووین خۆ پێمان دەڵێن دکتۆر!

منیش وتم: کە لە هیچ شوێنێك وەرمان نەگرن، ناچارین بەوە ڕازی بین.

بەکر زاناش وتی: بە بڕوای من ئەم بڕوانامەیە لە بڕوانامەکانی زانکۆکانی عێراق باشترە، چونکە ئەم پەیمانگەیە سەر بە کۆمکاری وڵاتانی عەرەبییە، بۆیە لەگشت وڵاتانی عەرەبی کاری پێدەکرێت.

شەوێك لە هۆتێلی هەولێر ماینەوە، بۆ ڕۆژی دوایی، شێخ حوسێن وتی: ماڵی باوکم و دکتۆر ئەحمەدی کاکم لە گەڕەکی (سبع ابکار)ن، من دەچمە ئەوێ، ئێوارەش لە پەیمانگە دەتانبینمەوە و بۆ چێشتی ئێوارە هەر هەمووتان لە ماڵی باوکم دەعوەتی منن.

کە شێخ حوسێن ئەمەی وت، بەکر زانا سەری خستە ژێر گوێم و پێی وتم: هاوڕێیەکم لە مزگەوتی (حليمة السعدية) لە (حي الثورة) ئیمام و خوتبەخوێنە، ماڵیشی هەر لەناو مزگەوتەکەدایە، دەچینە لای، داوای لێدەکەم ژوورێکمان لەناو مزگەوتەکەی بداتێ، من و تۆش تا خوێندن تەواو دەکەین، لەوێ دەبین.

منیش وتم: نەوەکو ببینە ئەرك بەسەریەوە باشترە هەر لە هۆتێل بمێنینەوە.

وتی: من و تۆ هەردووکمان، بەلای حکومەتی بەعس، ڕابردوومان باش نییە، تۆ لە ساڵی حەفتاو چوار لە شاخ بوویت و منیش پێش ڕاپەڕین لە ڕێکخستنە نهێنییەکانی بزووتنەوەی ئیسلامی کارم کردووە و لەسەر ئەوە لەلایەن دایەرەی ئەمنی ڕژێمەوە گیراوم و بە لێبووردنی

گشـتی بـەردراوم. بـزانن لێـرە دەخـوێنین، کێشـەمان بـۆ دەنێنــەوە و ئازارمان دەدەن.

کە ئەمەی وت، لە دڵی خۆمدا وتم (دوای ڕاپەڕین لە ڕۆژنامەکان زۆر بابەتی توندم لە دژی ڕژێمی بەعس نووسیوە و تەنانەت ماوەیەکیش لە پـارتی پارێزگـارانی کوردسـتان کـاری سیاسـیم کـردووە، هەرچـەندە ماوەیەکــە وازم هێنــاوە، حکومــەتی ناوەنــدیش لێبــووردنی گشــتی دەرهێناوە، بەڵام کێ دەڵێ ئەوان وازمان لێدێنن).

لەم بیرکردنەوەیـەدا بـووم بـەکر زانـا دەسـتی خسـتە سـەر شـانم و وتی: بیر لە چی دەکەیتەوە؟

وتم: بیرم لە قسەکانی تۆ دەکردەوە، تۆ ڕاسـت دەکـەیت بـە دیـدی بـەعس ئێمـە ڕابردوومـان بـاش نییـە، ئـەوان بـزانن لێـرە دەخـوێنین، کێشەمان بۆ دروست دەکەن.

ئـیتر ئـەوەبوو، جانتاکانمـان هـەڵگرت و هۆتێلمـان بـەجێ هێشـت و چووینە ماڵی شێخ تاهیر.

شـێخ تـاهیر زاوای مـەلا عەبدولکـەریمی مـودەڕیس بـوو، پیـاوێکی چاوتێر و بەخشندە و چاونەترس بوو. کـە چـاوی بـە ئێمـە کـەوت، بـە گەرمی پێشوازی لێکردین و بۆ چێشتی ئێوارەش دەعوەتی کردین.

کە لە نانخواردن بووینەوە بەکر زانا پێـی وت: ئێمـە لـە پـەیمانگای (التأريخ والتراپ العلمی) وەرگیراوین، لێرە دەخـوێنین. داوای ژوورێکـت

لێدەکەین، لەناو مزگەوت بماندەیتێ، تا خوێندن تەواو دەکەین تیای دەمێنینەوە.

شێخ تاهیریش وتی: هەر خۆی ژوورێکی مزگەوتم بۆ ئەو کەسانە داناوە کە ساڵانە بۆ خوێندن ڕوو لە شاری بەغداد دەکەن. خۆش بەختانە ئێستا بەتاڵە و کەس داوای لێ نەکردووم.

ئەوەی وت و ئێمەی لەگەڵ خۆی بردە ناو مزگەوت و دەرگای ژوورێکی بۆ کردینەوە و وتی: پێویست ناکات دۆشەك و بالیف و بەتانی بکڕن خۆم ئەم شتانەم تیا داناون مەگەر تەباخێکی بچکۆلانە و هەندێك قاپ و قاچاخ بۆ چێشت لێنان بکڕن.

شوێنی ژوورەکە بۆ من زۆر باش بوو، هەرچەند لە ناو مزگەوت بوو، بەڵام لە حەوشەی پشتەوە نزیك بوو، دەمانتوانی لەجیاتی دەرگای سەرەکی، لە دەرگای پشتەوە هاتوچۆ بکەین. هەرچەند من نوێژم نەدەکرد، بەڵام لە شەرمی ئەو دەستنوێژم هەڵدەگرت و نوێژم لە دوای دەکرد.

ئەو گەمارۆ ئابوورییەی کە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی خستبوویە سەر عێراق، کاریگەرییێکی زۆری لەسەر بژێویی ئەو خەڵکە کردبوو، بۆیە مووچەخۆران، مووچەکانیان بەشی بژێویی ژیانی نەدەکردن، ناچاربوون، دوای دەوامی فەرمی، کارێکی تریش بکەن.

شێخ تاهیریش بۆ بژێویی ژیانی ئوتومبێلێکی تەکسی کڕیبوو، دوای کاتەکانی نوێژکردن، کاری دەکرد و تا درەنگی شەو نەدەگەڕایەوە.

زۆرجار له‌سه‌ر ئه‌و ده‌ستکورتییه‌ی خۆی، سینییێك خواردنی بۆ ده‌هێنـاین و به‌ زۆری ده‌رخـواردی ده‌داین. هه‌رجارێکیش ئێمه‌ی ده‌بینی، پێی ده‌وتین (ماڵی خۆتانه‌، شه‌رم مه‌که‌ن، هه‌ر شتێکتان ویست له‌ ده‌رگا بده‌ن، بۆتان ئاماده‌ ده‌که‌م).

وه‌کو وتم، ئه‌و ڕۆژانه‌ی که‌ بۆ خوێندن ده‌هاتینه‌ به‌غداد، من و به‌کر زانا ده‌چووینه‌ مزگه‌وت و شێخ حوسێن بالیسانیش ده‌چووه‌ ماڵی باوکی. چه‌ند جارێکیش دوای ته‌واوبوونی وانه‌کانمان له‌ په‌یمانگه‌، ئێمه‌ی له‌گه‌ڵ خۆی ده‌برده‌وه‌ و بۆ چێشتی ئێواره‌ له‌ ماڵی باوکی ده‌عوه‌تی ده‌کردین. دیوه‌خانه‌که‌یان له‌ میوانی کورد و عه‌ره‌ب جمه‌ی ده‌هات خه‌ڵکی گه‌ڕه‌که‌که‌ زۆر ڕێزیان له‌ شێخ ئه‌حمه‌دی کاکی ده‌گرت و شه‌وان له‌ ده‌وره‌ی کۆده‌بوونه‌وه‌، ئه‌ویش باسی شه‌ریعه‌تی ئیسلام و فه‌رمووده‌کانی پێغه‌مبه‌ری بۆ ده‌کردن. هه‌ندێکیش بۆ ڕاوێژکردن ده‌هاتنه‌ لای و له‌باره‌ی هه‌ندێك پرسی ئایینی و شه‌رعییه‌وه‌ پرسیان پێی ده‌کرد.

***

هه‌ر له‌و ماوه‌یه‌دا، له‌ شاری به‌غداد سه‌ردانی هه‌ندێك دۆست و براده‌ری خۆمم ده‌کرد، که‌ به‌ هۆی شه‌ڕی که‌نداو هاتبوونه‌ شاری به‌غداد و له‌وێ ده‌ژیان. مامۆستا حوسام داود یه‌کێك بوو له‌و که‌سانه‌ی که‌ له‌ ئاماده‌یی کوردستان وانه‌ی عه‌ره‌بی پێ ده‌وتینه‌وه‌، منی خۆشده‌ویست و منیش ئه‌وم خۆشده‌ویست. له‌ دواهه‌مین خولی

ئەنجوومەنی یاساداناني ناوچەی کوردستان، خۆی کاندید کرد و بووە ئەمینی سڕی ئەنجوومەنەکە. دوای ڕاپەڕینی خەڵکی کوردستان و کشانەوەی حکومەتی عێراقی لە شار و شارۆچکەکانی کوردستان، شاری هەولێری بەجێ هێشت و لە شاری بەغداد نیشتەجێ بوو. سەردانم کرد و هەندێك هەنگوین و خەنەم بە دیاری بۆ برد. لە باڵەخانەی ئەنجوومەنی نیشتمانی عێراقی هەندێك ژووریان دابووە ئەنجوومەنی یاساداناني کوردستان و سەرۆك و جێگرەکەی و مامۆستا حوسام بەو سیفەتەی کە ئەمینی سڕی ئەنجوومەنەکە بوو، لەوێ دەوامیان دەکرد. لە باری گوزەرانی خۆی و خانەوادەکەیم پرسی، وتی: باری گوزەرانمان زۆر خراپە، ئەو مووچەیەی کە وەریدەگرین، بەشی ژیانی ڕۆژانەمان ناکات، بۆیە ناچارین لەپاڵ ئەمە بەدوای سەرچاوەیەکی دارایی تردا بگەڕێین.

لە درێژەی قسەکانیدا وتی: منداڵەکانم دوای دەوامی قوتابخانە، لە شۆڕیجە لەسەر شۆستە شت دەفرۆشن، لەبەر ئەوان نەبێت دەمرین لەبرسان.

جارێکیش کە گەڕامەوە بەغداد، چوومە وەزارەتی پەروەردە، سەردانی مامۆستا حوسێن قەدریم کرد، پێشتر ئەو بەڕێوەبەری گشتیی پەروەردەی شاری هەولێر بوو، لە گواستنەوەی هاوسەرەکەم لە گوندەوە بۆ ناو شار، چاکەی لەسەرم هەبوو. بە ئەرکی خۆمم زانی هەندێك هەنگوین و خەنەم بەدیاری بۆ ئەویش برد. وەکو بۆی باس

**کردم، باری گوزەرانی ئەویش لە باری گوزەرانی مامۆستا حوسام باشتر نەبوو، وتی: من کە بەڕێوەبەری گشتیی دیوانی وەزارەتم، مانگێ هەشت هەزار دیناری چاپ وەردەگرم، بەشی خەرجیی دوو هەفتەمان ناکات.**

**هەر لەو ماوەیەدا، هاوڕێیەکەم، داوای لێکردم کە جارێکی تر سەردانی خەسرۆ جاف بکەمەوە و وەڵامی پەیامەکەی وەزیری ڕۆشنبیری لێ وەربگرمەوە. منیش چوومە لای و پێم وت: برادەرانی هەولێر چاوەڕێی تۆ دەکەن، دەیانەوێ بزانن کەی سەردانیان دەکەیت.**

**وتی: دوای ئەوەی کە تۆ پەیامەکەی وەزیری ڕۆشنبیریت پێ گەیاندم، پرسم بە سەیدولرەئیس سەدام حوسێن کرد، ئەویش پێی شتێکی باش بوو، وتی (پێم باشە خۆت و (محەمەد بەدری) ئەندامی دەستەی کورد لە یەکێتی نووسەرانی عێراق و (دکتۆر نەجمان یاسین) سەرۆکی یەکێتی نووسەرانی عێراق، بە شاندێك ئەو سەردانە بکەن). بەڵام بە داخەوە بەرلەوەی سەردانەکە بکەین، فەرمانەکەی هەڵوەشاندەوە و پێی وتم (لە ئێستادا نێوانمان لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستان زۆر باش نیە، بۆیە پێم باشە سەردانی شاری هەولێر نەکەن).**

**منیش گەڕامەوە شاری هەولێر و پەیامی خەسرۆ جافم گەیاندە هاوڕێیەکەم.**

***

# کێشەیان بۆ نایەنەوە

پاش ئەوەی کە لە (معهـد التـأريخ والتـراث العلمـي) وەرگیرایـن، لـە زانکـۆ کێشـەیان بـۆ نایـنـەوە، هەنـدێك لـە مامۆسـتاکانی دێـی زانکـۆ، پڕۆپاگاندەیان لە دژی ئێمە بڵاوکردەوە، گوایـە ئـەو پەیمانگەیـەی کـە ئێمـە لێـی دەخـوێنین، بـۆ بەعسـییە تۆخەکانـە و تـەنها ئـەوان لێـی وەردەگیرێن. لە کاتێکدا پێچـەوانەی ئەمـە بـوو، ئـەو پەیمانگەیـە هـیچ پەیوەندییێکی بە حیزبی بەعس و حکومەتی عێراقـەوە نـەبوو، تەنانـەت یـەکێك لـە مەرجـەکانی وەرگـرتن، دەبـوو پێشکەشـکار بەڵێننامەیـەك پڕبکاتــەوە و بــەڵێن بــدات کــە بەعســی نییــە و ســەر بــە هــیچ دامودەزگایەکی ئەمنیی نییە.

هــەر بەوەنــدە لێمــان نەگــەڕان، زانکـۆ نووسـراوێکی ئاراسـتەی کۆلێژەکان کرد و ئاگاداریان کردینەوە کە دەبێ لەنێوان بـەردەوامبوون لە خوێندن و وەزیفەکەمان، یەکێك هەڵبژێرین.

کـە لـە پەیمانگـە وەرگیرایـن، بێجگـە لـە فـەرمانی وەرگیرانمـان، کتێبێکیشـیان داینـێ، زانیـاریی تـەواوی لەسـەر پەیمانگەکـە تیـا بـوو. کتێبەکەم خستە ناو جانتاکەم و چوومە لای سەرۆکی زانکۆ، بۆئـەوەی

بـۆی ڕوون بکەمـەوە کـە ئـەو پەیمانگەیـە سـەر بـە کۆمکـاری وڵاتـانی عەرەبییـە و هـیچ پەیوەنـدی بـە حکومـەتی عێراقـەوە نییـە، هـەروەها بەرپەرچی ئەو پڕۆپاگاندانەش بدەمەوە کە لە دژی ئێمە لە دێـی زانکـۆ بڵاوکراوەتەوە.

سەرۆکی زانکۆ هیچ دەرفەتی نەدام، بەبێ ئەوەی سـەیری کتێبەکـە بکات و لە زانیارییەکان بکۆڵێتەوە، ئەو قسانەی پشتڕاست کردەوە کـە لە دژی ئێمە کرابوون. جێگرەکەشی لەجیاتی ئەوەی ئارامی بکاتەوە و قسەیەکی خێرمان بۆ بکات، پشتگیری قسەکانی سەرۆکی زانکـۆی کـرد و وتی ئەو پەیمانگەیە بۆ کادیرەکانی حیزبی بەعس کراوەتەوە.

لە هـەمووی سـەیرتر، ئـەو جێگـرەی سـەرۆکی زانکـۆ کۆنـە ڕەفیـق حیزبی بوو، براکەشی پێشتر وەزیفەیەکی باڵای لە مەجلیسـی تـەنفیزی هــەبوو، دوای ڕاپــەڕین بــۆ بەغــداد ڕای کــرد و لــەوێ کرایــە جێگــری سەعدون حەمادی سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانی عێراقی.

ئەوەی ڕاستی بێت، من زیاتر خەفەتم لە قسەکانی ئەو دەخوارد، لە دڵی خۆمدا وتم (ئەگەر ئێمەش وەکو ئەو بەعسـی بووینایـە، ئێسـتا لـە دژی ئێمە قسەی نەدەکرد).

بەهەرحاڵ، گوێمان بە نووسراوی زانکۆ نـەدا و بـەردەوام بـووین لـە خوێندن. مامۆستاکانیش یارمەتییان دەدایـن، خشـتەی وانـەکانمان بـە جۆرێکی وەها ڕێکخستبوو، ئەو ڕۆژانەی کە لـە کۆلێـژ وانـەمان نـەبوو، دەچووینە بەغداد و وانەکانمان دەخوێند.

ئێواره‌یه‌ك له‌ ناو باخچه‌ی په‌یمانگه‌ من و به‌کر زانا به‌یه‌که‌وه پیاسه‌مان ده‌کرد، به‌کر زانا پێی وتم: چی ده‌ڵێی کێشه‌ی خه‌وتن و نانخواردن و حه‌وانه‌وه‌شت له‌کۆڵ بکه‌مه‌وه؟

منیش وتم: ئه‌ی ئه‌وه نییه له مزگه‌وتی (حليمه السعديه) ده‌خه‌وین و له‌وێ حه‌واوینه‌ته‌وه؟

وتی: مه‌به‌ستم ئه‌وه‌یه، یه‌ك و ژنێك لێره بهێنین و له‌جیاتی ئه‌وه‌ی وه‌کو فه‌قێ له ژووری مزگه‌وت بخه‌وین، ببینه خاوه‌ن ماڵ و وه‌کو پاشا بژین.

منیش وتم: مه‌سه‌له‌یه‌کی کوردی هه‌یه، ده‌ڵێ (گوریس به یه‌کلایی ناگاتێ، نۆره‌ی دوو لاییه)، ئه‌وه تۆ چی ده‌ڵێیت، چۆن ژنمان پێده‌ێت؟

وتی: به‌ڕێوه‌به‌ری کتێبخانه‌که‌مان بێوه‌ژنێکی زۆر جوانه، پیاوه‌که‌ی له شه‌ڕی قادسییه‌ی سه‌دام کوژراوه و ئێستا خۆی و کچێکی به ته‌نیا ده‌ژین، قسه‌شم له‌گه‌ڵ کردووه، زۆری پێ خۆشه هاوسه‌رگیریم له‌گه‌ڵ بکات، بۆ تۆش پێم وتووه، هاوسه‌رگیری له‌گه‌ڵ کچه‌که‌ی بکه، ئوتۆمبیلێکی سوپه‌ر و خانووێکی گه‌وره‌ی له گه‌ڕه‌کی (مه‌نسوور) هه‌یه، ئه‌گه‌ر تۆ ڕازی بیت، من له نهۆمی خواره‌وه‌ی خانووه‌که ده‌بم و تۆش له نهۆمی سه‌ره‌وه به، ئه‌گه‌ر ئه‌وه‌شت پێ باش نییه، با به ئاره‌زووی تۆ بێت، تۆ چۆنت پێ باشه، با وابێت.

منیش وتم: هاوسه‌ره‌که‌م دڵی له‌لامه، به خۆشه‌ویستی هاوسه‌رگیریمان کردووه، ئه‌گه‌ر ئه‌وه بزانێت، چیم به‌سه‌ر ده‌هێنێت!!

ئـەویش وتــی: لای هـیچ کـەس بـاس ناکـەین، ئێمـەش وەکـو شـێخ عەبدوڵڵا بە نهێنی هاوسەرگیری دەکەین.

منیش وتم: مەبەستت شێخ عەبدوڵڵای زینوێیە؟

وتی: لەم ڕۆژانە شێخ عەبدوڵڵام بینـی، لەگـەڵ ژنێکـی عـەرەب، بـە نهێنـــی هاوســـەرگیری کـــردووە کـــە دێتـــە شـــاری بەغـــداد، لای ئـــەو دەمێنێتەوە، تاکو ئێستاش خانەوادەکەی پێیان نەزانیوە.

منیش وتم: هاوسەری من کەسێکی ئاسایی نییە، لە خەویشدا بیر لە ژنهێنان بکەمەوە، یان کەسێکی ترم خۆشبوێ، دڵی خەبەر دەدات.

ئەویش وتی: چۆن شتی وا دەبێت؟

وتم: لەوانەیە تۆ بڕوا نەکەیت بـەڵام ئـەوە ڕاسـتییە و زۆر شـتی وام لێی بینیوە.

بەهــەرحاڵ، بیرۆکــەی ژنهێنانەکــەم ڕەت کــردەوە، کــە گەڕامــەوە شاری هەولێر، بە پێکەنین چیرۆکەکەم بۆ هاوسـەرەکەم گێڕایـەوە، کـە ئەمەی گوێ لێبوو، بە تووڕەییەوە وتی: حەزناکـەم هیچـی تـر لەگـەڵ بەکر زانا هاتو چۆ بکـەیت، ئـەو مەلایانـە هـەموویان وەهـان، ڕەوشـتی خەڵك تێك دەدەن لای ئەوان زۆر ئاساییە بیکەنە چوار ژن، لـە ئـاینی ئیسلام هەر ئەوەندەی لێ فێر بوونە.

ئەوەبوو، لەو ڕۆژەوە هەرچەند جاری دەچوومە بەغداد بۆ خوێندن، هاوسـەرەکەم گومـانی لێـدەکردم و دەیـوت: دەترسـم تـۆ ژنێکـی تـرت هێنابێت و شتێکم لێ بشاریتەوە؟

منـیش هـەموو جارێـك سـوێندم بـۆی دەخـوارد کـە ژنم نـەهێناوە و هیچم لێی نەشاردۆتەوە.

ماوەی چەند مانگێك لە بەغداد دەواممان کرد، دوایی زانکۆ فشـاری زیاتری خستە سـەر ڕاگرایـەتی کۆلێـژەکان و ڕاگرەکـەشمان بـە دەوری خۆی فشاری خسـتە سـەرمان و مـن و شـێخ حوسـێنیش بەرگـەی ئـەو فشارانەمان نەگرت و دەستبەرداری خوێندنەکەمان بووین. بەڵام ئەوانی تر بەردەوام بوون لـە خوێنـدن، چـونکە ڕاگرەکانیـان وەکـو ڕاگرەکـەی ئێمە لەگەڵیان زۆر توند نەبوو، گوێیان نەدایە ڕێنماییيەکانی زانکۆ.

بەکر زانا وەزعی لە هەمووومان باشتر بوو، چـونکە مامۆسـتا بـوو لـە بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی هەولێر،

لەسەر میلاکی وەزارەتی خوێندنی باڵا نەبوو، بۆیە فشاری وەهـای لەسەر نەبوو.

***

# بەردەوام بووم لە هەوڵەکانم

پاش ئەوەی لە ژێر فشاری زانکۆ، وازم لە خوێندنی پەیمانگە هێنا و گەڕامەوە هەولێر، دەستبەرداری بیرۆکەی تەواوکردنی خوێندنی دکتۆرا نەبووم، بیرم هەر لای تەواوکردنی خوێندن بوو. بیرم لە واسیدەیەکی گەورە دەکردەوە، تاکو ئەو خەونەم بێتە دی.

لە ناوەڕاستی حەفتاکان خالید خۆشناوم دەناسی، برای هاوڕێیەکم بوو، ناوی ڕەمەزان بوو، ڕیمێکی هەبوو لە نێوان گەڕەکی باداوە و شەقامی شێخەڵلا کاری دەکرد. ئەوکات، خالید خۆشناو لە کۆلێژی ئادابی زانکۆی بەغداد دەیخوێند و لە ئێزگەی کوردی بەغدادیش بەرنامەی هەبوو، لەم ساڵانەی دوایی کرابووە بەڕێوەبەری گشتیی دەزگای ڕۆشنبیریی کوردی لە شاری بەغداد و زۆر دەستی دەڕۆیشت.

ڕۆژێك هەندێك هەنگوین و خەنەم کڕی و چوومە شاری بەغداد و سەردانیم کرد. کتابێکی خۆشم بە ناوی (حقوق المؤلف) بە دیاری بۆ برد و پێم وت: وەکو خۆت دەزانیت لە دوای ڕاپەڕینەوە حکومەت گشت دامودەزگاکانی لە کوردستان کێشاوەتەوە، بەمەش زیانێکی زۆری لە ئێمە داوە، زانکۆکەمان تەنها شەش مامۆستای کۆنی تیا

ماوه، منیش له‌مێژ نییه خوێندنی ماسته‌رم ته‌واو کردووه و ده‌مه‌وێ درێژه به خوێندنی خۆم بده‌م، دکتۆرا ته‌واو بکه‌م، به‌ڵام وه‌زاره‌تی خوێندنی باڵای عێراقی متمانه به بڕوانامه‌کانی ئێمه ناکات، به‌و هۆیه‌شه‌وه ئێمه‌ی له خوێندن بێبه‌ش کردووه.

که وام وت، ده‌ستی خسته سه‌ر سینگی و وتی: هه‌ر کارێك به من بکرێت، له خزمه‌تدامه، پێم بڵێ چیت بۆ بکه‌م؟

منیش وتم: تۆ به حوکمی شوێنه‌که‌ت، له‌وانه‌یه زۆر به‌رپرسی گه‌وره بناسیت، حه‌زده‌که‌م له‌لای یه‌کێك له‌و به‌رپرسانه‌ی که ده‌یانناسیت، واسیده‌م بۆ بکه‌یت.

ئه‌ویش وتی: له‌کاتێکی باش هاتوویت، دوای تۆزێکی تر ڕه‌فیق عجیل جێگری سه‌رۆکی ئه‌نجومه‌نی نیشتمانی عێراقی دێته لام، داوای لێده‌که‌م هاوکاریت بکات.

ئه‌مه‌ی وت و له‌سه‌ر مێزه‌که‌ی کاغه‌زێکی سپی هه‌ڵگرت و دایه ده‌ستم و وتی: داواکارییه‌کانت له‌سه‌ر ئه‌م کاغه‌زه بنووسه، ئه‌و وێڕای ئه‌وه‌ی جێگری دکتۆر سه‌عدون حه‌مادییه، ئه‌ندامی شوعبه‌ی حیزبی به‌عسیشه، له‌من زیاتر ده‌ستی ده‌ڕوات، ئومێدم هه‌یه شتێکت بۆ بکات.

من داواکارییێکم بۆ سه‌رۆکی ئه‌نجومه‌نی نیشتمانی عێراقی نووسی و دامه‌وه ده‌ست خالید خۆشناو و پێم وت: ئه‌م داواکارییه‌م نووسیوه،

ئەگەر ئەو بیەوێ یارمەتیمان بدات، دەتوانێ پشتگیریمان بکات و بۆ سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانی بەرز بکاتەوە.

ئەویش وتی: ڕەفیق عجیل خەڵکی شاری هەولێرە، لەوانەیە تۆش بیناسیت.

منیش لە دڵی خۆمدا وتم (ئەگەر دەزانێت براکەی ئەو لە سەرۆکایەتی زانکۆ ئیشەکەی ئێمەی تێکداوە و هەڕەشەی فەسڵکردنی لە وەزیفە لێکردووین، ئەوکات هەر بۆمان ناکات).

من لەو بیرکردنەوەیەدا بووم، هاتە ژوورەوە، دوای بەخێرهێنانی، خالید خۆشناو منی بەو ناساند و وتی: ئەم برادەرەم لە زانکۆی سەلاحەددین لە شاری هەولێر مامۆستایە، دەیەوێ لە دکتۆرا بخوێنێت، بەڵام وەزارەتی خوێندنی باڵا ڕێنماییان دەرکردووە و متمانە بەو بڕوانامانە ناکەن کە لە دوای ساڵی ١٩٩٢ دەرچوونە.

ئەویش وتی: من دەتوانم چی بۆ بکەم؟

وتی: ئەم داواکارییەی لێ وەربگرە و بۆی بەرز بکەوە بۆ سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانی و خۆشت قسەیەکی خێریان لای دکتۆر سەعدون حەمادی بۆ بکە.

ئەویش داواکارییەکەی لێ وەرگرتم و خستییە ناو گیرفانی و وتی: حەفتەی داهاتوو، وەکو ئەمڕۆ، لە باڵەخانەی ئەنجوومەنی نیشتمانی سەردانم بکەن، لە ئەنجامەکەی ئاگادارت دەکەمەوە.

کـە داواکارییەکـەم پێـی دا، لــە دڵـی خۆمـدا وتم (دونیایــەکی زۆر سـەیرە، دوو بـران، هەریەکـەیان جەمسـەرێکیان گرتـووە، ئـەو لێـرە ئەندامی شوعبەیە و جێگری دکتۆر سەعدون حەمادییە، براکەی تریشی لـە هـەولێر جێگـری سـەرۆکی زانکۆیـە. ئـەویان لـە زانکـۆ دژایـەتیمان دەکات و ڕێگریمان لێدەکات لە بەغداد بخوێنین، ئەمیش لێرە بەرپرسە و واسیدەی پێدەکەین).

***

# چاوم به دکتۆر مسته‌فا زه‌ڵمی که‌وت

هاوسه‌ره‌که‌م تووشی نه‌خۆشی شێرپه‌نجه بوو، ماوه‌یه‌ك له‌ شاری موسڵ چاره‌سه‌ری وه‌رده‌گرت، دوایی به‌ باشم زانی بیگوێزمه‌وه بۆ نه‌خۆشخانه‌ی (الطب النووي) له‌ شاری به‌غداد. به‌رله‌وه‌ی گه‌شت بکه‌م، دکتۆر سه‌عدی به‌رزنجی له‌دوای ناردم و مه‌عامه‌له‌ی به‌رزکردنه‌وه‌ی پله‌ی زانستی مامۆستایه‌كی پێدام و وتی: بیستوومه بۆ چاره‌سه‌ری نه‌خۆشی هاوسه‌ره‌که‌ت ده‌چیته به‌غداد، ئه‌گه‌ر ڕۆیشتی، ئه‌م مه‌عامه‌له‌یه‌ش له‌گه‌ڵ خۆت ببه‌ و بیده‌ به‌ دکتۆر مسته‌فا زه‌ڵمی، سڵاوی منیشی پێ بگه‌یه‌نه‌ و پێی بڵێ: (ئه‌مه مه‌عامه‌له‌ی به‌رزبوونه‌وه‌ی پله‌ی زانستیی مامۆستایه‌که بۆ پرۆفیسۆری، له‌به‌ر ئه‌و گه‌مارۆ ئابوورییه‌ی که له‌سه‌رمانه، ناتوانین بۆ هه‌ڵسه‌نگاندنی بۆ ده‌ره‌وه‌ی وڵاتی بنێرین، بۆیه ناچارین بۆ ئه‌وی بنێرین و له‌مه‌ولا داوای هاوکاری تریشی لێ بکه‌ین). پێشی بڵێ (ترسی نه‌بێت، به‌ نهێنی مه‌عامه‌له‌کانی بۆ ده‌نێرین).

ئیتر ئه‌وه‌بوو، دوای حه‌فته‌یه‌ك له‌گه‌ڵ هاوسه‌ره‌که‌م چووینه شاری به‌غداد و له‌ هۆتێل (سه‌یوان) له‌ به‌تاوین دابه‌زین. چێشتی نیوه‌ڕۆمان

خوارد و چووینە شەقامی سەعدوون، سەیری ئەو کەلوپەلانەمان دەکرد کە بۆ فرۆشتن لەسەر شۆستەی شەقامەکە داندرابوون، تاکو ئێوارە خۆمان بە دیتنیان سەرقاڵ کرد.

نۆڕینگەی پزیشکەکەمان لە هۆتێلەکەمان نزیك بوو، بۆیە بە پیاسە بۆی ڕۆیشتین. پاش ئەوەی دکتۆر عەبد عەلیمان بینی و لە پشکنینی نەخۆشی هاوسەرەکەم بووینەوە بە سواری تەکسییێك چووینە ماڵی دکتۆر مستەفا زەلمی لە نزیك مزگەوتی (طیبة)، تا گەیشتینە ماڵیان ڕۆژ ئاوا بوو.

پێشتر کتێبەکانی ئەوم خوێندبوونەوە، تەنانەت لە کۆلێژی یاساش لە پۆلی چوارەم (اصول الفقه)ەکەی ئەومان دەخوێند، بەڵام لە نزیکەوە چاوم پێی نەکەوتبوو. کەسێکی خاکی و میوان دۆست بوو. خاوەنی دەیان کتێبی بەنرخ بوو لە بواری یاسا و شەریعەتی ئیسلامیدا، ئەو دیدارە بۆمن مێژوویی بوو، کە چاوم پێی کەوت، زۆر دڵخۆش بووم.

پێشوازییێکی گەرم و گوڕی لێکردین و ئێمەی بردە دیوەخانەکەی. منیش زەرفەکەم دایە دەستی و پەیامەکەی سەرۆکی زانکۆم پێی گەیاند.

ئەویش وتی: هەرچەندە حکومەت بە نووسراوی فەرمی ئێمەی ئاگادار کردۆتەوە، کە نابێت تەعامول لەگەڵ زانکۆکانی کوردستان بکەین، بەڵام من گوێی پێ نادەم و وەکو کوردێك بە ئەرکی سەرشانی خۆمی دەزانم ئەوەندەی پێم بکرێ خزمەت بکەم.

دوای هەناسـەیەکی قـووڵ وتـی: دەبـوو ئێسـتا مـن لـە کوردسـتان بوومایە، نەك لە وڵاتی غەریبی و لە دەرەوەی کوردستان.

منیش وتم: کەوایە بۆچی ناگەڕێیتەوە کوردستان؟

وتـی: ئەمـە چـیرۆکێکی درێـژە، بـەڵام بـۆت بـاس دەکـەم بـا تـۆش بزانیت بۆچی ئێرەم هەڵبژاردووە.

لە درێژەی قسەکانیدا وتی: لە سەردەمی حوکمڕانی پاشـایەتی، لـە شاری سلێمانی وتارخوێن و ئیمامی مزگەوتێك بـووم، تەختـە ڕەشـێکی گەورەم لە ناو حوجرەی مزگەوتەکە دانابوو، منداڵ و گەنجەکانم فێـری خوێندن و نووسین دەکرد. هەندێك پیاوی ئایینی، کە خۆیان بـە زانـای ئایینی دادەنا، شکایەتیان لێکردم و ڕاپۆرتێکیـان لـە دژم بـۆ دایـەرەی ئەمن بەرز کردەوە و بە گرتنیان دام.

ڕۆژێـك دەڕۆیشـتمە مزگـەوت وانـە بـە منـداڵ و گەنجـەکانی گـەڕەك بڵێمـەوە، دوو کارمەنـدی ئـەمن لەبـەر دەرگـای مزگـەوت چـاوەڕێیان دەکردم، کە گەیشتمە لایان، وتیان (تۆ مەلا مستەفا زەڵمیـت؟) منـیش وتم (بەڵێ من مەلا مستەفام). کە ئەوەم وت، هیچ پرسیاری دیکەیان لێ نـەکردم منیـان قۆڵبەسـت کـرد و ڕاپێچـی دایـەرەی ئـەمنییان کـردم. سەرەتا منیان خستە ژوورێکی بچووکی یـەك نەفـەری، بـەڵام دوای دوو کاتژمێر دەریانهێنام و خۆم لە بەردەم بەڕێوەبەری ئەمن بینییەوە.

بەڕێوەبەری ئەمن پێی وتم: ستایشی خوا بکە لەبەر شێخ محەمەدی خـالّ نـەبا، جـارێکی تـر ڕوونـاکی دەرەوەت بـە چـاوەکانی خـۆت نەدەبینییەوە).

دکتـۆر مسـتەفا زەڵمـی لـە درێـژەی قسـەکانیدا وتـی: (منـیش وتم کارێکی خراپتان لەمن بینیوە وا نیگەران بوونە؟)

بەڕێوەبەری ئەمنیش وتی: ( هەندێك لە مەلایەکان دەڵێن تۆ تەختە ڕەشـێکت لـە مزگـەوت دانـاوە، کۆمـەڵێك گـەنجت لـە دەوری خـۆت کۆکردۆتەوە و فێری شیوعییەتیان دەکەیت. بەڵام کە لە بارەی تـۆ لـە شێخ محەمەدی خاڵمان پرسی، وتی ئەگەر من شیوعی بم، ئەو شـیوعی نییە).

دکتۆر مستەفا زەڵمی لە کۆتایی قسەکانیدا وتـی: بـەم شـێوەیە لـە پیلانی ئەو مەلا لەخوا نەترسانە ڕزگـارم بـوو، ئـیتر ئـەوەبوو هـەر ئـەو ڕۆژە لە ڕقی ئەو بەناو مەلایانە، گوێزانێکم بە سمێـڵ و ڕیشـم داهێنـا و یـەك تاڵـە مووشـم بـۆ دەرمـان پێـوە نەهێشـت و دەسـتی هاوسـەر و منداڵـەکانم گـرت و لـە ئێوارەیـەکی درەنگـدا شـاری سـلێمانیم بـەجێ هێشت.

لە قسەکانیدا دیاربوو، خەفەتی ئەو ڕۆژانەی زۆر لە دڵ بوو، بۆیە تا ئـەو سـەربردەیەی بـۆم گێڕایـەوە، چـەند جارێـك هەناسـەی قـووڵی هەڵدەکێشا، وا دەهاتـە پـێش چاوم کـە گەڕابێتـەوە نـاو ڕووداوەکـانی ئەوکات.

ئێمــە لــەو قســانەدا بــووین، هاوســەرەکەی هاتــە ژوورەوە و بـەخێرهاتنی کـردین و ڕووی لـە دکتـۆر مسـتەفا کـرد و پێـی وت: ئـەو میوانانە ماندوون و لە دوورەوە هاتوون، پێویست ناکات بە گێڕانـەوەی ئەم سەربردانە سەریان بیەشێنیت.

دکتــۆر مســتەفا چــووە دەرەوە و دوای تۆزێــك هاتــە ژوورەوە و سینییێکی گەورەی پڕ لە خواردنی بە دەستەوە بوو، لەبەردەمی ئێمەی دانا و وتی: فەرموون دەست درێژ بکەن، شەرم مەکەن، مـاڵی خۆتانـە، ستایش بۆ خوا کە ئێوەی بۆ ناردین تاکو خزمەتتان بکەم.

هێندەی خزمەت کردین، شەرممان لە خۆمان کـردەوە، لـە ناخـەوە هەستم بە شەرمەزاری دەکـرد، کـە لـە بـارودۆخێکی وەهـا خـراپ، لـەم قاتی و قڕی و گەمارۆی ئابوورییەدا، بووینە ئەرك بەسەریانەوە.

تا ئێمە چێشتمان خوارد، ئەویش لە خوێندنەوەی ئـەو توێژینەوانـە بۆوە کە بـۆ هەڵسـەنگاندن بـۆم هێنـابوو. دوایـی چـایە و میوەشـی بـۆ هێنـاین و لەبـەردەمی دانـاین و وتــی: تـا ئێـوە چـایە و میـوە دەخـۆن منــیش کاغــەزێك بــۆ لیژنــەی بەرزکردنــەوەی پلــەی زانســتی زانکــۆ دەنووسـم، تـاکو ڕۆژێکـی تـر بـۆی نەگەڕێنـەوە، چـونکە شـەقامەکانی شاری بەغداد زۆر جەنجاڵن و ماندوو دەبن.

ئـیتر ئـەوەبوو، تـاکو ئێمـە چـایە و میوەمـان خـوارد، ئـەویش لـە نووسینەوەی نامەکەی بۆوە و دایە دەستم و وتی: ئەگەر ئەم نامەیـەت دایە سەرۆکی زانکۆ، پێی بڵێ (لێـرەوە تـاکو ئـەوێ سـڵاو و ڕێـزم بـۆی

**هه‌یه و سوپاسی ده‌كه‌م كه ئه‌م ده‌رفه‌ته‌ی پێدام خزمه‌تێكی بچووكی كوردستان بكه‌م، هه‌رچه‌ند له ئێوه دوورم، به‌ڵام دڵم لای ئێوه‌یه).**

**هه‌روه‌ها وتی: لێره‌وه تا به‌رده‌رگای ماڵییان ڕێزو خۆشه‌ویستیم بۆ دكتۆر عه‌بدولڕه‌حمان هه‌یه، پێی بڵێ (چاوه‌كانی ماچ ده‌كه‌م و له ئه‌حواڵی ده‌پرسم، هیوای ته‌ندروستییێكی باش و ته‌مه‌نێكی درێژی بۆ ده‌خوازم).**

**به‌م شێوه‌یه، نامه‌كه‌م لێی وه‌رگرت، ماڵئاواییم لێی كرد و گه‌ڕاینه‌وه هۆتێل.**

**هاوسه‌ره‌كه‌م زۆر پێی سه‌رسام بوو وتی: خۆزگا هه‌موو كه‌سێك وه‌كو ئه‌و بووایه، پرۆفیسۆرێكی گه‌وره و پیاوێكی ناوداری وه‌كو ئه‌و، هێنده‌ی ڕێزلێنااین، شه‌رمه‌زاری كردین. هه‌ندێك هه‌ن، له‌چاو ئه‌و هیچیش نین، كه‌چی به پۆزه‌وه قسه له‌گه‌ڵ خه‌ڵك ده‌كه‌ن.**

**منیش وتم: ئیمامی غه‌زالی ڕاستی فه‌رمووه، داری به‌ردار، هه‌میشه ده‌چه‌مێته‌وه. دكتۆر مسته‌فاش چه‌ندین بڕوانامه‌ی هه‌یه و خاوه‌نی ده‌یان كتێبی به نرخه، به‌رهه‌مه‌كانی له زۆربه‌ی وڵاتانی عه‌ره‌بی و ئیسلامی ده‌خوێندرێن، سه‌ره‌ڕای ئه‌وه‌ش كه‌سێكی ساده و ساكاریشه.**

**كه گه‌یشتینه‌وه به‌تاوین، پێش ئه‌وه‌ی بگه‌ڕێینه‌وه هۆتێل، له شه‌قامی سه‌عدوون چاوم به سكرتێری گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ كه‌وت، دوای چاك و چۆنی و ئه‌حواڵ پرسین، وتی: تاكه‌ی لێره ده‌مێنیته‌وه؟**

منیش وتم: تاکو دوو ڕۆژی تر لێرە دەمێنینەوە بەیانی سەردانی جێگری سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانی دەکەم، هەندێك کارم پێیەتی، تا چاوم پێی دەکەوێت، فریای گەڕانەوە ناکەوین، چونکە لەگەڵ خۆرئاوابوون ڕێگای هەولێر دادەخرێت بۆیە بەیانیش لێرە دەمێنینەوە.

کە ئەوەم وت، لە گیرفانی چاکەتەکەی بیتاقەیەکی دەرهێنا و دایە دەستم وتی: سبەی ئێوارە لە بارەگای کۆمەڵەی ڕۆشنبیری کوردی لە وەزیرییە، بە بۆنەی ئازادکردنی شاری هەولێر لە چنگی چەکدارەکانی سەر بە دەسەڵاتدارانی ئێران، کۆڕێکی شیعر خوێندنەوە ساز دەکەین، پێم خۆشە تۆش ئامادەبیت.

بیتاقەکەم لێی وەرگرت و خستمە ناو گیرفانم و پێم وت: ئەگەر لێرە مامەوە و فریای گەڕانەوە نەکەوتم، ئامادە دەبم.

یەکتریمان جێ هێشت و ئێمەش گەڕاینەوە هۆتێل و ئەو شەوەمان بەسەر برد.

دوای نانخواردنی بەیانی، هاوسەرەکەم لە هۆتێل بەجێ هێشت و منیش بە سواری پاس ڕۆیشتمە ئەنجوومەنی نیشتمانی و سەردانی جێگری سەرۆکی ئەنجوومەنم کرد.

جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن کە چاوی پێم کەوت، وتی: هەست بە شەرمەزاری دەکەم، کە هیچم بۆ تۆ پێ نەکرا.

منیش وتم: ئێوە نوێنەری گەل و گەورەترین دەسەڵاتن، ئەگەر ئێوە پێتان نەکرێت، ئەی کێ پێی دەکرێت؟

وتی: لەبەر خاتری خالید خۆشناو داوام لە دکتۆر سەعدون حەمادی کرد، شتێکت بۆ بکات، بەڵام ئەویش نەیتوانی هیچت بۆ بکات، وتی (ئەو جۆرە مەعامەلانە پەیوەندییان بە ئاسایشی نیشتمانییەوە هەیە، ئێمە بۆمان نییە قسەی لێوە بکەین).

***

# عیزەت دووری ویستی بمبینێت

ئێوارە چوومە کۆمەڵەی ڕۆشنبیری کوردی لە گەڕەکی وەزیرییە، بۆ کۆڕی شیعر خوێندنەوە. کە گەیشتمە ئەوێ، کۆڕەکە دەستی پێکردبوو، خەسرۆ جاف لەسەر تەختەی شانۆ بوو، لە ساڵیادی (ملحمة المتوكل بالله) و گرتنەوەی شاری هەولێر لەلایەن هێزەکانی سوپای عێراقی شیعری دەخوێندەوە.

کەسانێکی زۆر ئامادەی کۆڕەکە ببوون، ئیبراهیم بەرزنجی بەڕێوەبەری کارگێڕیی دەزگای ڕۆشنبیری کە چاوی پێم کەوت، پێشوازی لێکردم و لە ڕیزی دووەمی دانام و خۆشی لە کورسییەکەی تەنیشتم دانیشت.

پیاوێکی عەرەب لە تەنیشتی دانیشتبوو، قاتێکی دوو پارچەی زەیتوونی لەبەردابوو، پێشتر ئەوم نەبینیبوو. ئیبراهیم بەرزنجی ڕووی تێکردم و پێی وتم: ئەوەی تەنیشتم (عطية شنطاغ) بەڕێوەبەری نووسینگەی ڕەفیق عیزەت دوورییە، ناسراوە بە ئەبو قەیس.

ئەویش دەستی بۆ درێژکردم وتی: أهلا ومرحبا، أتشرف بمعرفتكم.

ئیتر ئەوەبوو، منیش خۆم پێی ناساند و پێم وت کـە مامۆسـتام لـە کۆلێـژی یاسـا لـە شـاری هـەولێر. کـە ئەمـەم وت، پێـی وتم: هەنـدێك پرسیاری یاساییم هەیە، دەکرێ لە شوێنێکی هـێمن دانیشـین، دوور لـە دەنگە دەنگ، هەندێك پرسیارت لێبکەم؟

منیش وتم: تۆ چۆنت پێ خۆشە با وابێت.

لـە کۆڕەکـە هەسـتاین و چـووینە ژوورێکـی تـر هـەر لـەناو بینایـەی کۆمەڵــەی ڕۆشــنبیریی کوردییــەوە. هێشــتان بــە تــەواوەتی لەســەر کورسییەکە دانەنیشتبووم، وتی: لە ڕاسـتیدا مـن هـیچ پرسـیارم نییـە، بەڵکو پەیامێکم لە ڕەفیق (عیزەت ئیبراهیم)ەوە بۆ تۆ پێیە و دەمـەوێ پێتی بگەیەنم.

کە وای وت، لەترسان مووچڕك بە لەشمدا هات، لـە دڵـی خۆمـدا وتم (کەوتمـە نـاو چـاڵەکەوە، جـارێکی تـر چـاوم بـە هاوسـەر و منداڵـەکانم ناکەوێتەوە و شوێنبزرم دەکەن).

لەو خەیاڵەدا بووم، ئەبو قـەیس ڕووی تێکـردم و وتـی: بـە کـورتی، ئێمــە زانیــاریی تــەواومان لەســەر تــۆ هەیــە، دەزانــین تــۆ کەســێکی ڕۆشــنبیریت و دەیــان کتێبــی بڵاوکــراوە و نووســینت لــە ڕۆژنامــە و گۆڤارەکـان هەیـە، کەسـێکی نیشـتمان پـەروەر و بوێریـت. ئـەوەش دەزانـین کـە دەتـەوێ لـە دکتـۆرا بخوێنیـت، ڕەفیـق عیـزەت ئیـبراهیم زانیاریی تەواوی لەسەر تۆ هەیە، دەیەوێ چاوی پێت بکەوێت.

**ئـەبو قـەیس لـە درێـژەی قسـەکانیدا وتـی: ڕەفیـق عیـزەت دووری چاوی پێت بکـەوێت، کێشـەی خوێنـدنی دکتـۆرات نامێنێـت بـە نووکـە قەڵەمێکی ئەو وەردەگیرێیت.**

**کـە وای وت، لـە دڵـی خۆمـدا وتم (ئەگـەر ئـەم چـاوپێکەوتنە ڕەت بکەمـەوە، دەمگرێـت و شـوێنبزرم دەکـات، بۆیـە باشـتر وایـە بـە درۆ بەڵێنی پێبدەم)، بۆیـە پـێم وت: بـۆمن شـەرەفێکی گەورەیـە، ئوسـتاز عیزەت ئیبراهیم چاوی پێم بکەوێت.**

**کە ئەوەم وت، بە زەردەخەنەیەکـەوە وتـی: واتـە تـۆ ڕازیـت بچـیتە لای؟**

**منیش وتم: بێ گومان ڕازیم، لەوەباشتر دەبێ چاوم بـە کەسـێکی وا بکەوێت و دەردی دڵی خۆمی بۆ باس بکەم.**

**ئەویش وتی: ئیتر لەمەو دوا کەسـێکی پۆڵاییـت لـە پشـت دەبێـت و چیت بوێ بۆتی دەکات.**

**ئەمەی وت و دەفتەرێکی بچووکی لە گیرفانی خۆی دەرهێنـا، نـاوی منی لەناو نووسی و وتی: لە چ هۆتێلێك دابەزیون؟**

**وتم: لە هۆتێلی سەیوان لە بەتاوین.**

**ئەویش وتی: بەڕێوەبەری ئەو هۆتێلەش جەماعەتی خۆمـانن دوایـی تەلەفۆنیان بۆ دەکەم پێیان دەڵێم ئاگایان لێت بێت.**

**لە درێژەی قسەکانیدا وتی: ڕەفیق عیزەت ئیبراهیم بەیانی کاتـژمێر دەی پـێش نیـوەڕۆ چـاوی پێـت دەکـەوێت. پـێش ئـەو کاتـە، کەسـێك**

دەنێرینە شوێنت، بـە ئۆتـۆمبێلێکی تایبـەت دەتهێننـە لای مـن، دواتـر بەیەکەوە دەچینە لای ڕەفیق عیزەت و ئینجا کاری من تەواو دەبێـت و بە تەنیا لەلای دەمێنیتەوە.

ئەوەی وت و لەسەر کورسییەکەی هاتە خوارەوە و پێی وتم: ئێسـتا با بگەڕێینەوە ناو هۆڵەکە. ئەگەر ئیبراهیم بـەرزنجی یـان هەرکەسـێکی تر لێی پرسیت لەگەڵ ئـەبو قـەیس باسـی چـیتان دەکـرد، پێیـان بڵـێ هەندێك پرسیاری یاسایی هەبوو، لێی پرسیم و منیش وەڵامم دایەوە.

کـە کۆڕەکـە تـەواو بـوو، لـەکاتی چـوونە دەرەوەدا، لـەناو دەرگـا، عەبدوڵڵا کاکـە ڕەش دەسـتی گـرتم و منـی دوور خسـتەوە و پێـی وتم: هەندێك کاری تایبەتیم پێت هەیە، دەمەوێ بەتەنها قسە بکەین.

منیش وتم: ئامادەم.

وتی: لێرە نابێت.

وتم: بۆچـی نابێـت، خـۆ ئێـرە شـوێنێکی گەورەیـە و دەتـوانین لـە سووچێك بەیەکەوە دابنیشین و قسە بکەین.

وتی: نامەوێ ئەوانـەی لێـرە ئامـادەن، مـن و تـۆ بەیەکـەوە ببیـنن، بۆیـە پـێم باشـە کـە چـوویتە دەرەوە، لەوبـەری شـەقامەکە لـە نزیـك شوێنی ڕاوەستانی پاسەکان چاوەڕێم بکەیت منـیش دوای کـەمێکی تـر دێمە لات و بەیەکەوە بە دەم ڕۆیشتنەوە قسە دەکەین.

ئـیتر ئـەوەبوو، چـوومە دەرەوە، وەکـو ئـەو وتـی، لـە شـەقامەکە پەڕیمەوە و لە شوێنی ڕاوەستانی پاسەکان چاوەڕێم کرد تاکو هات.

زۆری پێ نەچوو، ئەویش هات و وتی: با لەو شەقامە گشتییە دوور بکەوینەوە، نەوەك کەسێك بەیەکەوە بمانبینێت. باشترە بچینە شەقامی ناو کۆڵانەکان.

ئیتر ئەوەبوو، کە لە شەقامی گشتی دوور کەوتینەوە، پێی وتم: دەزگای هەواڵگری پێیان ڕاسپاردووم کە قسەت لەگەڵ بکەم بۆ کارکردن لەگەڵ ئەو دەزگایە. ئەگەر تۆ ڕازی بیت بەیەکەوە دەچینە ئەوێ و سەرۆکی دەزگا دەیەوێ چاوی پێت بکەوێت.

کە ئەمەی وت، لە ترسان دڵم وەکو گونی سەگ لێی دەدا، لە دڵی خۆمدا وتم ( چیم بەسەرهاتووە، لەلایەك عیزەت ئیبراهیم، کەسی دووەمی عێراق دەیەوێ چاوی پێم بکەوێت، لە لایەکی تریشەوە بەرپرسی یەکەمی دەزگای هەواڵگری دەیەوێ بمبینێت و کاریان لەگەڵ بکەم). لەو بیرکردنەوەیەدا بووم، عەبدوڵڵا کاکەڕەش دەستی خستە سەرشانم وتی: دەزانم ئەم هەواڵە بۆ تۆ شتێکی کتوپڕ بوو بەڵام دڵنیات دەکەمەوە بەخت یاوەرت دەبێت و بە کارکردنت لەو دەزگایە پایەت بەرز دەبێت و خەونەکانیشت دێنە دی.

لە درێژەی قسەکانیدا وتی: من عەبدی مەئمورم، فەرمانم پێکراوە کە ئەم پەیامە بگەیەنمە ئێوە، بەرامبەر ئەوە هیچم پێ نابڕێتن بەڵام تۆ سوودمەند دەبیت.

منیش وتم: لەوانەیە تۆ هێشتان بە تەواوەتی من نەناسیت، ڕاستە کاری سیاسیم کردووە و پێشتریش چوومەتە شاخ و لە دژی حکومەت خەباتم کردووە بەڵام لە ژیانمدا سیخوڕی و کاری نهێنیم نەکردووە.

ئەویش وتی: ئەو کارە سیخوڕی نییە، تۆ کەسێکی ڕۆشنبیر و نیشتمان پەروەریت، داوات لێ ناکرێ شاری خۆت بەجێ بهێڵیت و بێیتە ئێرە، تۆ لە سەر کاری خۆت بەردەوام دەبیت و تەنها پەیوەندیت بە دەزگای هەواڵگرییەوە دەبێت.

منیش وتم: با شەرم لە یەکتری نەکەین دەزانم تۆ لەبەر من وا دەڵێی، ئەوەش دەزانم ڕەتکردنەوەی ئەم داوایە باجەکەی گرانە، بەڵام من ناتوانم قبووڵی بکەم. ئەوە هەڵەی خۆمە، بەو لێبووردنە گشتییەی حکومەت هەڵخەڵەتام، بۆیە ئامادەم باجی ئەو هەڵەیەم بدەم، فەرموو بمگرە و ڕادەستی ئەوانم بکە، چیم لێدەکەن با بیکەن، بەڵام ناتوانم کاریان لەگەڵ بکەم.

کە ئەوەم وت، دەمانچەیەکی چواردەخۆری لەبەر پشتی دەرهێنا و فیشەکی خستەبەری و سواری کرد. وامزانی دەمکوژێت، بۆیە شادەیەکی بە هەقم هێنا و لە خوا پاڕامەوە، هاوسەرەکەم لێم خۆشبێت و گەردەنم ئازاد بکات کە خۆی و منداڵەکانم بە تەنها بەجێم هێشتن و بەدوای ئارەزووەکانی خۆم کەوتم.

چاوەکانی خۆم نووقاند و چاوەڕێم دەکرد، بمکوژێت. کەچی لەجیاتی ئەوەی بمکوژێت، دەمانچەکەی خستە ناو دەستم و وتی: ئەم

دەمانچەیەم لێ وەربگرە و بمکوژە، من هەڵەیەکی گەورەم بەرامبەر تۆ کرد، هەست بە شەرمەزاری دەکەم، موستەحەقی ژیان نیم.

کە ئەوەی وت، چاوەکانم کردنەوە و هەناسەیەکم بە قووڵی هەڵمژی، لە دڵی خۆمدا وتم (ئەمجارەش ڕزگارم بوو).

جارێکی تر لێی دووبارە کردمەوە وتی: لەگەڵ تۆمە، بۆچی دەمانچەکەم لێ وەرناگریت و نامکوژیت؟

منیش وتم: تۆ چیت کردووە تا بتکوژم؟

وتی: ئەوەنییە تۆم خستە دۆخێکی خراپەوە.

منیش وتم: تۆ پەیامێکت پێ بوو گەیاندت، منیش ڕای خۆم پێ وتی. ئێمە هەردووکمان کوردین دوژمنی یەکتری نین تا بتکوژم.

کە ئەمەم وت، دەمانچەکەی خستەوە بەر پشتی و پێی وتم: ئەو قسانەی کردم، لای کەس باسیان مەکە، با بە نهێنی لە نێوان هەردووکمان بمێنێتەوە.

***

# تێم قوچاند و گەڕامەوە هەولێر

**گەڕامــەوە هۆتێــل، هاوســەرەکەم کــە منــی بینــی پێــی وتم: زۆر دواکەوتی، تۆ وتت ئێوارە کۆڕی شیعر خوێندنەوە هەیە، کەچی نوێـژی عیشاش بوو، ئینجا هاتیتەوە.**

**منیش وتم: لەلایەن حکومەتەوە کراومەتە ئامانج، دەبێ بـەم شـەوە بەغداد بەجێ بهێڵین، دەنا دەکەومە داوی دەزگای هەواڵگرییەوە.**

**کە ئەمەم وت، هاوسەرەکەم زۆر ترسـا، وتـی: ناکـات لەسـەر کـارە سیاسییەکانی ڕابردووت و ئەو وتارانەی لە دژی حکومەت دەتنووسـین، لێکۆڵینەوەیان لەگەڵ کردبیت؟**

**منیش وتم: خۆزگا لەسەر ئەوانـە بوایـە، ئـەوکات داکـۆکیم لـە خـۆم دەکــرد و دەمــوت (ئێــوە لێبــووردنی گشــتیتان دەرکــردووە، بۆیــە هاتوومەتە بەغداد و بە ئازادی هاتوچۆ دەکەم).**

**ئەویش وتی: ئەگەر لەسەر ئەمە نەبێت، ئەی لەسەر چییە؟**

**وتم: ئەگەر پێت بڵێم کێ دەیەوێ چاوی پێم بکەوێت، بڕوا ناکەیت؟**

**گاڵتەی بە قسەکانم هات، بە پێکەنینەوە وتی: ناکـات بڵێـی سـەدام حوسێن بەدوای ناردووم؟!**

منیش وتم: ئەوهاش نا، عیزەت ئیبراهیم لـە دوای نـاردووم دەیـەوێ چاوی پێم بکەوێت و کاریان لەگەڵ بکەم.

کە ئەمەم وت، سەری سوڕما وتی: تۆ لە کوێ و عیزەت ئیبراهیم لـە کوێ، بۆ کەسێکی لە تـۆ باشـتریان بەدەسـت نەکـەوتووە، تـا بـە دوای تۆدا نەگەڕێن.

منـیش وتم: ئەوانـە وان، هەمیشـە لـە کەسـێك نزیـك دەبنـەوە کـە ڕابردوویێکی باشی هەبێت، دەستی نووسینی هەبێت و لە ناو خەڵکیش دیار و بەرچاو بێت. تاکو ئەوەی دەیانەوێ لە ڕێگای ئـەوەوە بیکـەن و دواتریش ناوی بزڕێنن.

هاوسەرەکەشم وتی: کە داوای لێکردیت، تۆ چیت وت؟

منـیش وتم: نـەمتوانی داواکـەی ڕەت بکەمـەوە، بـە درۆ پـێم وت ( بینینی ئوستاز عیزەت ئیبراهیم و کارکردن لەگەڵیدا بۆ من شـەڕەفێکی گەورەیە).

هاوسەرەکەشم وتـی: کـێ دەڵـێ تـەنها نایـەوێ بتبینـێ، بۆچـی بـە خراپ لێکی دەدەیتەوە؟

وتم: تەنها بۆ چاوپێکەوتن نییـە، بەڕێوەبـەری نووسـینگەکەی پێـی وتم (ئەو هەموو شتێك لەسەر تۆ دەزانێت، زۆر پێت سەرسامە دەیـەوێ لە شوێنی خۆت دەوام بکەیت و پەیوەندیشت بـەوەوە هـەبێت و کـاری لەگەڵ بکەیت).

**هاوسەرەکەشم وتی: من هیچ سەرم لەو بابەتـە دەرناچـێت بـەڵام وا هەست دەکەم تۆزێك گەورەت کردبێت.**

**منـیش وتم: ئەگـەر بەتـەنها دیتنـی ئـەو بوایـە، منـیش بـە ئاسـایی وەرمـدەگرت و نەدەترسـام. بـەڵام دوای ئـەو، کەسـێکی تـرم بینـی، هەرچـەند کـورد بـوو، بـەڵام ئـەویش سـەربە دەزگـای هـەواڵگری بـوو دەیویست تووشم بکات.**

**هاوسەرەکەشـم وتـی: تـۆ بـۆ کـۆڕی شـیعر خوێندنـەوە دەعـوەت کرابوویت، یان بۆ ئەم بەزمە؟!**

**منیش وتم: ئەو دەعوەتە تەنها بۆ ئەوە بوو، کە بڕۆمە لایان، ئەوان پێشتر پلانیان بۆ ئەو شتانە هەبووە.**

**ئەویش وتـی: باسـی کەسـەکەی تـرت بـۆ نـەکردم، بـزانم چـی لێـت دەویست، بۆچی دەیویست تووشت بکات؟**

**منیش چیرۆکەکەم بە درێژی بۆی گێڕایـەوە و پـێم وت: ئێسـتا چـی بکەین، تاکو لە داوی ئەوانە ڕزگارمان بێت؟**

**وتی: بەم شەوە نـاتوانین هـیچ بکـەین، کەسـیش لێـرە ناناسـین تـا بچـینە ماڵیـان و چـەند ڕۆژێـك خۆمـان بشـارینەوە تـا دەرچـەیەك دەدۆزینەوە.**

**منیش وتم: ئەم کارە ئاسان نییە، ئەوان شـوێنی حەوانـەوەمان پـێ دەزانـن تەنانـەت کـە وتم لـە هۆتێـل سـەیوان دابـەزیوین، بەڕێوەبـەری**

نووسینگەی عیزەت ئیبراهیم پێـی وتم (ئـەوانیش جەماعـەتی خۆمـانن، پێیان دەڵێم کە ئێوە میوانی ئێمەن و ئاگایان لێتان بێت).

کە ئەمەم وت، هاوسەرەکەم زۆر شڵەژا، بە تووڕەیییـەوە وتـی: مـن خەمی تۆم نییە چیت لێدەکەن، یان نا، من خـەمی منداڵەکانمـە ئـەوان هێشتان ساوان، ئەگەر منیش بمرم، کەس نییە چاوی لێیان بێت.

دڵم دایەوە و پێم وت: پێویسـت بـەوە ناکـات خەفـەت بخۆیـت، مـن چەند جـاری تـریش دووچـاری چارەنووسـی لـەوە خـراپتر بوومەتـەوە، دواییش لێی دەرباز بوومە و تێم پەڕاندووە.

ئەویش وتی: بەڵام ئەوەی ئەمجارە جیاوازە، کاتێك کە لە سەربازی هەڵاتی، چوویتە ماڵی خاڵۆوانت لە گوند، بەڵام ئێستا ئێمـە لـەناو زگـی حووتین!!

منیش وتم: تۆ هەندێك ئـارام بـە، پلانێـك دادەنـێم بـۆ ئـەوەی لێـرە ڕزگارمان بێـت. ئەگـەر سـەرکەوتوو نـەبووین، تـەنها مـن دەگیرێـم، تـۆ هیچت بەسەر نایەت.

کە ئەمەم وت: هاوسەرەکەم چاوەکانی پڕبوون لـە فرمێسـك سـەری خۆی لەقاند و هیچ دەنگی نەکرد.

منیش هەندێك بیرم کردەوە، دوایی ڕووم لە هاوسەرەکەم کردەوە و پێم وت : ئێستا دەڕۆمە خوارەوە، بە بەڕێوەبەری هۆتێلەکە دەڵێم زۆر گەرمــە، هاوســەرەکەم نەخۆشــە و بەرگــەی ئــەم گەرمایــە ناگرێــت، چارەیەکمان بکە.

بێ گومان ئـەو نـاتوانێ هیچمان بـۆ بکـات، چـونکە تـەواوی شـاری بەغداد کێشەی وزەیان هەیە و بێ کارەبان.

کـە ئەمـەم وت، هاوسـەرەکەم وتـی: بـا زۆری لـۆ کـەم نـەڵێین، بـە کورتی پێم بڵێ دەتەوێ چی بکەیت؟

منیش وتم: کە ئـەوان کارەبایـان بۆمـان دابـین نـەکرد، منـیش پێـی دەڵـێم، (ئـەم شــەو دەچـینە مـاڵی ناسـیاوێکمان ئـەوان مووەلیـدەی کارەبایـان هەیـە، ئـەم شــەو لای ئــەوان دەمێنینــەوە و بــەیانی زوو دەگەڕێینەوە هۆتێل).

هاوسەرەکەشم وتی: بۆچی ئەو منداڵە، تا بڕوات پێبکات، ئەی ناڵێ ئەگەر ئێوە دێنەوە، بۆچی جانتاکەتان لەگەڵ خۆتان دەبەن؟

منیش وتم: حیسابم بۆ ئەمـەش کـردووە، ئێمـە هـیچ شـتێك لەگـەڵ خۆمان نابـەین، بـە دەسـتی بـەتاڵ دەچـینە دەرەوە، تـا گومانمـان لێ نەکات. ئەویش وتی: بەم شەوە بـۆ کـوێ دەچـین، بازگـەی کـەرکوك و هەولێر لە دوای ئێوارەوە دادەخرێت.

وتم: ئەوە دەزانم، گرینگ ئەوەیە شاری بەغداد بەجێ بهێڵین و بـەم شــەوە خۆمــان بگەیەنینــە شــاری کــەرکوك. ئەمشــەو لــە کــەرکوك دەمێنینەوە و بەیانیش زوو بۆ هەولێر بەڕێ دەکەوین، تاکو ئەوان دێنە هۆتێل و لێم دەپرسن، ئێمە گەیشتووینەتەوە شاری هەولێر و جـارێکی تریش چاویان پێم ناکەوێتەوە.

**به‌م شـێوه‌یه‌، شـاری به‌غـدامان بـه‌جیٚ هێشـت و گه‌ڕاینـه‌وه شـاری كه‌ركوك و به‌یانیش گه‌ڕاینه‌وه شاری هه‌ولێر.**

***

# وازیان لێ نەهێنام

کە گەڕامەوە هەولێر، دەستم بە دەوامی ئاسایی خۆم کردەوە و بۆ چارەسەری نەخۆشی هاوسەرەکەشم لەجیاتی شاری بەغداد، ڕێگای ئێرانمان گرتەبەر. ناوی پزیشکێکمان وەرگرت، لە بیمارستانی ئیمام لە شاری تاران کاری دەکرد، ناوی فازل ئیلاهی بوو، ئێوارانیش لە نۆڕینگەی خۆی چاوی بە نەخۆشەکانی دەکەوت.

کە چووینە لای، باسی نەخۆشی هاوسەرەکەمم بۆی کرد، سەیری ئەنجامی پشکنین و ڕاپۆرتە پزیشکییەکانی کرد و وتی: بۆ چارەسەرکردنی نەخۆشی هاوسەرەکەت، بڕی دە هەزار دۆلارم لێتان دەوێ.

منیش وتم: ئێمە هەردووکمان فەرمانبەرین، توانای داراییمان سنووردارە، لە تواناماندا نییە ئەم بڕە پارەیە بدەین.

ئەویش وتی: خۆ ئێوە ئەو پارەیە نادەن.

منیش وتم: کێ لەجیاتی ئێمە دەیدات؟

وتی: یان جەلال تاڵەبانی یان مەسعود بارزانی.

منیش وتم ئێمـە لەسـەر ئـەرکی خۆمـان هـاتووین و کـەس یارمـەتی نەداوین.

کە وام وت، سەیری پێهات، وتی: وەکو زانیومە ئـەوان هـەردووکیان نووسـینگەی تایبـەتییان بـۆ ئـەم مەبەسـتە لـە ئێـران هەیـە، ئـەو نەخۆشانەی لە باشوورەوە بۆ چارەسـەر دێنـە ئێـرە، ئـەوان پارەیـان لەجیاتی دەدەن.

منیش وتم: گوێم لەوە بووە، بەڵام نازانم چۆن و بۆ کێی دەکەن.

کـە وام وت داوای لێبـووردنی لێکـردم و وتـی: بـۆ ئێـوە باشـترە لـە بیمارستانی ئومێـد لـە شـاری ورمـێ چارەسـەر وەربگـرن. منـیش وتم: چۆن؟

وتی: پزیشـکێکی لێیـە پسـپۆری ئـەم نەخۆشـییانەیە، نـاوی هـادی ڕەنجکـێش زادەیـە، لـە کۆلێـژی پزیشـکی وانـەم پێـی داوەتـەوە و زۆر زیرەکە. نامەیەکتان بۆ دەنووسم، بەناوی من بڕۆنە لای، بـە پارەیـەکی کەم لەو بیمارستانەی کە ئەو کاری تیا دەکات هاوسەرەکەت چارەسەر وەردەگرێت. شـاری ورمـێ بـۆ ئێـوە لـە تـاران نـزیکترە و دەتـوانن بـە ئاسانی لە هەولێرەوە هاتوچۆ بکەن.

ئـیتر ئـەوەبوو کـە نامەکـەی بـۆ نووسـین لـێم وەرگـرت و خسـتمە گیرفانم و بەو شەوە گەڕاینەوە تـەرمینالّ و بـەرەو شـاری ورمـێ بـەڕێ کەوتین.

ئـەو شـەوەمان لـە ڕێگـا لـە نـاو پـاس بـەڕێ کـرد و بـەیانی لەگـەڵ خۆرهـەڵاتن گەیشـتینە جـێ. تەکسـییێکمان ڕاگـرت، داوامـان لێـی کـرد بمانبات بۆ هۆتێلی ئانا لە خیابانی کاشانی.

تاکو ئێـوارە لـە هۆتێـل ماینـەوە، هەنـدێك پشـوومان دا، ئێـوارەش چووینە نۆڕینگەی دکتۆر ڕەنجکێش زادە لە شەقامی ئیمام.

دکتۆر ڕەنجکـێش بـە ڕەگـەز تـورك بـوو بـەڵام هەنـدەی چـاوی بـە نەخۆشی کـورد بکـەوێ، تۆزێـك فێـری زمـانی کـوردی ببـوو، هەرچـەند نەیدەتوانی قسـەی پێبکـات، بـەڵام کـە قسـەمان لەگـەڵ کـرد، لێمـان تێگەیشت.

دوای پشکنینی خوێن و سۆنار و وێنەی تیشـکیی سـتی سـکان، بـە هاوســـەرەکەمی وت: نەخۆشـــییەکەت خراپـــە، ئەگـــەر چارەســـەر وەرنەگریت بڵاودەبێتەوە و مەترسی لەسەر ژیانت دەبێت.

هاوسەرەکەشم وتـی: منـیش بـۆ ئـەوە هـاتووم دەمـەوێ چارەسـەر وەربگرم.

وتــی: ڕاپۆرتێکـت بـۆ دەنووسـم، بـەیانی لەگـەڵ خـۆت بیبـە بـۆ بیمارستانی ئومێد منیش لەوێ دەوام دەکەم تا من دێمن ئێـوە پـارەی نەخۆشخانە بدەن و هەندێك کاری پێویست هەیە دەبێ ئەنجامی بدەن، کە منیش هاتم چارەسەری تیشکیت بۆ دەکەم.

بەو شێوەیە گەڕاینەوە هۆتێل و بۆ بەیانیش چووینە بیمارستانی ئومێد. کارمەندەکانی ئەو نەخۆشخانەیە هەر هەموویان بە زمانی فارسی قسەیان دەکرد تەنانەت ئەوانەش کە کورد بوون، لە ترسی ئیدارە نەخۆشخانەکە نەیاندەوێرا بە زمانی کوردی قسەمان لەگەڵ بکەن. بەڵام خۆش بەختانە، دوو ئافرەتمان لەوێ بینی، ئەوانیش بۆ چارەسەری نەخۆشی هاتبوون، خەڵکی شاری بۆکان بوون، بە زمانی کوردی لەگەڵ یەکتری قسەیان دەکرد. چوومە لایان، داوام لێکردن کە یارمەتیمان بدەن و لەگەڵمان بن بۆ وەرگێڕانی قسەکانمان لە کوردییەوە بۆ فارسی.

ئەوەبوو، کچەکە لەگەڵمان هات و گشت ژوورەکانی لەگەڵ کردین و کارەکەی بۆ ئاسان کردین و لەگەڵمان هاتە لای بەڕێوەبەری نەخۆشخانەکە.

بڕی سێ هەزار دۆلاریان بە پارەی تومەنی ئێرانی بۆ نووسین، ئەو کچەی کە لەگەڵمان بوو، پێی وتم، من ناتوانم لەگەڵت بێمە لای بەڕێوەبەر دەمناسێت، تۆ بچۆ لای و پێی بڵێ ئەو بڕە پارەیە زۆرە لە توانامدا نییە بیدەم، بۆت کەم دەکاتەوە.

منیش وتم: تۆ لەوە دڵنیایت؟

وتی: منیش بۆ دایکم وام پێی وت، پارەکەی بۆ کەم کردینەوە. وەکو وتم ناتوانم لەگەڵت بێم نەوەك بزانێت کە من ڕێگام بۆ داناویت.

بەقسەی ئـەوم کـرد و گەڕامـەوە لای بەڕێوەبـەری نەخۆشـخانەکە و داوام لێی کرد کە یارمەتیمان بدات. وتی نەخۆشەکەتان ناوی چییە؟

وتم: سەعادەت عوسمان.

کە گوێی لە ناوی عوسمان بوو، پەڕاوەکانی دایەوە دەسـتم و وتـی: ئێوە خەڵکی عێراقن، وایە؟

وتم: بەڵێ.

وتی: ئەم نەخۆشخانەیە بە پارەی خێرخوازان دروست کراوە، ئێمـە تەنها یارمەتی هاولاتییانی خۆمـان دەدەیـن و داشـکانیان بـۆ دەکـەین، ئێوە دەبێ پارەی تەواو بدەن.

کە وای وت، هیچ دەنگم نەکرد و هاتمە دەرەوە.

هاوسەرەکەشـم بـۆ ڕۆژی دواتـر، فەرهـەنگێکی فێربـوونی زمـانی فارسی کـڕی وتـی: لـەجیاتی ئـەوەی چـاوم لـە دەسـتی خـەڵکی بێـت، قسەکانم بۆ وەربگێڕن، خۆم فێری زمانی فارسی دەکەم.

بەهەرحاڵ، ماوەی حەفتەیەك لەگەڵ هاوسـەرەکەم هاتوچـۆم کـرد، پاشان کە زانیم شارەزای ڕێگاوبانەکان بووە، دەتوانێ بـەڕی خـۆی لـە ئاو بباتە دەرەوە ئەوم لەگـەڵ ئـالای کچم بەیەکـەوە لـە ورمـێ بـەجێ هێشت، ژوورێکی تایبەتیم لە ناو هۆتێلەکە بۆ گرتن و پێم وتـن: بـەپێی قسـەی پزیشـکەکەت دەبـێ بـۆ مـاوەی سـێ مـانگ بـە بـەردەوامی چارەسـەری تیشـك وەربگریـت بۆیـە دەبـێ مـن بگەڕێمـەوە هـەولێر و بچمەوە سەر کارەکەم.

**بەم شێوەیە ئەوانم لە شاری ورمێ بەجێ هێشتن و منیش گەڕامەوە شاری هەولێر.**

***

# ویستم بچمە لیبیا

دوای ئەوەی بێ ئومێد بووم لە خوێندنی دکتۆرا لە عێراق، بیرم لە چوونە دەرەوەی وڵات کردەوە. ئەو سەردەمە زۆرێك لە مامۆستایانی هەرێمی کوردستان، بۆ وانەوتنەوە و پارە پەیداکردن، ڕوویان لە لیبیا و هەندێك وڵاتی تری عەرەبی کردبوو.

هەر لەو ماوەیەشدا دکتۆر فازل حەمە ساڵح و دکتۆر فاروق کەریم کە پێشتر سەرۆکی بەشی یاسا بوون، چووبوونە لیبیا و لە زانکۆکانی ئەوێ بە گرێبەست کاریان دەکرد.

ئەمە لە کاتێکدا بوو، ئێمە لە هەرێمی کوردستان لە سایەی ئەو گەمارۆ ئابوورییەی کە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و حکومەتی بەغداد لە سەری دانابووین، ژیانمان زۆر سەخت بوو. وێڕای ئەوەش، هەندێك لە مامۆستایانی زانکۆکەمان ئەم هەلەیان بۆ تەواوکردنی خوێندن قۆستەوە و لە لیبیا کاریان دەکرد و لە ڕێگای نامەگۆڕینەوەش لە زانکۆکانی سودان و لوبنان دەیانخوێند.

موعەمەر قەزافی سەرۆکی لیبیا کوردی زۆر خۆش دەویست، هەر کوردێك بۆ ئەوێ بچووبا، پێشوازی لێ دەکرد و کاری پێدەدا.

هەندێك كەسم دەناسین، بڕوانامەی باڵاشیان نەبوو، كەچی لە پەیمانگەكانی ئەویّ وەرگیرابوون، وانەیان دەوتەوە. هەندێكیش لە بازاڕی شێخەڵڵا لە هەولێر بڕوانامەی ساختەیان دروست كردبوو، بەو بڕوانامە ساختانەوە لەویّ دامەزرابوون.

دڵشاد فایز بەكالۆریۆسی لە ئەندازەی شارستانی هەبوو ماوەیەك بوو ڕۆیشتبووە لیبیا و لەویّ لە پەیمانگە وانەی دەوتەوە. ناونیشانەكەیم پەیدا كرد و نامەیەكم بۆی نارد، داوام لێی كرد زانیاریم لەبارەی چوونە لیبیاوە بۆ بنێرێت.

بە نامەیەك وەڵامی دامەوە و تیایدا ئاماژەی بەوە دابوو كە لەو شارەی كە ئەوی لیّ دامەزراوە، بەشی یاسای لیّ نییە، ناونیشانی هەندێك زانكۆی بۆ ناردم كە دكتۆر فازل و دكتۆر فاروق لێی دامەزرابوون. ئەوەبوو، منیش نامەیەكم بۆ دكتۆر فاروق نارد و تیایدا داوای هاوكاریم لێی كرد، بۆ وەرگرتنم لەو زانكۆیەی كە ئەو كاری تیا دەكات.

بە نامەیەك وەڵامی دامەوە و وتی: پێشتر هەر كەسێك لە كوردستانەوە ڕووی لێرە بكردبا، وەریاندەگرت. بەڵام لەوەتی مامۆستایانی زانكۆكانی عێراقیش ڕوویان لێرە كردووە، وەرگرتن لە زانكۆكانی تەرابلوس و شارە نزیكەكان بە زەحمەت كەوتووە، مەگەر بچیتە شاری مسراتە و بەنغازی.

بەهەرحاڵ، بیرۆکەی چوونە لیبیا چووبووە مێشکمەوە، بۆیە بیرم لە دەرهێنانی پاسپۆرت کردەوە، چونکە ئەو بڕە پارەیەم نەبوو، لە بازاڕی شێخەڵڵا پاسپۆرتی ساختەی پێبکرم.

بۆ دەرهێنانی پاسپۆرت، ئەوکاتە دەبوو خۆم و خانەوادەکەم بچینە شاری موسڵ، فەرمانگەی ڕەگەزنامە و باری کەسی لەوێ بوو، ناسنامەی خۆم و هاوسەرەکەم و گشت منداڵەکانم لەوێ نوێ بکەمەوە، ئینجا بڕۆمە شاری کەرکوك لە فەرمانگەی پاسپۆرتی ئەوێ پاسپۆرت دەربێنم.

ئەمەش کارێکی ئاسان نەبوو چونکە لەو ڕۆژەوەی عیزەت ئیبراهیم داوای بینینی منی کردبوو، هەروەها دەزگای هەواڵگری داوای پەیوەندییان لێکردبووم، هیچی تر نەچووبوومەوە بۆ ئەو شارانەی کە لەژێر دەسەڵاتی حکومەتی ناوەندیدا بوون.

ڕۆژێك لە هۆڵی وانەوتنەوە، باسی مەعاناتی خۆمم کرد وتم: من و هەندێك مامۆستا هەوڵێکی زۆرمان دا، تا لە (معهد التأريخ والتراپ العلمی) لە بەغداد لە خوێندنی دکتۆرا وەرگیراین، کەچی لێرە لەجیاتی ئەوەی هاوکاریمان بکەن دژایەتییان کردین و فشاریان خستە سەرمان، ناچاریان کردین کە واز لە خوێندن بێنین. ئەمە لە کاتێکدایە کە زۆربەی مامۆستایانی هەرێمی کوردستان بەرگەی ئەم گەمارۆ ئابوورییەیان نەگرت، هەندێکیان چوونە ئەوروپا، لەوێ بوونە پەناهەندە و ئەوانی تریش چوونە وڵاتانی عەرەبی، لە زانکۆکانی ئەوێ

بە پارەیەکی زۆر کاردەکەن. مـن نـەبێت لـە قـەل و کـۆتریش بـووم نـە ڕێگام دەدەن لێرە خوێندن تـەواو بکـەم نـە ئـەو بـڕە پارەیەشـم هەیـە پاسپۆرتی ساختە لە شێخەڵڵا بکڕم.

کە ئەمەم وت، یەکێك لـە قوتابییـەکان وتـی: بۆچـی ناچـیتە شـاری کەرکوك و لە فەرمانگەی پاسپۆرت بە فەرمی دەری ناهێنیت؟

منیش وتم: دەبـێ ناسـنامەی خـۆم و خانەوادەکـەم لـە فەرمانگـەی باری کەسی لە شاری موسڵ نوێ بکەمـەوە، ئینجـا دەتـوانم پاسـپۆرت دەربێنم.

ئەویش وتی: جا کێشەکە چییە؟

وتم: دوای ڕاپەڕین کاری سیاسیم کردووە و چەندین نووسینیشم لـە دژی ڕژێم لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکـانی کوردسـتان بڵاوکردۆتـەوە، نـاوێرم سـەردانی شـاری موسـڵ بکـەم، نـەوەك لەسـەر ئـەو هەڵوێسـتە سیاسییانەم، دەزگا ئەمنییەکانی ئەوێ بمگرن.

دوای تەواوبوونی کاتی وانە کە گەڕامەوە ژوورەکەی خۆم، قوتابییێك هاتە لام وتی: سەبارەت بە دەرهێنانی ناسنامەی باری کەسی بۆ خـۆت و خانەوادەکەت، دەتوانم هاوکاریت بکەم.

منیش وتم: چۆن؟

وتی: خاڵم ئەفسەرە و یاریدەدەری بەڕێوەبەری ئەو فەرمانگەیەیـە، پێویست ناکات ئێوە بچنە ئەوێ، تۆ ناسـنامەی خـۆت و خانەوادەکـەتم لەگەڵ هەندێك وێنە بۆ بێنە، خۆم دەچـمە شـاری موسـڵ و دەیاندەمـە

خالّم، داوای لێدەکەم ناسنامەکانتان بۆ نویێ بکاتەوە و هەر خۆشم بۆتان دەهێنمەوە.

که ئەمەی وت، زۆر دڵخۆش بووم پێم وت: سوپاست دەکەم بۆ ئەم هەڵوێستە جوانەت بەیانی ناسنامەکان و هەندێك وێنەت بۆ دێنم ئەو چاکەیەشت لەبیر ناکەم.

ئیتر ئەوەبوو بۆ ڕۆژی دواتر وێنە و ناسنامەکانم پێی دا.

***

# قەل چوو خەبەریش چوو

ماوەیەك چاوەڕێم کرد، ئەو قوتابییەم ناسنامەکانی بۆ نەهێنامەوە، ڕۆژێك دوای تەواوبوونی وانە، بانگم کردە ژوورەکەی خۆم و پێم وت: ماوەکی زۆری بەسەر تێپەڕیوە، بۆچی ناسنامەکانت نەهێنایەوە، دەڵێی تەگەرەی تێ کەوتووە؟

وتی: ئەو ڕۆژەی ئێوە ناسنامە کۆنەکان و وێنەی خۆتان دایە دەستم بۆ ڕۆژی دوایی چوومە شاری موسڵ و دامە دەست خاڵم و داوام لێی کرد بۆتان نوێ بکاتەوە. ئەویش بەڵێنی پێدام کە بۆتان تەواو بکات. بەڵام لەم ڕۆژانە تیمێکی کۆشکی کۆماری بۆ پشکنین و بەدواداچوون سەردانی فەرمانگەکەیان کردووە، بۆ دەرهێنانی ناسنامە، ڕێوشوێنی زۆر توندیان گرتۆتە بەر.

منیش وتم: کێشە نییە، ناسنامە کۆنەکانم بۆ بێنەوە، دیارە چارەنووسی من وایە، بچمە سەر زێی بادینان وشك دەبێت!!

کە ئەمەم وت، بە پێکەنینەوە وتی: بەم جۆرە نییە، خاڵم ناسنامەکانی بۆتان نوێ کردۆتەوە، تەنها واژۆی ئێوەی دەوێت بۆ وەرگرتنەوەیان. هەر ڕۆژێك وانەت نەبوو، ئاگادارم بکەوە، دێمە

شوێنتان و بە ئوتۆمبێلی خۆم دەتانبەم بۆ لای خالّم و ناسنامەکانتان بۆ وەردەگرمەوە و دەتانهێنمەوە هەولێر.

کە ئەمەی وت ترسام، لە دڵی خۆمدا وتم (تۆ بڵێی پلانێکی لەژێر سەر نەبێت). بەڵام بەسەر خۆمم نەهێنا و پێم وت: ئەگەر لەبەر دڵی من وا دەڵێی، خۆت ئیحراج مەکە، من گلەییت لێ ناکەم. کە وام وت، دەستی خستە سەر سینگی و وتی: لە خزمەتت دام، بڕوام پێ بکە ناسنامەکانتان تەواو بووە، تەنها واژۆی ئێوەی دەوێ بۆ وەرگرتنەوەیان.

کە وای وت، باوەڕم پێی کرد، پێم وت: بەیانی هیچ وانەم نییە، دەتوانی بێیتە شوێنمان.

ئیتر ئەوەبوو، بۆ بەیانی لەگەڵ خۆرهەڵات لەلامان ئامادەبوو. من و هاوسەرەکەم و هەرچوار منداڵەکانم لەگەڵی ڕۆیشتینە شاری موسڵ.

بە درێژایی ڕێگا، بیرم لای ئەبو قەیس بوو، لە دڵی خۆمدا دەموت (تۆ بڵێی لە ڕێگای ئەم قوتابییەمەوە تەڵەیان بۆم نەنابێتەوە).

بەهەرحاڵ، پێش نیوەڕۆ گەیشتینە شاری موسڵ و چووینە فەرمانگەی ڕەگەزنامە و باری کەسیی هەولێر.

ئەفسەرێك تانجێکی لەسەر شان بوو، کە چاوی بە ئێمە کەوت، پێشوازی لێکردین و بە گەرمی بەخێرهاتنی لێکردین و خۆی پێ ناساندین وتی: من ڕائید نەفیل خاڵی ئەو قوتابییەی تۆم، باسی ئێوەی بۆ کردووە، نەمدەویست ئەم ئەزیەتە بگرنە بەر و ئەم ڕێگا دوورە

بگرنە بەر، بەڵام بەدەستی من نەبوو، ڕێوشوێنەکانی دانەوەی ئەم بەڵگەنامانە گۆڕاون و هەندێك قورسیان کردووە. لەوەتی لیژنەی پشکنین لە کۆشکی کۆماری هاتووە، دەبێ خاوەن مامەڵەکان خۆیان ئامادەبن.

لە درێژەی قسەکانیدا وتی: ئێستا بەجێتان دەهێڵم، کە کارەکانم بۆ تەواوکردن، بانگتان دەکەم، واژۆیەکم بۆ بکەن و ناسنامەکانتان وەربگرنەوە.

ئەمەی وت و چووە ژوورەکەی خۆی. ئێمەش لە مەمەڕەکەی بەردەم ژووری بەڕێوەبەری فەرمانگەکە ڕاوەستابووین، چاوەڕێمان دەکرد.

لەو کاتەدا، بەڕێوەبەری فەرمانگەکە ئیشارەتی بۆ قوتابییەکەم کرد و بانگی کردە ژوورەوە. دوای تۆزێك هاتە دەرەوە و پێی وتم: بەڕێوەبەری فەرمانگە، موقەدەم مەحمود مافپەروەرە، کە زانی تۆ مامۆستای منیت و وەکو ئەو مافپەروەریت، پێی وتم (حەزدەکەم لەگەڵ مامۆستاکەت یەکتری بناسین، پێی بڵێ با بێتە ژوورەوە و قاوەیەکمان لەگەڵ بخواتەوە).

کە چوومە لای، دوو کەس قاتی زەیتوونییان لەبەردابوو، لەلای دانیشتبوون، سڵاوم کرد، سڵاویان لێ وەرگرتمەوە. لەپێشم هەستایەوە و دوای بەخێرهێنان، لە کورسییەکەی بەردەمی دایینیشاندم و بەبێ

موناسەبە وتی: تۆ دەزانی من و جەلال تاڵەبانی دەرچووی هەمان خولی خوێندنین؟

کە ئەمەی وت، لە ترسان مووچڕکم پێداهات، بەڵام بەسەر خۆمم نەهێنا، وتم: چۆن شتی وا دەبێت؟

وتی: بەیەکەوە لە کۆلێژی ماف خوێندوومانە، کە خوێندنمان تەواو کرد، من بوومە ئەفسەری پۆلیس و لە شاری کەرکوك دامەزرام، ئەویش بووە پارێزەر و لە شاری کەرکوك لە شەقامی ئەتڵەس نووسینگەی پارێزەری کردەوە.

لە درێژەی قسەکانیدا وتی: ئێواران، من و چەند هاوڕێیەك دەچووینە لای و گاڵتەمان لەگەڵ دەکرد، ئەویش جوێنی پێدەداین و مستی لە مێزەکەی بەردەمی خۆی دەدا و پێی دەوتین (ئێستا چیم پێدەڵێن بیڵێن، ڕۆژێك دێت، دەبمە سەرۆك کۆماری عێراق، ئەوکاتە هەمووتان دەگرم و فەلاقەتان دەکەم).

مقەدەم مەحمود کە ئەمەی وت، لە دڵی خۆمدا وتم ( دەیەوێ بمدوێنێت و قسەم لێ دەربێنێت، دەنا بۆچی بەبێ موناسەبە ئەو قسانەم بۆ دەکات).

ئەوەی ڕاستی بێت، باوەڕیشم بە قسەکانی نەدەکرد، لە دڵی خۆمدا دەموت (پیاوێکی چەند درۆزنە، مام جەلال لەکوێ و ئەو لە کوێ، بڕواناکەم جارێکیش یەکترییان بینیبێت).

بەهەرحاڵ، ئەو بەردەوام بوو لە قسەکردنیدا و چیرۆکی خۆی و مام جەلالی بۆ دەگێڕامەوە، منیش گـوێم لێ دەگـرت و لـە ترسـانیش ورتـەم لێوە نەدەهات.

دوایـی پێـی وتم: تـۆش قسـەیەکمان بـۆ بکـە، جـەلال تاڵـەبانی ناناسیت؟

منیش وتم: هیچ پەیوەندیم لەگەڵی نییە و ناشتوانم بگەمە لای.

کە وام وت، یەکێك لـەو دوو کەسـەی کـە لـە لای ئـەو دانیشـتبوون، ڕووی تێکردم و پێی وتم: دەکرێت خۆتم پێ بناسێنیت؟

منیش وتم: مامۆستام لە کۆلێژی یاسا لە شاری هەولێر.

ئەویش وتی: منیش (ابو زیدون) بەڕێوەبەری هەواڵگری باکوور.

ئەمەی وت و داوای لێکردم بچمە تەنیشتی دابنیشم، یـان ئـەو بێتـە تەنیشتم.

منیش وتم: ئەزیەت مەکێشە، من دێمە تەنیشتت.

ئیتر ئـەوەبوو، ڕوخسـەتم لـە موقـەدەم مـەحمود وەرگـرت، شـوێنی خۆم گۆڕی، چوومە تەنیشتی دانیشتم. لە ترسانیش هەموو لەشم وەکو کێچ دەلەرزی، بەڵام هەوڵم دا نە ڕووخێم، لەبەردەمیدا خۆڕاگر بم.

ئەبو زەیدون ڕووی تێکـردم و وتـی: پـێم باشـە بـەبێ پـێچ و پـەنا، بچمە ناو بابەتەکە. ئەوەی ڕاستی بێت، ئێمە زانیاریی تەواومان لەسـەر تۆ هەیە، دەزانین کەسێکی نیشتمان پەروەر و لێهاتوویت، حەزدەکەین کارمان لەگەڵ بکەیت.

کە وای وت، لە دڵی خۆمدا وتم (قوتابییەکەم منی فرۆشت، دیارە ئەوانە لەلایەن عیزەت دوری و بەرپرسی هەواڵگری عێراقەوە ئاگادار کراونەتەوە و پلانیان داناوە بۆ بەگەڕخستنم لەو دەزگایە یان گرتنم).

ئەوەی ڕاستی بێت خەمی خۆمم نەبوو، چیم بەسەر دێ یان نا، خەمی هاوسەرەکەم و منداڵەکانم بوو، لە دڵی خۆمدا دەموت (ئاخر ئەوان گوناهیان چییە، باجی کردەوەکانی من بدەن، ئەگەر بە قسەی هاوسەرەکەمم بکردایە، تێکەڵی سیاسەت نەدەبووم و خەریکی ژیانی ئاسایی خۆم دەبووم).

من لەو بیرکردنەوەیەدا بووم، ئەبو زەیدون دەستی خستە سەر شانم و وتی: خەیاڵت بۆ کوێ ڕۆیشتووە، وەڵامت نەدامەوە، پێم وتی حەز دەکەین کارمان لەگەڵ بکەیت؟

منیش وتم: داوای لێبووردنت لێدەکەم، ناتوانم کارتان لەگەڵ بکەم، هەر لە منداڵییەوە خەونم بەو ڕۆژە بینیوە کە ڕۆژێك لە ڕۆژان خۆم بە مامۆستا لە ناو پۆلدا ببینمەوە و نەوەکان فێری زانست بکەم. ئێستاش ئەو خەونەم هاتۆتە دی، بۆیە ناتوانم دەستبەرداری پیشەکەم بم. دەزانم ئەو قسەیەی منت بەدڵ نییە، بەڵام ئەوە ڕاستییە و نامەوێ درۆت لەگەڵ بکەم.

ئەویش وتی: ئێمە نامانەوێ تۆ دەستبەرداری کارەکەت بیت، تۆ لە شوێنی خۆت دەمێنیتەوە و وانەی خۆشت دەڵێیتەوە، لە هەمان کاتدا پەیوەندیشت بە ئێمەوە دەبێ، لە ڕێگای کەسێکەوە کە خۆمان دیاری

دەکەین، ئاگامـان لـە یـەکتری دەبێـت و لـەو کەسـەش بـەو لاوە، هـیچ کەسی تر ئاگاداری پەیوەندیی تۆ و نێوانمان نابێت.

لـە درێـژەی قسـەکانیدا وتـی: ئێمـە کەسـانێکی دەستڕۆیشـتووی زۆرمان لە ناو حیزبەکانی لای ئێوە هەیە، ئەگەر کارمان لەگەڵ بکەیت، پێیان دەڵێین پشتگیریت بکەن و پلەت بەرز بکەنەوە.

منیش وتم: با ڕاشکاوبین لەگـەڵ یـەکتری، ئێـوە دەتانـەوێ مـن بـە نهێنی کارتـان لەگـەڵ بکـەم، لەکاتێکدا ئێسـتا هـیچ شـتێك بـە نهێنـی نەماوەتەوە. ئەوەتا مەحمود ناوێك لەم ڕۆژانە گەڕاوەتـەوە کوردسـتان و کۆمەڵێك فایل و دیکۆمێنتی لە ئەمنی کۆشکی کۆمـاری لەگـەڵ خـۆی هێناوەتە کوردستان و لەسـەر شاشـەی تیڤییـەکان نـاوی ئـەو کەسـانە ئاشکرا دەکات کە سەر بە دەزگای ئـەمنی و هەواڵگرییـەکانی ئێـوەن و لە کوردستان دەژین.

پێش ئەوەی قسەکانم تەواو بکەم، قسەکانی پێ بڕیم و وتـی: ئێمـە ئاگاداری ئەوەین، ئەو پیاوەمان ڕای کردووە بۆ ناو ڕیزەکانی (یـەکێتی نیشتمانی کوردستان) ی بەکرێگیراو. بەڵام دڵنیات دەکەمەوە، جارێکی تر ئەوە دووبارە نابێتەوە و کەسیش بەو پەیوەندییە نازانێت.

لە درێژەی قسەکانیدا وتی: لەو چرکەیە کە تۆ ڕازی دەبیت کارمـان لەگـەڵ بکـەیت ئێمـە لـەجیاتی ناوەکـەت، کۆدێکـت بـۆ دادەنـێین و لـە ڕێگەی ئەو کۆدەوە پەیوەندیت پێوە دەکەین.

منیش وتم: مەسەلە کۆد و ژمارەی نهێنی نییە، وەکو پێم وتی، من پیشەکەی خۆمم خۆش دەوێت و دەمەوێ لەڕێگای مامۆستایەتییەوە خزمەتی گەل و نیشتمانەکەم بکەم.

کە زانی سوورم لەسەر ڕەتکردنەوەی داوایەکەی، کارتێکی لە گیرفانی خۆی دەرهێنا، ناوی خۆی و ژمارەی تەلەفۆنەکەی تیا نووسرابوو، دایە دەستم و وتی: کەواتە با تەنها هاوڕێ بین، ئەمە ناوی خۆم و ژمارەی تەلەفۆنەکەمی تیایە، هەرکاتێك چوویتە شاری بەغداد بەلای ئێمە تێبپەڕە و قاوەیەکمان لەلا بخۆوە.

منیش وتم: ناتوانم بەڵێنت پێبدەم، من حەز لە هاتو چۆی ئەم شوێنانە ناکەم، بۆچی درۆت لەگەڵ بکەم.

کە وام وت، مقەدەم مەحمود ڕووی تێکردم و وتی: داوای لێبووردنت لێدەکەم، ئەگەر بەهۆی منەوە ناڕەحەت بوویت، نامەوێ بە خراپ لێم تێ بگەیت، ئەبو زەیدون هاوڕێیەکی دێرینمە و ئەمڕۆ بە سوتفە لێرە بوو، ئەویش مەبەستی خراپ نەبوو، ویستی سوود لە بەهرە و تواناکانت وەربگرێت.

ئەمەی وت و بانگی پۆلیسەکەی بەر دەرگای کرد و پێی وت: بە ڕائید نەفیل بڵێ ئەو ناسنامانە چییان بەسەرهات، با بیانهێنێت، تا واژۆیان بکەم.

ئیتر ئەوەبوو، ڕائید نەفیل فایلێکی بەدەستەوە بوو، هاتە ژوورەوە و وتی: گەورەم ناسنامەکان تەواو بوونە و تەنها واژۆی تۆیان ماوە.

ئەویش بە قەڵەمە سەوزەکەی ناسنامەکانی واژۆ کرد و پێی وتم: ناسنامەکانتان تەواو بوونە لەگەڵ ڕائید نەفیل برۆ، تەنها پەنجەمۆری ئێوەی ماوە، پەنجەمۆرەکانتان بکەن و وەریانبگرنەوە.

بەرلەوەی بچمە دەرەوە، پێم وت: سوپاستان دەکەم بۆ ئەو متمانەیەی بە منتان بوو، داوای لێبووردنیشتان لێدەکەم ئەگەر بە قسەکانم نیگەرانم کردبن.

ئەبو زەیدون وتی: تۆ ئازادیت کارمان لەگەڵ بکەیت یان نەیکەیت، بۆچی نیگەران بین، هیوادارم تۆش بە قسەکانی من نیگەران نەبوو بیت.

تاکو منماڵئاواییم لێیان کرد، ڕائید نەفیل پەنجەمۆری بە هاوسەرەکەم و منداڵەکانم کردبوو. کە منی بینی وتی: تەنها تۆ پەنجەمۆرت نەکردووە.

ئەوەبوو منیش پەنجەمۆرم کرد و ناسنامەکەم وەرگرتەوە و ماڵئاواییم لێی کرد و بەرەو هەولێر گەڕاینەوە.

لە ڕێگا قوتابییەکەم لێی پرسیم وتی: زۆر لە ژوورەوە مایتەوە، تۆ و بەڕێوەبەری ڕەگەزنامە و باری کەسی باسی چیتان دەکرد؟

منیش وتم: زانیبووی کە من مامۆستای یاسام بۆیە باسی هەندێك بابەتی یاسایی لەگەڵ کردم.

کە ئەمەم وت، لە چاوەکانی قوتابییەکەی خۆمم دەخوێندەوە کە باوەڕی بە قسەکانم نەدەکرد، بەلام کە زانی ئەو قسانەی لێ

دەشـارمەوە کـە لـە نێـوان مـن و ئـەوان ڕوویانـداوە، تـا گەیشـتینەوە هەولێر، قڕو قپ بیَ دەنگ بوو، هیچ پرسیاری تری نەکرد.

منیش بێدەنگیم هەڵبژارد. تا گەیشتمە بەر دەرگای ماڵەوە، بیرم لە قسەکانی مقەدەم مەحمود و ئەبو زەیدون دەکردەوە و لە دڵـی خۆمـدا دەمـوت (کـیَ بزانـیَ ئـەم قوتابییـەم، بـۆ دەزگـای هـەواڵگری عێراقـی، سیخوڕی بەسەر مامۆستاکانی دەکات. خوا دەزانێـت کـە ئـەو دەزگایـە چەند کەسـی وەکـو ئـەوی لـە هـەموو کـونج و کەلەبـەرێکی کوردسـتان بڵاوکردۆتەوە).

***

# نامەیەکم بۆ سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان نووسی

دوای نوێکردنەوەی ناسنامەی باری کەسی، چوومە شاری کەرکوك و پاسپۆرتی عێراقیم بۆ خۆم و هاوسەرەکەم دەرهێنا. لەو ماوەیەشدا کەلوپەلەکانی ماڵەوەم بۆ فرۆشتن هەڕاج کرد. هەموو کتێبەکانم بە کتێبخانەوە، تەنها سێ سەد دیناریان پێی دا، جامخانەیەکیشمان هەبوو، خۆم دروستم کردبوو، ئەویش دوو هەزار دیناریان پێی دا، تەواوی کەلوپەلەکانی تریش، کەس یەك فلسی سووری پێ نەدا. بۆیە بیرۆکەکەم بۆ چوونە لیبیا فەشەلی هێنا، چونکە پارەکە بەشی خەرجییەکانی ئەو گەشتەی نەدەکرد.

بەهەرحاڵ، تەواوکردنی خوێندنی دکتۆرا لە کەللەی دابووم، شەو و ڕۆژ بیرم لێی دەکردەوە. لەو ماوەیەدا، دوو هاوڕێی نزیکم لەسەر ئەرکی حکومەتی هەرێمی کوردستان چوونە لوبنان بۆ خوێندن. منیش داواکارییێکم نووسی و لەڕێگەی بەرپرسێکی قوتابیان بۆ سەرۆکی حکومەتم نارد و تیایدا داوای خەرجکردنی بڕی پارەیەکم کرد بۆ تەواوکردنی خوێندنی دکتۆرا لە لوبنان.

ماوەیەك چاوەڕێم کرد، هیچ دەنگی نەبوو، لە دڵی خۆمدا وتم (چۆن بڕە پارەیەکی وەها زۆرم بۆ خەرج دەکەن، لەکاتێکدا بەهۆی گەمارۆی ئابووریی ڕژێمی بەغداد، حکومەتی هەرێمی کوردستان کێشەی دارایی هەیە).

بە پێچەوانەی بیرکردنەوەکەم، ڕۆژێك لە کۆلێژ، لە ژووری دکتۆر عەبدولڕەحمان ڕەحیم دانیشتبووم، حاجی یوسفی بەڕێوەبەری نووسینگەی تایبەتی سەرۆکی حکومەت هاتە ژوورەوە و دوای سڵاوکردن و هەواڵپرسین پێی وتم: دەتوانین لە دەرەوە دوو قسە بکەین؟

ڕوخسەتم لە دکتۆر عەبدولڕەحمان وەرگرت و لەگەڵی ڕۆیشتمە دەرەوە. وتی: داواکارییێکت بۆ سەرۆکی حکومەت ناردووە تیایدا داوای یارمەتی داراییت کردووە، بۆ تەواوکردنی خوێندن لە لوبنان. سەرۆکی حکومەت دوای ڕاوێژکردن لەگەڵ وەزیری دارایی و ڕاوێژکاری خوێندنی باڵا، ڕەزامەندی داوە لەسەر خەرجکردنی بڕێك پارە، بەشی خەرجییەکانت دەکات.

کە وای وت لە خۆشییان وەخت بوو باڵ بگرم و بفڕم. ئەویش بەردەوام بوو لە قسەکانی وتی: سەرۆکی حکومەت بۆیە منی بۆ لای تۆ ناردووە، تاکو پێت بڵێم (لای هیچ کەسێك باسی ئەو بابەتە مەکە، ئەم نهێنییە با لە نێوان خۆمان بمێنێتەوە، نەوەك کەسانی تریش داوای یارمەتیمان لێ بکەن).

منیش وتم: دڵنیابن لەوەی کەس لە زاری مـن ئـەم هەواڵـە نازانێـت. ئەمەم وت و چاوەڕێ بووم دەست بخاتەوە گیرفانی و پارەکەم بـداتێ، کەچی وتی: چاوەڕوان بـە، لـەم ڕۆژانـە ئـەو بـڕە پارەیـەت بـە دەسـت دەگات، وەکو پێم وتی، کە وەرت گرت لای کەس باسی مەکە.

بەم شێوەیە، منی بەجێ هێشت و گەڕایەوە ئەنجوومـەنی وەزیـران، منــیش گەڕامــەوە ژوورەکــەی خــۆم و لــە خۆشــییان ئــاو لــە دەمــم ڕانەدەوەســتا. دوای تــەواوبوونی دەوام، کــە گەڕامــەوە ماڵــەوە، لــە خۆشییان نانم پـێ نـەخورا، زۆریـم لـە خـۆم کـرد تـا یـەك دوو کەوچك خواردنم خوارد. هاوسەرەکەم کە منی بەم شێوەیە بینی، وتـی: ئـەمڕۆ دڵخۆش دیاریت، دیارە هەواڵێکی خۆشیان بۆ هێناویت؟

منیش بەڵێنم بـە حـاجی یوسـف دابـوو کـە باسـی ئـەوە لای کـەس نەکەم، بۆیە لێم شاردەوە و پـێم وت: خۆشـم نـازانم بۆچـی ئـەمڕۆ دڵـم خۆشە، لە ناخەوە هەست دەکەم، خودا ئاوڕم لێ بداتەوە و خەونـەکانم بێنە دی.

ڕۆژانــە کــە دەچــوومە کۆلێــژ بــۆ وانەوتنــەوە، بــیرم لای قســەکانی حاجی یوسف بوو، چاوەڕێی گەیشتنی ئەو بڕە پارەیەم دەکرد.

بەم شـێوەیە، نزیکـەی یـەك مـانگ تێپـەڕی، نـە ئـەو بـڕە پارەیـەم گەیشتە دەست نە کەسیش پەیوەندی پێمەوە کرد. لەو ماوەیەشدا، بە بڕیــارێکی تایبــەتی ســەرۆکی حکومــەت ڕەزامەنــدی درا کــە هــەر مامۆستایەکی زانکۆ، پلەی زانستی پرۆفیسۆری یاریـدەدەر بێـت و دوو

توێژینـەوەی زانسـتی هـەبێت، دەتـوانێ بـەبێ خوێنـدنی کۆرسـات، لـە ڕێگەی توێژینەوە، بڕوانامەی دکتۆرای پێبدرێت.

ئەو بڕیارە سێ مامۆستای زانکۆی گرتەوە، دەوامی ڕۆژانەی خۆیان دەکرد و خەریکی نووسینەوەی تێزی دکتۆراکانیشیان بوون.

منیش داواکارییێکم نووسی و لە ڕێگای هەمان کەسی پێشـووەوە بـۆ سـەرۆکی حکومـەتم ڕەوان کـرد. تیایـدا داوام کردبـوو کـە بڕیارەکـەی حکومەت منیش بگرێتەوە و لـەو مەرجانـەی کـە دایاننـاون، هـەڵاوێردم بکەن و ڕێگا بدەن منیش لە ڕێگەی توێژینەوە لە دکتۆرا بخوێنم.

دوای چـەند ڕۆژێـك، جـارێکی تـر حـاجی یوسـف پەیوەنـدی پێـوە کردمـەوە و وتـی: سـەرۆکی حکومـەت دەڵـێ (بۆچـی ئـەو مامۆسـتایە داوایـەکی لـەو جـۆرە دەکـات لـە کاتێکـدا ماوەیـەك پـێش ئێسـتا بـڕی هەژدە هەزار دۆلارمان بۆی خـەرج کـردووە، بـۆ تـەواوکردنی خوێنـدنی دکتۆرا لە لوبنان).

منیش وتم: ئەو پارەیەی تۆ باسی دەکـەیت، نەگەیشـتۆتە دەسـتم. ئەگەر وەرم بگرتبا بۆچی داوایەکی لەو بابەتەم لـە سـەرۆکی حکومـەت دەکرد؟

ئـەویش وتـی: تـۆ دڵنیایـت کـە هـیچ پـارەت بـۆ ئـەم مەبەسـتە لـە حکومەت وەرنەگرتووە؟

منیش وتم: لەناوی خۆم زیاتر دڵنیام.

کـە وام وت، سـەری سـوڕما، وتـی: بگەڕێمـەوە شـوێنی خـۆم لێکۆڵینەوەی بۆ دەکەم و لە ئەنجامەکەی ئاگادارت دەکەمەوە.

ئـیتر ئـەوەبوو، لـەو ڕۆژەوە چـاوەڕێی هـەواڵێك بـووم، بـەڵام چـاوەڕوانییەکەم لێ بـوو بـە چـاوەڕوانی گـۆدۆ و هـیچ هـەواڵێکم پـێ نەگەیشت.

دوای مانگێـك، ڕۆژێـك دکتـۆر سـەعدی بـەرزنجی چـاوی پـێم کـەوت وتی: پیرۆزباییت لێدەکەم.

منیش وتم: بۆچی؟

وتی: چۆن هیچیان پێ نەوتووی؟

منیش وتم: وەکو چی؟

وتی: لەم ڕۆژانە، سەرۆکی حکومەت بەڕێوەبەری نووسینگەی خۆی ناردە لای من و داوای ڕای منی کرد لەبارەی داواکارییێکت بـۆ خوێنـدنی دکتۆرا، منیش پشتگیریم کردیت.

کە ئەمەی وت، زۆر دڵم خۆش بوو، لە دڵی خۆمـدا وتم (خێـری تێـدا بوو کە ئەو بڕە پارەیەی کە حکومەت بۆی خەرج کردم، لێیان خواردم، دەنا دەبوو ماوەی دوو ساڵان لە ماڵ و منداڵەکانم دوور بکەومەوە).

تاکو ماوەیەك چاوەڕێی گەیشتنی نووسراوی ئەنجوومـەنی وەزیـرانم کرد، بەڵام ئەویش بە دەردی بڕە پارەکە ڕۆیشت و نەگەیشتە دەستم.

ناچاربووم جارێکی تر سەردانی ئەنجوومەنی وەزیران بکـەم و بچـمە لای حاجی یوسف و لە سۆراغی داواکارییەکەم بپرسمەوە.

وتی: تۆ کەسێکی بێ بەختی، سەرۆکی حکومەت دەیەوێ شتێکت بۆ بکات، بەڵام بەختت نییە، هەرجاری بەهۆی شتێك ناکرێت.

منیش وتم: سەبارەت بە هاوکارییە داراییەکە، وەکو پێم وتی نەگەیشتۆتە دەستم و نازانم چی بەسەرهات، سەبارەت بەو داواکارییە نوێیەشم، دکتۆر سەعدی بەرزنجی پێی وتم کە ڕەزامەندیم بۆ کراوە. جا نازانم کێشە چییە.

وتی: ڕاستییەکەی سەرۆکی زانکۆ ڕای لەگەڵ نەبوو، وتی (نامەوێ ئەم دەرگایە بکرێتەوە و کەس لە ڕێنماییەکان هەڵاوێرد بکرێت).

***

# سەرۆکی زانکۆ وتی عەبدی مەئموورم

پاش ئەوەی کە زانیم سەرۆکی زانکۆ پشتگیریی داواکارییەکەمی نەکردووە، چوومە نووسینگەکەی و داوای بینینیم کرد. سکرتێرەکەی وتی: کاتێکی باش هاتیت، ئێستا کەسی لەلا نییە، ئێستا ئاگاداری دەکەمەوە، ئینجا بڕۆ لای.

پاش ئەوەی سکرتێرەکەی چووە لای، دوای تۆزێك هاتە دەرەوە و پێی وتم: دەتوانی بچیتە لای، بەڵام ئاگاداری کات بە، زۆر لەلای مەمێنەوە، دوای نیو کاتژمێری تر دەچێتە دەرەوە.

منیش وتم: منیش تەنها بۆ دوو قسە دەچمە لای.

ئەوەبوو، کە چوومە لای، پێشوازی لێکردم و وتی: فەرموو دانیشە؟

منیش وتم: بۆ ئەوە نەهاتووم لەلات دابنشم، گلەییێکم لێت هەیە، هاتووم پێت بڵێم.

کە وام پێی وت، ڕەتکردنەوەی داواکارییەکەی منی بیر کەوتەوە، وتی: ئەگەر مەبەستت ئەو داواکارییەیە کە بۆ خوێندنی دکتۆرا دابووتە سەرۆکی حکومەت، نابێت گلەییم لێ بکەیت. چونکە داواکارییەکەت لەگەڵ ڕێنماییەکان نەدەگونجا.

منیش وتم: بەڵام ئێوە هیچ بژاردەیەکی ترتان لەبەردەم ئێمە نەهێشتۆتەوە بۆ تەواوکردنی خوێندنی دکتۆرا.

وتی: مەبەستت چییە؟

وتم: حکومەتی ناوەند متمانە بە بڕوانامەکانی ئێمە ناکات و لە زانکۆکانی خۆی وەرمان ناگرێت. دوای هەوڵ و ماندووبوونێکی زۆر توانیمان لە ڕێگای دروستکردنی پەیوەندییەوە، ڕاگری (معهد التأريخ والتراپ العلمی) لە دکتۆرا وەرمانبگرێت. کەچی ئێوە بە بڕیارێکی نادادپەروەر ئێمەتان خستە بارودۆخێکی وەهاوە، لە وازهێنان بەو لاوە هیچ بژاردەیەکی ترتان بۆ ئێمە نەهێشتەوە. ئێستاش سەرۆکی حکومەت لەسەر قسەی تۆ، داواکارییەکەی منی لای خۆی خەواندووە.

کە وام پێی وت، لە پشت مێزەکەی لاکەوت و لە سەر کورسییەکەی بەرامبەرم دانیشت و وتی: تۆ مامۆستای یاسایت، نابێ لەسەر ئەوە گلەییم لێ بکەیت، چونکە داواکارییەکەت پێچەوانەی یاسا و ڕێنماییەکانی زانکۆ بوو.

کە وای وت، منیش ناوی کۆمەڵێك بەرپرسی حیزبی و حکومیی باڵام پێ وت، کە بە فەرمانی تایبەتی بەدەر لە یاسا و ڕێسای وەرگرتنی قوتابیان، لە کۆلێژەکەمان وەرگیراون و پێم وت: ئەدی بۆ وەرگیرانی ئەم هەموو بەرپرسانە چی دەڵێیت، کە بە فەرمانێکی تایبەت و بەدەر لە یاسا و ڕێساکان وەرگیراون؟!

ئەویش وتی: دەسەڵاتی ڕەفزکردنی ئەو فەرمانەم نەبوو. من عەبدی مەئموورم، فەرمانییان پێکردم، منیش جێبەجێم کرد. ئەگەر بۆ تـۆش پرسیان پێم نەکردبا و فەرمانیان بۆت دەرهێنابوایە ڕەتم نەدەکردەوە.

منیش وتم: ئەگەر بمزانیبا تۆ عەبـدی مـەئمووریت، نەدەهاتمـە لات. بۆچی هێندە ئاسانە فـەرمانێکت بـۆ بێـنم. ئـەوان بەرپرسـی گـەورەن، هەرکاتێك بیانـەوێ بـە چـاو تررووکانێـك دەتـوانن چـاویان بـە سـەرۆکی حکومەت بکەوێت و چییان بوێت بۆیان دەکات، بەڵام من دوای هـەوڵ و تەقەڵایەکی زۆر ئینجا توانیم داواکارییەکەمی بگەیەنمە دەستی. کەچی بە قسەیەکی تۆ هەموو خەونەکانم بەتاڵ بوون و بێ ئومێدت کردم.

کە ئەمـەم پێـی وت، ڕەنگـی دەموچـاوی وەکـو پـەلکی پیـاز سـپی هەڵگەڕا، زۆر خەفەتی لە قسەکانم خوارد، لـە تـاوان لەشـی وەکـو کـێچ دەلەرزی.

کـــە تەماشـــای ســـەرو ســـیمای ســـەرۆکی زانکـــۆم کـــرد و بـــەو شپرزەیییەوە بینیم، لـە دڵـی خۆمـدا وتم (ئـەو پیـاوە لەگـەڵ قسـەکانم ڕووخاوە، ئەگەر ئێستا جەڵتە لێی نەدا، تا ژیانی ماوە لێی نادات).

هەستام ویستم بچمە دەرەوە، باوەشـی پێـدا کـردم و وتـی: دەزانم زۆر لێم دڵگرانیت، بەڵێنت پێدەدەم لە داهاتوو بۆت قەرەبوو بکەمەوە.

منیش وتم: ئەم داواکارییە تاکە هیوای من بوو، بەڵام بـە وشـەیەکی تۆ فت بوو، ئەم ناهەقییە بە هیچ شتێك قەرەبوو ناکرێتەوە.

ئەمەم وت و ڕۆیشتمە دەرەوە.

# سه‌رۆکی زانکۆ ده‌ستی له کار کێشایه‌وه

دوای چه‌ند ڕۆژێك ده‌نگۆی ده‌ست له‌کارکێشانه‌وه‌ی سه‌رۆکی زانکۆ له‌ناو مامۆستایان بڵاو بۆوه. زۆرم به‌لاوه سه‌یر بوو، که‌سێك ئه‌و هه‌موو سه‌رپێچییانه‌ی بۆ گه‌وره به‌رپرسان کردبێت و له به‌رامبه‌ریان خۆی به عه‌بدی مه‌ئموور بزانێت، بۆچی ده‌ست له‌کار ده‌کێشێته‌وه.

که چوومه بنج و بنه‌وانی هه‌واڵه‌که، پێیان وتم (ویستوویانه ده‌ست له کاروباره‌کانی زانکۆ وه‌رده‌ن و فه‌رمانێکی نایاسایی تری به‌سه‌ر تێپه‌ڕێنن. ئه‌ویش قبووڵی نه‌کردووه و ده‌ستی له کار کێشاوه‌ته‌وه).

که ئه‌وه‌م زانی، ئه‌و مرۆڤه‌م له‌لا گه‌وره‌تر بوو، ئه‌و تێڕوانینه نێگه‌تیڤه‌ی به‌رامبه‌ر ئه‌و هه‌مبوو، نه‌م ما.

به‌هه‌رحاڵ، ده‌ست له‌کارکێشانه‌وه‌ی سه‌رۆکی زانکۆ بۆ من هیچی له مه‌سه‌له‌که نه‌گۆڕی، جارێکی تر بیری خۆم کۆکرده‌وه و بڕیارمدا به‌هه‌ر نرخێك بێت خۆم بگه‌یه‌نمه ده‌ره‌وه‌ی وڵات و له‌وێ درێژه به خوێندنم بده‌م.

پارچه زه‌وییێکم له گه‌ڕه‌کی باداوه، له نزیك شه‌قامی سه‌دمه‌تری هه‌بوو، بۆ فرۆشتن له نووسینگه‌ی فرۆشتنی زه‌ویوزار تۆمارم کرد.

بەخت یاوەرم بوو، نرخی زەویوزار بەرز ببۆوە، چل هەزار دیناری سویسری بۆ کردم. بەو بڕە پارەیە دەمتوانی بچمە یەکێك لە وڵاتە عەرەبییەکان. بۆ بەیانی چوومە کۆلێژ داواکارییێکم بۆ ڕاگری کۆلێژ نووسی و تیایدا داوای خۆتەرخانکردنی زانکۆییم بۆ ماوەی دوو ساڵ لێی کرد بە مەبەستی خوێندنی دکتۆرا لە دەرەوەی وڵات.

کە چوومە لای، یاریدەدەری سەرۆکی زانکۆی لەلا بوو، دوای سڵاوکردن، داواکارییەکەم لەبەردەمی دانا. کە تەماشای کرد، پێچایەوە و دایەوە دەستم و وتی: ڕازی نیم.

منیش وتم: خەریکە تەمەنم بەسەر دەچێت، لە بەغداد شوێنێکمان بینییەوە لێی بخوێنین، لەگەڵ سەرۆکی زانکۆ ڕێکریتان لێکردین و لێنەگەڕان بخوێنین. هیچ هیوایەکیش نییە لە ئایندەیەکی نزیك لێرە خوێندنی دکتۆرا بکرێتەوە، بۆیە ناچارم سەری خۆم هەڵبگرم و لە دەرەوەی وڵات بخوێنم.

وتی: تەنها ئەم ساڵ لەسەرم ڕاوەستە، ئەگەر ساڵی داهاتوو خوێندنی دکتۆرامان بۆتان نەکردەوە، ئەوکات ڕەزامەندیت بۆ دەکەم.

منیش وتم: گومانم لە دڵسۆزی تۆ نییە، ئەگەر بە دەستی تۆ بوایە، دەمێك بوو خوێندنی دکتۆرات لێرە دەکردەوە، بەڵام تۆ بە تەنها چیت پێدەکرێت؟

وتی: بەڵێنت پێ دەدەم ئەگەر لە دەرەوەی هەرێمی کوردستان مامۆستام هێنابێت، خوێندنی دکتۆرا دەکەمەوە.

**بەم شێوەیە، بیرۆکەی چوونە دەرەوەی وڵاتم لە مێشکم دەرهێنـا و بە ئومێدەوە چاوەڕێم کرد.**

***

# لە دکتۆرا وەرگیرام

ســاڵ ســووڕایەوە، ڕاگــری کۆلێــژ بەڵێنەکــەی خــۆی هێنایــەدی، خوێندنی دکتۆرای بۆ کردینەوە. ئێمـە، ئـەو مامۆسـتایانەی بڕوانامـەی ماستەرمان هەبوو، ژمارەمـان هەشـت کـەس بـوو، کەچـی تـەنها پێـنج کورسی راگەیێندرابوو. یەکێك لەو مامۆسـتایانە، ڕاگـری کۆلێـژی مـافی ئێـواران بـوو، لەبــەر ســەرقاڵی بــە ئیشــوکاری کۆلێــژ، نەهاتــە نــاو کێبڕکێیەکـەوە. بـەڵام ئـەوانی تـر هـەر هـەموویان وەکـو مـن پەرۆشـی تەواوکردنی خوێندن بوون، بۆیە هاتنە ناو کێبڕکێیەکەوە.

ڕۆژێــك بــە ئیشــوکاری بەشــی یاســا چــوومە لای ڕاگــری کۆلێــژ، نیزامــەدین گلــی لــەلای دانیشـتبوو، باسـی هەنـدێك بابـەتی تایبـەت بـە خۆیــان دەکــرد. ویســتم بچــمە دەرەوە، نیزامــەدین گلــی وتــی: وەرە ژوورەوە، تۆ کەسێکی غەریب نیت.

نیزامەدین گلی، هەرچـەند پارێزگـاری شـاری کـەرکوك بـوو، کەچـی ئۆفیسەکەی لە شاری هەولێر بوو، چونکە حکومەتی عێراقـی کەسـێکی تری لە پشکی یەکێتی نیشتمانی کوردستان لەو پۆسـتە دامەزرانـدبوو. بۆیــە وێــڕای کارەکــەی خــۆی، لــە کۆلێــژی یاســا، وانــەی (أصــول

المحاكمات)ی بە قوتابیانی پۆلی چوار دەوتـەوە. کـە منـی بینـی، پێـی وتم: لەکاتی خۆیدا هاتیت، ئەنجامی ئەزموونـەکانی کێبڕکێـی خوێنـدنی دکتۆرات وەرگرتۆتەوە؟

منیش وتم: نەخێر هێشتان وەرمان نەگرتۆتەوە.

ئەویش وتی: چۆن وەڵامت داوەتەوە؟

وتم: بەڕای خۆم باشم وەڵام داوەتەوە.

وتی: کەواتە لە ئێستاوە پیرۆزباییت لێدەکەم.

وتم: نازانم وەردەگیرێم یان نا، ئەوەیان ڕاگر دەزانێت.

کە وام وت، ڕووی لە دکتۆر سەعدی کرد و پێی وت: ناوی مامۆسـتا لەناو وەرگیراوەکانە یان نا؟

وتـی: هـەموویان لـە ئـەزموونی کێبڕکـێ سـەرکەوتوو بوونـە، تـەنها یاریدەدەرەکەی من نەبێت، کەوتووە و وەرناگیرێت.

کـە ئەمـەی وت، لـە خۆشـییان قاچـەکانم زەوییـان نـەدەگرت. ئـەو ئیشەی کە بۆی چووبووم، جێبەجێم کرد و هاتمە دەرەوە.

کە گەڕامەوە ژوورەکەی خـۆم، لـە ڕێگـا چـاوم بـە سـەرۆکی بەشـی یاسا کەوت، وتی: دڵخۆشیت، دەڵێی هەواڵێکی خۆشت زانیوە؟

وتم: تـۆ دەزانیـت بۆچـی دڵخۆشـم، چـاوەڕێم دەکـرد تـۆ هـەواڵی وەرگیرانم لە دکتۆرا پێ بڵێیت.

وتی: دڵنیا نەبووم ئایا تۆ وەردەگیرێیت یان یاریدەدەری ڕاگر هەرچەند ئەو لە ئەزموونەکان دەرنەچووبوو، وەکو تۆ بێ پشت نییە، دەتوانێ بگاتە هەموو شوێنێك.

بەم شێوەیە، دوای چەند ڕۆژێك بە فەرمی ئەنجامەکان ڕاگەیەندران و لە خوێندن دەستبەکار بووم.

سەرۆکی بەش قسەکەی ڕاست دەرچوو، یاریدەدەری ڕاگریش بە نووسراوێکی تایبەت بەدەر لە ڕێنماییەکان، وەرگیرا و ئەویش لەگەڵ ئێمە دەوامی کرد.

یەکێك لەو کەسانەی وانەی پێ دەوتینەوە، دکتۆر عەبدولحوسێن شەعبان بوو، ڕاگری کۆلێژ گرێبەستی لەگەڵ کردبوو بۆ وتنەوەی وانەی (یاسای مرۆیی نێودەوڵەتی).

دکتۆر عەبدولحوسێن شەعبان خەڵکی شاری نەجەف بوو، لە بەریتانیا دادەنیشت، وەکو چالاکوانێکی بواری مافی مرۆڤیش بەشداری زۆربەی چالاکییەکانی هەرێمی کوردستانی دەکرد، خۆی بە دۆستی کورد دادەنا، بۆیە کوردی خۆشدەویست.

لەبەر ئەوەی وانەکانی بە چڕی و لەدوای یەك پێ دەوتینەوە، بۆیە فریای نووسینەوەیان نەدەکەوتین. بۆیە داوام لە ڕاگری کۆلێژ کرد، ڕەزامەندی بدات بۆ کڕینی ڕیکۆردەرێك و ژمارەیەك کاسێتی تۆمارکردن، بۆ تۆمارکردنی وانەکانی.

ڕاگری کۆلێژیش بیرۆکەکەی بەلاوە باش بوو، بۆیە فەرمانیدا بە کڕینی ئەو پێداویستییانە و وتی: ئەم ڕیکۆردەرە لە منەوە دیاری بێت بۆ تۆ، دوای تەواوبوونی کۆرسی خوێندن بۆ کاری خۆت بەکاری بێنە.

منیش وتم: ئاخر ئەم ڕیکۆردەرەی کە من دەمەوێ گران بەهایە و نرخەکەی هەزار دیناری سویسرییە، چۆن دەبێ بۆ من بێت.

وتی: بۆ تۆ هەزار دینار چییە، مادام تۆ هەندە خەمخۆری تۆمارکردنی ئەم وانانەیت، دەکرێ بۆ شتی تریش سوودی لێ وەربگریت.

ئیتر ئەوەبوو هەر ئەو ڕۆژە لەگەڵ لیژنەی کڕین چوومە بازاڕ و ڕیکۆردەرێکی یابانی باشم کڕی لەگەڵ هەندێك کاسێتی تۆمارکردن.

ڕۆژانە ڕیکۆردەرەکەم لەگەڵ خۆم دەبردە هۆڵی وانە وتنەوە، وانەکانی دکتۆر عەبدولحوسێن شەعبانم پێی تۆمار دەکرد. قوتابییەکانی تریش ڕۆژانە کاسێتەکانییان لە من وەردەگرت و دەیانبردەماڵەوە و بەتاڵییان دەکردنە سەر کاغەز.

بەم شێوەیە، هەمووما وەکو تیمێك کارمان دەکرد و لەگەڵ تەواوبوونی کۆرسی خوێندن ئێمەش لە تۆمارکردن و تایپکردنی کاسێتەکان بووینەوە.

هەروەها ڕاگری کۆلێژ بۆ وتنەوەی وانەی یاسای بازرگانی، قسەی لەگەڵ دکتۆر کامەران ساڵەیی کرد. ئەو نوێنەری شەریف عەلی ئامۆزای مەلیك فەیسەڵ بوو. ڕەگەزنامەی بەریتانیای هەبوو، ماوەیەك بوو

گەڕابۆوە هەرێمی کوردستان و لە شارۆچکەی عەنکاوە بارەگایەکی بە ناوی (بزاڤی پاشایەتیی دەستووری) کردبۆوە و ڕۆژنامەیەکیشی هەر بەو ناوە دەردەکرد و جەوهەر غەمگینی چیرۆکنووس سەرنووسەری بوو.

لەبەر سەرقاڵییان، ڕاگری کۆلێژ نەیتوانی لەکاتی دەوامی فەرمی وانەمان پێ بڵێتەوە، بۆیە ئێواران لە ژوورەکەی خۆی وەری دەگرتین.

بەپێی ڕێنماییەکان دەبوو هەموومان خۆمان تەرخان بکەین بۆ خوێندن و دەست لەکار هەڵبگرین. دوو مامۆستا لەوانەی کە لەگەڵ ئێمە دەیانخوێند، یەکیان سەرۆکی بەش بوو، ئەوی تریش یاریدەدەری ڕاگر بوو، دەستیان لە کارەکانیان هەڵنەگرتبوو. ڕۆژێك لە ناو وانەوتنەوە، پێی وتن (دەبێ خۆتان بۆ خوێندن تەرخان بکەن و دەست لە کار هەڵبگرن). سەرۆکی بەشی یاسا کۆلێژی ماف کە قوتابی بوو لەگەڵ ئێمە، بە ڕاگری کۆلێژی وت: یاریدەدەرەکەت لەپاڵ خوێندنی دکتۆرا، ئیشوکارەکانی خۆشی بە باشی دەکات، بۆچی هەڵاوێردی بۆ ناکەیت و لە ڕێنماییەکان نایبەخشیت؟

ئەویش وتی: تۆ داوای هەڵاوێردکردن بۆ خۆت دەکەیت یان بۆ ئەو؟

ئەویش وتی: بۆ هەردووکمان.

ڕاگری کۆلێژیش وتی: من دەزانم تۆ خەمی خۆتە، ناتەوێ کەسێکی تر لە شوێنت دابنێم، بۆیە وا دەڵێی.

ئـەویش وتـی: چـی تیایـە ئەگـەر وەکـو براگەورەیـەك ئـەوەمان بـۆ بکەیت.

ئەوی ڕاستی بێت، بەلاش نەیانوتووە (شێخ بە و لەسەر بەردی بـە) سەرۆکی بەشی یاسای ئێـواران شـێخ بـوو، لـە هـەمووشمان بەتەمـەنتر بـوو، یاریـدەدەری ڕاگـریش لـە بنەماڵەیـەکی دەوڵەمەنـد بـوو، بۆیـە چاوپۆشـی لێ کـردن و لـە ڕێنمایییـەکانی خۆتـەرخانکردن هـەڵاوێردی کردن.

ڕاگـری کۆلێـژ دەرچـووی زانکـۆی سـۆربۆنی فەڕەنسـی بـوو، تێـزی دکتۆرایەکەی بە زمانی فەڕەنسـی نووسـرابوو، لەسـەر داوای ئێمـە، بـە زمـانی کـوردی پێـی دەوتینـەوە. ئێمـەش گوێیـەکانی خۆمـان قـوڵاخ کردبوو، قەڵەم و کاغەزمان بە دەستەوە بوو، وەکـو تیمێـك هـەموومان تۆمارمـان دەکـرد و لـە ماڵـەوەش پاکنووسمـان دەکـردەوە و دوایـیش تاییمان دەکرد. لەگەڵ مامۆستاکان وەکـو یـەك خێـزان وابـووین، بۆیـە مامەڵەیان لەگەڵ ئێمە تایبەتی بوو.

خوێنـدنی کۆرسمـان تـەواو کـرد، خـەریکی تۆمـارکردنی ناونیشـانی تێـزی دکتـۆرا بـووین. بڕیارمـدا لەسـەر یاسـای مرۆیـی نێودەوڵـەتی بنووسم. بۆ ئەم مەبەستە پەیوەندیم کرد بە دکتۆر کامـەران سـاڵەیی و لەگەڵی ڕێککەوتم کە بە ناونیشـانی (المفهـوم المعاصـر للقـانون الـدولی الانسانی) بنووسم.

هێشتان فەرمانی زانکۆیی بۆ پەسندکردنی ناونیشانی تێزەکەم دەرنەچووبوو، سەرپەرشتیارەکەم گەڕایەوە ئەوروپا و بەجێی هێشتم. بەڵام من گوێم پێی نەدا، خەریکی ئیشوکارەکانی خۆم بووم، لە بیری خۆمدا وتم (تاکو بەشێك دەنووسمەوە، ئەویش دەگەڕێتەوە، ئینجا پیشانی دەدەم).

بەڵام وا دەرنەچوو، نزیکەی شەش مانگ ئیشم لە توێژینەوەکەم کرد، هیچ دەنگی نەبوو. ئەوکاتیش وەکو ئێستا خزمەتگوزاری ئەنتەرنێت لە کوردستان بەردەست نەبوو، بۆیە چەند جارێك بە فاکس پەیوەندیم پێوە کرد، کە بێ ئومێدبووم لە گەڕانەوەی، بە ناچاری ناونیشانی تێزی دکتۆرایەکەمم گۆڕی و بڕیاریشمدا بە زمانی شیرینی کوردی بینووسمەوە.

دوای ڕاپەڕین وەرچەرخانێکی مێژوویی لە بواری ئازادیی ڕۆژنامەگەری ڕوویدا، دەیان ڕۆژنامە و گۆڤار لە شارەکانی کوردستان دەردەچوون، بە پێچەوانەی شارەکانی تری عێراق، کە ژمارەی ئەو ڕۆژنامە و گۆڤارانەی کە لەوێ دەردەچوون، بە پەنجەی دەست دەژمێردران. بۆیە بە باشم زانی لە تێزی دکتۆرایەکەم، بەراوردێك لە نێوان ئازادیی ڕۆژنامەگەری لە نێوان هەرێمی کوردستان و شارەکانی تری عێراقدا بکەم، هەروەها هەردووکیشیان بەراورد بکەم لەگەڵ فەڕەنسا و میسر.

دکتۆر سەعدی بەرزنجی پێشتر لە ئیزگەی دەنگی کوردی بەغداد بەرنامەی یاسای هەبوو، هەروەها پێش ڕاپەڕین دوو کتێبی یاسای بە زمانی کوردی بڵاو کردبۆوە، کەسێکی شارەزا و لێهاتوو بوو، تەنانەت لە دوای ڕاپەڕینیش کاتێك قادر جەباری وەزیری دادی هەرێمی کوردستان، لیژنەیەکی لە من و چەند پارێزەرێك پێکهێنا بۆ بە کوردیکردنی فۆرمەکانی دادگا و دانانی فەرهەنگێکی یاسایی بە زمانی کوردی و عەرەبی، زۆرجار بۆ ڕاوێژکردن سەردانی ئەومان دەکرد. بۆیە داوام لەو کرد ببێتە سەرپەرشتیاری تێزی دکتۆرایەکەم. ئەویش وێڕای قبوڵکردنی داوایەکەم، بیرۆکەی نووسینەوەی تێزەکەی بە زمانی کوردی بەلاوە زۆر باش بوو، وتی: بڕیارێکی باشت داوە، لە دوای ڕاپەڕین چەند نەوەیەك لە دایك بوونە، لە کەش و هەوای ئازادیی چاویان هەڵێناوە، ئاشنایەتییان لەگەڵ زمانی عەرەبی نییە، ئەم حاڵەتەش بەردەوام دەبێت و بە لە دایکبوونی هەر نەوەیەك لە داهاتوودا زیاتر پێویستمان بەوە دەبێت ژێرخانێك بۆ کتێبخانەی یاسا بە زمانی شیرینی کوردی دابنێین.

بەم شێوەیە، دەستخۆشی لێکردم و وتی: هەرچەند کارەکەی تۆ لە کاری هاوڕێکانت قورستر دەبێت، بەوەی کە دەبێت گشت سەرچاوە عەرەبییەکان بخوێنیتەوە و جارێکی تر وەریانبگێڕیتە سەر زمانی کوردی، ئینجا بەکاریان بهێنیت. بەڵام لەبیرت نەچێت تۆ دەبیتە یەکەم کەس کە تێزی دکتۆرایەکەی بە زمانی کوردی نووسیبێتەوە.

وتەکانی دکتۆر سەعدی زیاتر هانیدام بەسەر کۆسپەکان زاڵ بم و بەردەوام بم لە کارەکەم. وەکو وتم، لایەنێکی توێژینەوەکەم، ئازادیی ڕۆژنامەگەری بوو لە وڵاتی فەڕەنسا. بۆیە پێویستم بە یاسای ڕۆژنامەگەریی فەڕەنسی بوو، تاکو بەراوردی بکەم لەگەڵ یاساکانی میسر و عێراق و هەرێمی کوردستان.

هاوڕێیەکی قوتابیم هەبوو، پێشتر لە ماستەر ناوی لەگەڵ ئێمە دەرچووبوو، بەڵام دوایی کورسییێکی خوێندنی لە لایەن (ئەنیستیتۆی کوردی لە فەڕەنسا) لە زانکۆی سۆربۆن بۆ تەرخان کرا و ڕۆیشتە ئەوێ بۆ تەواوکردنی خوێندن. جا ئەوەبوو پەیوەندیم بە باوکییەوە کرد، کە پێشتر وەزیری دادی هەرێمی کوردستان بوو، کە من پارێزەریم دەکرد، ئەوم لە نزیکەوە دەناسی، بۆیە چوومە لای و داوام لێی کرد، کە پەیوەندی بە کوڕەکەی بکات و نوێترین یاسای ئازادیی ڕۆژنامەگەریی فەڕەنسام بۆ بنێرێت.

***

# عەزیز نەباتی

دوای چـەند ڕۆژێـك یاسـای ڕۆژنامەگـەری فەڕەنسـیم بەدەسـت گەیشـت، زۆر هەوڵمـدا لـە ڕێگـای فەرهـەنگی زمـانی فەڕەنسـی و عەرەبییـەوە وەری بگێڕمـە سـەر زمـانی کـوردی، بـەڵام سـەرکەوتوو نەبووم. ناچاربووم هانا بۆ دکتۆر عەبـدوڵڵا حـەداد و نـەجاتی عەبـدوڵڵا ببـەم. عەبـدوڵڵا حـەداد لـە زانکـۆی سـۆربۆنی فەڕەنسـی خوێنـدنی دکتـۆرای تـەواو کردبـوو، سـەردانم کـرد و لـە باخچـەی ماڵـەوەیان دانیشتین، ئەویش وەکو من سەیری فەرهەنگی دەکرد و وشـە بـە وشـە یاسایەکەی وەردەگێڕایە سەر زمانی کوردی. هەستم کرد لەبـەر تەمـەن و دابڕانی لە زمانی فەڕەنسی، ئاشـنایەتی لەگـەڵ ئـەو زمانـە نـەماوە و زۆر پێیەوە ماندوو دەبێت.

نـەجاتی عەبـدوڵڵاش قوتـابی دکتـۆرا بـوو لـە فەڕەنسـا، بەشـێکی یاسایەکەی لەگەڵ خۆی بـردەوە فەڕەنسـا و بـەڵێنی پێـدام لـەوێ بـۆم وەربگێڕێتە سەر زمانی کوردی و دواتر بە کەسێك بۆم بنێرێتەوە.

ماوەیەك چاوەڕێم کرد، وەکو کورد وتەنی (قەل چوو خەبەریش چوو) نە نەجاتی عەبدوڵڵام بینییەوە نە مەلزەمەکەشم گەیشتەوە دەست!!

ناچاربووم بیر لە کەسێکی تر بکەمەوە کە هاوکاریم بکات و یاسایەکەم بۆ وەربگێڕێت. ئەوەبوو، ڕۆیشتمە لای دکتۆر فەرهاد پیربالّ و ئەو داوایەم لێی کرد. ئەویش تەماشایەکی یاسایەکەی کرد و پێی وتم: وەرگێڕانی ئەم یاسایە کاتێکی زۆری دەوێ، تا چەند دەتوانی چاوەڕێ بکەیت؟

منیش وتم: تۆ دەتوانی لەماوەی چەند ڕۆژدا ئەم کارەم بۆ بکەیت؟

وتی: لە ماوەی یەك مانگ دەتوانم بۆت تەواو بکەم.

منیش وتم: با دوو مانگ لای تۆ بمێنێتەوە، گرینگ ئەوەیە بۆم تەواو بکەیت.

کە وام پێی وت، جارێکی تر تەماشای دەقەکانی یاسایەکەی کردەوە و پێی وتم: با ڕاشکاویم لەگەڵت، وەرگێڕانی ئەم یاسایە کاتێکی زۆری دەوێ، منیش ئەوکاتەم نییە، داوای لێبووردنت لێدەکەم.

منیش یاسایەکەم لێی وەرگرتەوە و پێم وت: سوپاست دەکەم کە لەگەڵم ڕاستگۆ بوویت و لە چاوەڕوانیدا نەتهێشتمەوە.

ئیتر ئەوەبوو، زۆر بیرم کردەوە پەنا بۆ کێ ببەم تاکو ئەو یاسایەم بۆ وەربگێڕێتە سەر زمانی کوردی. ئەوەبوو مامۆستا عەزیز نەباتیم

بیرکەوتـەوە. ئـەو پێشـتر زانسـتەکانی ئـایینی مەسـیحی بـۆ بـوون بـە قەشە، لە فەڕەنسا خوێندبوو، ماوەیەك لە فەڕەنسا ژیابوو، بەڵام وازی لـە خوێنـدنی ئـایینی هێنـابوو، گـەڕابۆوە هـەولێر و لـە شارۆچـکەی عەنکاوە دادەنیشت.

لە خوێندنی ماستەریش دوو کۆرسی زمانی فەڕەنسی پێ وتینـەوە، بۆیە لەگەڵ ئەو وەکو دوو هاوڕێمان لێ هاتبوو. بۆیە بڕیارمـدا سـەردانی بکەم و ئەم داوایەی لێبکەم.

عەزیز نەباتی کـە بـە قەشـە عەبدولعـەزیز ناسـرابوو، دووکـانی جـل دوورینی لە نهۆمی سەرەوەی بازاڕی سیروان هەبوو، جلوبەرگی ژنانـەی دەدووری. هەرچـــەند خـــۆی کـــاری نـــەدەکرد، شـــاگردێکی لەســـەر دووکانەکەی دانابوو، بەڵام زۆربەی کات لە دووکانەکەی بوو.

چوومە لای و ئەم داوایەم لێی کرد. کە چاوی بـە یاسـایەکە کـەوت، وتی: هەرچەندە ئەمە کارێکی ئاسان نییـە بـۆ مـن، چـونکە وەرگێڕانـی دەقێکی یاسایی لە دەقێکی ئەدەبی قورسترە، بەڵام بـۆت دەکـەم، بـە مەرجێك ماوەم پێبدەیت و پەلەم لێ نەکەیت.

منیش وتم: هیچ پەلـەم نییـە، تـا مـن لـە نووسـینەوەی دەسـتپێکی تێزەکەم دەبمەوە، ئیشم پێی نابێت. تا ئـەوکاتیش ماوەیـەکی زۆرمـان لەپێشە.

بەم شێوەیە یاساکەی لێ وەرگرتم و خستییە ناو جانتاکەی. منـیش خواحافیزیم لێی کرد و بەجێم هێشت.

دوای تێپەڕبوونی نزیکەی یەك مانگ، پاش ئەوەی لـە نووسـینەوەی دەستپێکی تێزی دکتۆرایەکەم بوومەوە، بە باشم زانی سەردانی بکـەم. کە چـوومە دووکانەکـەی، تـەنها شـاگردەکەی لـەوێ بـوو، لـێم بپرسـە: دەمەوێ چاوم بە مامۆستا عەزیز بکەوێت.

وتـی: لەو ڕۆژەی کە تۆ نووسینەکەت پێـی داوە، نەهاتۆتـە دوکـان، تەنانەت تەلەفۆنیشی بۆ نەکردوومە.

کە وای وت، لە دڵی خۆمدا وتم (ناکات نەخۆش کەوتبێت و دەسـتی لە وەرگێڕانی یاسایەکە نەدابێت).

ناچـاربووم بچـمە شارۆچـکەی عـەنکاوە و لـە ماڵـەوەیان سـەردانی بکەم. کە زەنگم لێدا، هاوسەرەکەی دەرگـای لـێم کـردەوە و وتـی: تـۆ کێیت و چیت دەوێ؟

منیش خۆم پێی ناساند و وتم: دەمەوێ مامۆستا عەزیز ببینم.

هاوسەرەکەی وتی: عەزیز زۆر سەرقاڵە، لە بەیانییەوە تاکو ئێـوارە دەچێتە ژوورەکەی، دەرگا لەسەر خۆی دادەخات و خەریکی نووسینە، نازانم خەریکی چییە، تەنها بۆ نانخواردن لەگەڵمان دادەنیشـێت. نـازانم کاتی دەبێت تۆ ببینێت یان نا؟

ئەمەی وت و چووە ژوورەوە و بە دەنگێکی بەرز بـانگی کـرد وتـی: کەسێك هاتووە بتبینێت.

مامۆستا عەزیز لە ژوورەکەی هاتە دەرەوە، کە چـاوی پـێم کـەوت، وتی: نەمزانی وەرگێڕانی ئەم یاسایە ئەم هەموو کاتەم لێ دەبات، وەکو

مریشك لەسەری کورك بـووم، دەسـتم لێـی هەڵنـەگرت تـا تۆزێـك پـێش ئێستا تەواوم کرد.

لە درێژەی قسەکانیدا وتی: دەتوت لەناو دڵمدایت، هێندە نابێت لـە وەرگێڕانی بوومەتەوە، دەمویست تەلەفۆنت بۆ بکەم.

سوپاسـگوزاری بـووم، دەسـتم بـردەوە نـاو گیرفـانم، بڕێـك پـارەم دەرهێنا و پێم وت: هەرچـەندە ئـەو کـارەی کـە تـۆ کردووتـە بـە پـارە ناخەملێندرێت، بەڵام حەزدەکەم هەندێك پارەم لێ وەربگریت.

کـە وام وت، بـە سەرسـوڕمانەوە وتـی: ئـەوە تـۆ چـی دەکـەیت، دەتەوێ جوێنم پێبدەیت، ئەم کـارەم بـۆ تـۆ نـەکردووە، تـا پـارەت لێ وەربگرم، خۆم حـەزم لێبـوو زانیارییـەکانم نـوێ بکەمـەوە، چـونکە لـە دوای وەرگێڕانی کتێبـی (الکـورد والحـق) لـە زمـانی فەڕەنسـییەوە، لـە وەرگێڕان دوور کەوتبوومەوە، ئەگەر تـۆش ئـەم داوایـەت لێ نـەکردبام، لەوانەیە خۆم کتێبێکی ترم لە زمانی فەڕەنسی وەربگێڕابا.

***

# ڕۆژێکی نوێ هەڵات

ئەو ڕۆژەی تـاوتوێی تێـزی دکتۆراکـەمم کـرد، ماوەیـەکی کـەم بـوو ڕژێمی بەعس لەلایەن ئەمریکاوە ڕووخابوو. ڕۆژێکـی خـۆش و مێـژوویی بوو، بە ڕووخانی ڕژێمی سەدام حوسێن، لە شەو ڕۆژێکدا هەموو شـتێك گۆڕا، ڕۆژگارە تاریك و دژوارەکان بەسەرچوون و ڕۆژێکـی نـوێ هـەڵات. پێشتر ئەو کەسانەی کـە لـە ژێـر دەسـەڵاتی بـەعس نیشـتەجێ بـوون، نەدەوێران بە ئاشکرا هاوکاری زانکۆکانی کوردستان بکەن، بـەڵام دوای ڕووخانی ڕژێم، بـە لێشـاو ڕوویـان لـە کوردسـتان کـرد و هەندێکیشـیان داوای گواستنەوەی ڕاژەیان دەکرد.

کە ئەم دیمەنەم بینی، هەناسەیەکی قووڵم هەڵمژی و لە دڵی خۆمـدا وتم (ڕۆژانێکی زۆر سەختم تێپەڕانـد، تـا بڕوانامـەی دکتـۆرام بەدەسـت هێنا، کەچی ئێستا هەموو شتێك پێچەوانە بۆتـەوە، پێگـەی حکومـەتی هەرێمی کوردسـتان لەچـاو حکومـەتی بەغـداد بـەهێزترە، بـەڵام دیـارە چارەنووسی ئێمە وابوو کە ئەم هەموو دەردە سەرییە ببینین).

هەر لەو ماوەیەدا، زۆرێك لەو کەسانەی دوای ڕاپەڕین سەری خۆیان هەڵگرت و چوونە شارەکانی ژێر دەسەڵاتی بەعس، هەروەها بەشێك لـە

بەرپرسـە باڵاکـانی بـەعس، لەسـەر داوای حیزبـە گـەورەکان گەڕانـەوە کوردستان و لە حکومەتی هەرێم پلەو پایەیان پێدرا.

کـە ئـەم دیمەنـەم بینـی، ئەوەنـدە خەفـەتم لـە مانـدووبوونی خـۆم نەدەخوارد، کە لە پێنـاوی تـەواوکردنی خوێنـدنی دکتـۆرا چێشـتبووم، بـەڵکو زیـاتر خەفـەتم لـە هـاتنی ئـەو بەرپرسـە حیزبییانـەی بـەعس دەخوارد کە گەڕابوونەوە کوردستان و پلە و پایەیان لێرە پێدرابوو.

***

**چیرۆك نووس و رۆمان نووس (کەمال سەعدی) :**

= له ساڵی ١٩٥٦ له شاری هەولێر له دایکبووە.

= بڕوانامەی بەکالۆریۆس و ماستەر و دکتۆرای له یاسا هەیە.

= دەیان کتێبی چاپکراوی له بواری یاسا و ئەدەب و ڕۆشنبیری هەیە.

= دەیان بابەتی ئەدەبی و ڕۆشنبیری و یاسایی لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکان بڵاو کردۆتەوە.

= ئەندامی یەکێتی نووسەرانی کورد و سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستانە.

============================

**ئەو کتێبانەی نووسەر چاپیکردوون له بواری چیرۆك و رۆماندا :**

- شەش کورتە چیرۆکی کوردی — هاوبەش لەگەڵ سابیر ڕەشید.
- ون بوون — کۆمەڵە چیرۆك.
- دەرگا — کۆمەڵە چیرۆك.
- تڕحێو — کۆمەڵە چیرۆك.
- فەنتازیا — کۆمەڵە چیرۆك.
- سەعید زەبۆکی لای خۆمان — رۆمان.
- مەملەکەتی ڕۆبۆتەکان — ڕۆمان
- بیرەوەریی جەنگاوەرێك — ڕۆمان
- حەج و عومرە — ڕۆمان
- خانمباز — ڕۆمان
- رۆمانی ڕۆژگارە تاریك و دژوارەکان — ڕۆمان

============================

= رۆمانی ئاو **ئامادەیە بۆ چاپ**